بیرو باوەڕی کۆمەڵی سەرکەوتوو ڕزگاربوو (٤)

# ڕوناکی خوا بە تەنها ناسین

و

## تـاریـکییەکانی هاوەڵ بڕیـاردان

## بـۆ خـــوای گـــــەورە

## لە ژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتدا

نوسینی :

**د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني**

وەرگێڕانی :

**م.شاخوان جواد أحمد**

پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی (سەید ئەحمەدی فەیلەسوف)

چەمچەماڵ - پیریادی

چاپی یەکەم ١٤٢٩کۆچی-٢٠٠٨زایینی

=======================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿٥٤﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشه‌كی دانه‌ر :

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسانٍ إلى يوم الدين، وسلم تسليمًا كثيرًا، أما بعد:

موسوڵمانی خۆشه‌ویست ئه‌مه‌ی به‌رده‌ستت نامیلكه‌یه‌كی كورته له‌سه‌ر " ڕوناكی خوا به ته‌نها ناسین و تاریكییه‌كانی هاوه‌ڵ بڕیاردان بۆ خوای گه‌وره" تیایدا تێگه‌یشتن له ماناو واتای خوا به ته‌نها ناسین و به‌ڵگه و جۆر و به‌رو بومه‌كانی یه‌كخوا په‌رستیم ڕوون كردۆته‌وه، وه تێیدا ماناو واتای هاوه‌ڵ بڕیارده‌ران بۆ خوای په‌روه‌ردگار و به‌ڵگه‌ی پوچه‌ڵی و نادروستێتی ئه‌م كاره‌م باس كردووه، وه تیایدا باسی شه‌فاعه‌تی ڕێگه پێدراوو ڕێگه پێنه‌دراوم كردووه، وه باسی هۆكاره‌نی هاوه‌ڵ بڕیارده‌ران بۆ خوای په‌روه‌ردگار و جۆرو به‌ش و زیان و شوێنه‌واره خراپه‌كانی هاوه‌ڵ بڕیارده‌رانم بۆ خوای په‌روه‌ردگارم كردووه .

ئه‌وه‌ی گومانی تێدا نییه ئه‌وه‌یه كه خوا به‌یه‌ك ناسین ڕوناكییه‌كه خوای په‌روه‌ردگار ڕێنمونی ئه‌و كه‌سانه‌ی بۆ ئه‌كات و یارمه‌تیان ئه‌دات بۆی كه خۆی ویستی لێ یه، وه هاوه‌ڵ بڕیارده‌ران بۆ خوای په‌روه‌ردگار هه‌مووی تاریكایی و سه‌رلێشێواویه و ڕازێنراوه‌ته‌وه بۆ بێ باوه‌ڕان و موشریكان، هه‌روه‌ك خوای په‌روه‌ردگار فه‌رمویه‌تی: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ (الأنعام: ١٢٢) واتا: ئایا ئه‌و كه‌سه‌ی كه مردبوو ( له گومرایی و سه‌رلێشێواویدا ئه‌ژیا ) ئێمه زیندومان كرده‌وه به ڕوناكی ئیمان وقورئان، ئه‌و كه‌سه ئه‌زانێت چۆن ڕێگه‌ی ڕاست ئه‌گرێته به‌رو هه‌ڵسوكه‌وت ئه‌كات له ناو خه‌ڵكیدا، وه‌كو ئه‌و كه‌سه وایه كه له تاریكاییه‌كانی شیرك و بێ باوه‌ڕی و نه‌زانی و سه‌رلێشێواویدا ئه‌ژێت و ناتوانێت ده‌ر بچێت و ڕزگاری ببێت، به‌و شێوه‌یه هاوه‌ڵ بڕیارده‌ران و بێ باوه‌ری و خراپه‌كاری بۆ بێ باوه‌ڕان ڕازێـنراوه‌ته‌وه .

وه خوای په‌روه‌ردگار ڕوونی كردۆته‌وه كه چه‌ندین ئایه‌تی ڕوون و ئاشكراو به‌ڵگه‌ی دره‌وشاوه‌ی دابه‌زاندووه بۆ سه‌ر پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی (ﷺ) كه گه‌وره‌ترینیان قورئانی پیرۆزه تا به ناردنی پێغه‌مبه‌ران (ﷺ) و ئه‌وه‌ی له قورئان و سوننه‌تدا دایبه‌زاندووه خه‌ڵكی له تاریكاییه‌كانی شیرك و بێ باوه‌ڕی و نه‌زانی و خراپه‌كارییه‌وه ده‌ربێنێت بۆ ئیمان و خوا به ته‌نها ناسین و زانیاری به‌سودو ڕێنمونی ته‌واو، هه‌روه‌ك خوای په‌روه‌ردگار فه‌رمویه‌تی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِۦٓ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٩﴾ ﴾ (الحديد: ٩) واتا: خوای په‌روه‌ردگار ئه‌و خوایه‌یه كه چه‌ندین ئایه‌تی ڕوون و ئاشكراو به‌ڵگه‌ی دره‌وشاوه‌ی دابه‌زاندووه بۆ سه‌ر پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی (ﷺ) تا به هۆی ئه‌و ئایه‌ت و به‌ڵگانه‌وه ده‌رتان بێنێت له تاریكاییه‌كانه‌وه ( تاریكاییه‌كانی شیرك و بێ باوه‌ڕی و نه‌زانی و خراپه‌كاری و .....هتد) بۆلای ڕوناكی خوا به ته‌نها ناسین و سوننه‌ت و زانیاری به‌سودو ڕێنمونی ته‌واو ، وه خوای په‌روه‌ردگار به‌رامبه‌رتان زۆر به سۆزو به‌به‌زه‌ییه ( له كاتێكدا قورئانی بۆ دابه‌زاندون و پێغه‌مبه‌ری (ﷺ) بۆ ناردون تا هیدایه‌ت بدرێن و ڕێنمونی بكرێن بۆ كردنی هه‌موو چاكه‌یه‌ك و دوور بكه‌ونه‌وه له هه‌موو خراپه‌یه‌ك ).

وه ئه‌م نامیلكه‌یه‌م كردۆته دوو به‌شه‌وه، هه‌ر به‌شه‌ی چه‌ند باسێكی له خۆ گرتووه به‌م شێوه‌یه‌ی لای خواره‌وه:

**به‌شی یه‌كه‌م**: ڕوناكی خوا به ته‌نها ناسین .

باســی یەکەم: تێگەیشتن لە ماناو واتای خوا بە تەنها ناسین .

باســی دووەم: بەڵگەکان لەسەر جێگیر کردنی خوا بە تەنها ناسین .

باسـی سێیەم: جۆرەکانی خوا بە تەنها ناسین .

باسـی چوارەم: بەروبومە چاك و سودەکانی خوا بە تەنها ناسین .

**بەشی دووەم**: تاریکاییەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە .

باسـی یەکەم: تێگەیشتن لە ماناو واتای هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار .

باسـی دووەم: بەڵگەکانی پوچەڵ کردنەوەو نادروستێتی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار .

باسی سێیەم: ڕون کردنەوەی شەفاعەتی ڕێگە پێدراوو شەفاعەتی ڕێگە پێنەدراو .

باسی چـوارەم: بەخشەرو ڕژێنەری نیعمەتەکان تەنها ئەوە شایستەی پەرستن بێت .

باسـی پێنجەم: ئەو هۆکارانەی سەر ئەکێشن بۆ هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار .

باسی شەشەم: جۆرو بەشەکانی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار .

باسی حەوتەم: زیان و شوێنەوارە خراپەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار .

داواکارم لەو خوایە بەو ناوە گەورەیەی گەر داوای لێ بکرێت پێی ئەبەخشێت، ئەم کارە پیرۆزە تەنها لەبەر خاتری ئەو بێت، وە سودم پێ بگەیەنێت لە ژیانی دونیاو پاش مردنم، وە سود بە هەموو ئەو کەسانە بگەیەنێ کە ئەگات پێیان، بەڕاستی خوای پەروەردگار باشترین داوا لێکراوە و بەرێزترین ئومێد پێ بووانە، تەنها هەر ئەو پشتیوانمانە وباشترین پشت پێ بەستراوە، وە سوپاس و ستایش بۆپەروەردگاری هەردوو جیهانیان و سەڵات و سەلامی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەو پێغەمبەری (ﷺ) ڕاستگۆی خۆیی و یارو یاوەران و شوێن کەوتوانیان بە چاکی تاڕۆژی دوایی ببێت .

## پێشەکی وەرگێڕ:

موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر ئەتەوێت ئەو مەبەستەی کە خوای پەروەردگار بەندەکانی بە گشتی بۆ دروست کردووە بێنیتە دی و فەرمانی هەرەگەورەی کە ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات: ٥٦) جێ بە جێ بکەیت، ئەگەر ئەتەوێت خێرو بەرەکەتی دونیاو دواڕۆژت بەسەردا بڕێژرێت، ئەگەر ئەتەوێت تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی و سزات لەسەر لابچێت و هێمن و ئارام بیت لە دونیاو دواڕۆژدا، ئەگەر ئەتەوێت خوای پەروەردگار لە تاوانەکانت خۆش ببێت و بتکاتە بەهەشتەوەو لە ئاگری دۆزەخ بتپارێزێت، ئەگەر ئەتەوێت ڕازی بوون و پاداشتی خوای پەروەردگار بە دەست بێنیت و سەرفرازترین کەس بیت لە دوا ڕۆژدا بە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وە هەموو کردەوەو قسەکانت وەربگیرێت و پاداشتی چاك بدرێیتەوە لەسەریان، ئەگەر ئەتەوێت کردنی کردەوەی چاکەت لەسەر شان سوك بێت و وازهێنان لە تاوان کردن لەسەر شان سوك بێت، ئەگەر ئەتەوێت خوای پەروەردگار ئیمان لەدڵتدا جوان و ڕازاوە بکات و بێباوەڕی و تاوان کردن لە دڵتدا قێزەون و ناشیرین بکات، ئەگەر ئەتەوێت ڕازی بیت و بەدڵێکی ئارامەوە هەموو ئەو کارانە وەربگریت کە بەسەرت دێت لە ناخۆشی و ناڕەحەتی، ئەگەر ئەتەوێت ڕزگارت بێت لە زەلیلی و ژێر دەستەیی بەندەکان و تەنها بەندەی خوای پەروەردگار بیت و بەڕاستی و تەنها دڵت پەیوەست بکەیت بەوەوە ، وە کردەوەی کەمت زیاد بکات و تاوانەکانت سوك و کەم بێت، وە خوای پەروەردگار ناخۆشی و ناڕەحەتی دونیاو دواڕۆژت لێبگێڕێتەوەو سەرخەرو یارمەتی دەرت بێت لە دونیاو دواڕۆژدا و ژیانێکی ئاسودەو پڕ لەئارامی و دڵخۆشیت پێ ببەخشێت و دڵ ئارامت بکات بە یادو زیکری خۆی، خوشك و برای بەڕێزم: بۆ بەدەست هێنانی ئەو هەموو کارە پیرۆزو پڕ لەبەرەکەتانە هەوڵ بدە موسڵمانێکی تەنها خوا پەرست بەو خۆت بەدور بگرە لە هاوەڵ و شەریك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، موسڵمانی خۆشەویست پێ دەچێت بەمێشکتدا بێت و بڵێیت ئەبێ موسوڵمانێك هەبێت دوو خوا یان زیاتر بپەرستێت؟ نەخێر، بەڵام هەموو جۆرەکانی عیبادەت

و پەرستنەكانی وەكو پاڕانەوەو ترسان و پشت پێبەستن و ئومێد پێ بوون و مل كەچ بوون و داوای كۆمەك و یارمەتی كردن و لاچونی ناخۆشی و ناڕەحەتی و سەربڕین و نەزر كردن و جگە لەمانەش كە ئەبێت هەموویان تەنها بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدرێن، بۆیە لە كاتێكدا لە غەیری خوا ئەپاڕێیتەوە یان سەربڕین و نەزر كردن بۆ غەیری خوا ئەنجام ئەدەیت، ئەو كارەت ئەبێتە پەرستن و عیبادەت كردنی ئەوەی كە جگە لە خوای پەروەردگار بۆت ئەنجامداوە، خوشك و برای بەڕێزم عیبادەت تەنها بریتی نییە لە نوێژ كردن و ڕۆژوو گرتن و حەج كردن بۆ خوای پەروەردگار، بەڵكو هەر كارێك خوای پەروەردگار فەرمانی پێ كردبوو كە ئەبێت تەنها بۆ خۆی ئەنجام بدرێت، كردن و ئەنجام دانی بۆ خوا بە دڵسۆزی و لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) نیشانەی ئیمان و گوێڕایەڵیە بۆ خوای پەروەردگار، لە هەمان كاتدا كردن و ئەنجام دانی بۆ غەیری خوای پەروەردگار (گەر پێغەمبەران (ﷺ) و پیاوچاكان و فریشتەكانیش بن ) نیشانەی هاوەڵ و شەریك بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، بۆیە لەبەر گەورەیی تەنها خوا بەیەك ناسین و ترسناكی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار و بێ ئاگایی زۆرینەی موسوڵمانان لە باسەكانی خوا بەیەك ناسین و ترسناكی هاوەڵ بڕیاردان بۆی، وە بوونی گومانی نێوان موسوڵمانان گوایە پاڕانەوەو هاوار كردن بۆپێغەمبەران (ﷺ) و پیاوچاكان و فریشتەكان نابێتە عیبادەت و پەرستن بۆیان، وام بەپێویست زانی هەستم بەوەرگێڕانی ئەم نامیلكەیەی بەردەستت كە ناوی ﴿ نور التوحيد وظلمات الشرك في ضوء الكتاب والسنة، دانراوی، د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني ﴾ بە ئومێدی ئەوەی خوای پەروەردگار بیكاتە مایەی سود لێ وەرگرتن و بە ئاگا هاتنەوەی موسوڵمانان لە باسەكانی تەنها خوا بەیەك ناسین و ترسناكی هاوەڵ بڕیاردان بۆی، وە زیاتر گرنگی بدەن بە لایەنی تەنها خوا بەیەك ناسین و دوور بكەونەوە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆی، **موسڵمانی خۆشەویست ئاگادار بەو باش بزانە خوای پەروەردگار پەیمانی لێخۆش بوونی داوە بە كەسانێك پڕ بە زەویی تاوانیان هەیە و كەسێك سەد كەسی كوشتبێت و كەسانێك یەكجار تاوانیان زۆرە** ﴿ بەمەرجێك كاتێك ئەو تاوانەی كردووە نەگەیشتبێتە ئەندازەی شەریك بۆ خوا بڕیاردان و بێباوەڕی وەبەحەڵاڵیشی نەزانیبێت ﴾ **بەڵام پەیمانی بە موسڵمانێك نەداوە لێی خۆش ببێت لە كاتێكدا هاوەڵی بۆ بڕیاداوەو لەسەریشی مردووەو تەوبەی لێنەكردووە** (ترسناكی هاوەڵ بڕیاردانی بۆ خوای پەروەردگار بۆ ڕوون كراوەتەوە)، بۆیە خوشك وبرای بەڕێزم چەندێك گرنگی بدەیت بە تەوحیدو جۆرەكانی و دوور بكەویتەوە لە شەریك بڕیاردان بۆ خوا بەهەموو جۆرو بەشەكانیەوە هێشتا هەر كەمە و زیاترت پێویستە، واگومانیش مەبە و مەڵێ كاتێك لە پێغەمبەران و (ﷺ) پیاوچاكان و گۆڕەكان ئەپاڕێمەوە مەبەستم نییە ئەوان بە خوا بزانم و وەكو خوای پەروەردگار باوەڕم پێیان هەبێت، چونكە ئەوەی كەتۆ ئەیڵێیت هەمان قسەو بیروباوەڕی موشریكانی سەردەمی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) كە ئەیان وت: ئێمە هاوارو پەرستنیان بۆ ناكەین تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە نزیكمان بكەنەوەو شەفاعەتمان بۆ بكەن لای خوای پەروەردگار، بۆیە دڵت تەنها پەیوەست بكە بە خوای تاك و تەنها و بێ شەریك، وەلە هەموو هەڵس وكەوت پەرستنەكانتدا تەنها ڕوو بكە خوای تاك و تەنها و بەدەسەڵات بەسەر هەمووشتێكدا .

لە كۆتاییدا داواكارین لەو خوایەی كە هەركەسێك تەنها بۆ ئەو بژێت و بۆ ئەو بڵێت و بۆ ئەو كار بكات و تەنها پشت بەو ببەستێت بەردەوام سەربەرزو سرفرازەو بە هیچ شێوەیەك زەلیل و سەرشۆڕ و نابێت، هەركەسێك داوای لێبكات و لێی بپاڕێتەوە بە هیچ شێوەیەك نا ئومێد نابێت، هەركەسێك تەنها ئەو بە پەرستراوی ڕاستەقینەی خۆی بزانێت لە هەموو تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی و ناڕەحەتیەك ڕزگاری ئەكات، داواكارین لێی هەموو ووتەو كردەوەیەكمان تەنها بە فەرمانی خۆی و تەنها بۆ خۆی بێت و نییەتمان پاك بكاتەوە لە هەموو بەش و حەزێك كە بۆ دونیاو خۆ دەرخستن بێت، وە دڵسۆزیمان پێ ببەخشێت لە هەموو كارەكانماندا، وە داواكارین لێی لە نوسەرو وەرگێڕ و خوێنەرو هەموو ئەوانەی ئەگەر بە ووشەیەكی خێریش بەشداریان كردووە خۆش ببێت و بەردەوامیمان پێببەخشێت و لە مردووەكانمان خۆش بێت، آمـــــــــــین .

# بەشی یەکەم

## ڕوناکی خوا بە تەنها ناسین

### باسـی یەکەم: تێگەیشتن لە ماناو واتـای خوا بە تەنها ناسین:

خوا بە تەنها ناسین بە گشتی: بریتیە لە بوونی زانیاری و دان نان (لەگەڵ بوونی بیروباوەڕیکی تەواو) بەوەی خوای پەروەردگار تاك و تەنهایە بەو هەموو ناوە جوانەی کە هەیەتی، وە تاك و تەنهایە بەهەموو سیفاتێکی تەواوو بەرزو گەورە، وە تاك و تەنهایە بە هەموو جۆرەکانی پەرستن (واتا: ئەبێت هەموو جۆرەکانی پەرستن تەنها بۆ ئەو بڕیار بدرێت)[1]، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾ ﴾ (البقرة: ١٦٣) واتا: خوای پەروەردگاری ئێوە پەرستراوی تاك وتەنهایە ئەو خوایەی کە جگە لە خۆی هیچ پەرستراوێکی حەق و ڕاستی تر نییە ئەو خوایەی کە خاوەنی ڕەحم و سۆزو بەزەییە .

زانای پایە بەرز ( شێخ ناصر السّعدي –ڕەحمەتی خوای لێبێت– لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: واتا : خوای پەروەردگار تاك و تەنهایە لە زات و ناوەکان و سیفاتەکان و کارەکانی خۆیدا، هیچ شەریك و هاوەڵێکی نییە نەلە زاتیدا، وە هیچ هاو ناوو هاو شێوەی نییە، هیچ دروست کەرو بەدیهێنەرێك نیە جگە لە خۆی، دەی کەوابو پێویستە تەنها ئەو بە خواو پەرستراوی ڕاستەقینە بزانرێت و هەموو جۆرەکانی پەرستن تەنها بۆ ئەو ئەنجام بدرێت، وە بە هیچ شێوەیەك هیچ یەکێ لە دروست کراوەکانی نەکرێت بە هاوەڵ و شەریکی .[1]

### باسی دووەم

### بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان لەسەر جێگیر کردنی خوا بە تەنها ناسین:

بەڵگە ڕوون و ئاشکراو درەوشاوەکان لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) گەلێك زۆرن لەسەر جێگیر کردنی خوا بە تەنها ناسین (خوا بە یەك ناسین) کە ناتوانرێت هەموویان سنوردار بکرێن، بەڵام بۆ ڕوون بوونەوە و زیاتر تێگەیشتن چەند نمونەیەك باس ئەکەین:

١– خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ ﴿٥٨﴾ ﴾(الذاريات: ٥٦ - ٥٨)، واتا: من جنۆکە و مرۆڤەکانم دروست نەکردووە تەنها بۆ عیبادەت و پەرستنی خۆم نەبێت، من ڕزق و ڕۆزیم لێیان ناوێت، بەڕاستی خوای گەورە زۆر ڕزق و ڕۆزی دەرەو خاوەنی دەسەڵاتی زۆر پتەوو بە هێزە.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە ئەوەی بۆمان ڕوون کردۆتەوە کە مەبەستی لە دروست کردنی دروست کراوەکانی تەنها عیبادەت بۆ کردن و پەرستنیەتی بە تاك وتەنها، هەرکەسێك گوێڕایەڵی بکات بە باشترین شێوە پاداشتی ئەداتەوە، وە هەرکەسێك سەرپێچی بکات و بە تاك وتەنها نەیپەرستێت سزای ئەدات بەتوندترین سزا، وە ئەوەی بۆمان ڕوون کردووەتەوە کە خوای گەورە بێ پێویستە لە دروست کراوەکانی، بەڵکو دروست کراوەکانی بەگشتی و لە هەموو کاتێکدا هەژارو بێ دەسەلاتن و پێویستیان بە خوای گەورە هەیە، چونکە خوای گەورە دروست کەرو بەدیهێنەرو ڕزق دەرو

---
[1] **بروانە** : القول السديد في مقاصد التوحيد، للسعدي، ص١٨.

[1] **بروانە** : تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ، للسعدي، ص٦٠.

دەسەڵاتداری هەموو دروست کراوەکانیەتی .

٢- هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ ۚ (٣٦) ﴾ (النحل: ٣٦) واتا: بەبێ گومان ئیمە بۆ ناو هەموو گەل و هۆزێك پێغەمبەری خومان ڕەوانە کردووە، تا خوای گەورە بەتاك و تەنها بپەرستن و دوور بکەونەوە لە پەرستنی تاغوت، وە خوای گەورە هیدایەت و ڕێنمونی هەندێکیانی کردوو هەندێکیان بەهۆی خراپەو تاوانی خۆیانەوە گومڕا و سەرلێشێواو بوون .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە بەڵگەی خۆی سەپێنراوە بەسەر خەڵکیدا، وە هیچ گەل و هۆزێك نییە کە خوای گەورە پێغەمبەرو نێردراوی خۆی بۆ نەناردبێتن، بەڵکو بۆ هەموو گەل و هۆزێکی ناردووە لە کاتێکدا بانگەوازی هەموو پێغەمبەران (عليهم السلام) یەك بووە و بریتی بووە لە: پەرستنی ئەو خوایەی کە تاك و تەنهایەو هیچ هاوەڵێکی نییە، بۆیە ئوممەتان بەرامبەر بە بانگەوازی پێغەمبەران (عليهم السلام) بوون بە دوو بەشەوە: هەندێکیان باوەڕیان هێناو شوێنی پێغەمبەران کەوتن (فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ)، وە هەندێکیان بێ باوەڕ بون و شوێنی پێغەمبەران نەکەوتن و وەڵامی فەرمانەکانی خوای گەورەیان نەدایەوە و شوێنی ڕێگەی بێ باوەڕی و چەوت و چێڵی و خراپەکاری کەوتن بۆیە سەر لێشێواوو گومڕا بوون (وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ ۚ) .

٣- وە هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ (٢٥) ﴾ (الأنبياء: ٢٥) واتا: پێش تۆ _ئەی پێغەمبەر (عليه السلام) _ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆ ناردووە تا ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵکی کە هیچ پەرستراوێکی حەق و ڕاستەقینە نییە تەنها خوای گەورە نەبێت ، تا من بە تاك و تەنها بناسن و بم پەرستن.

بۆیە هەموو پێغەمبەرانی (عليهم السلام) پێش پێغەمبەری خۆشمان (عليه السلام) پوختەو ناوەڕۆکی بانگەوازەکەیان بریتی بووە لە فەرمان کردن بە پەرستنی خوای گەورە بە تاك وتەنها و دوور کەوتنەوە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆی، وە ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە تەنها خوای گەورە پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەیە، وە پەرستنی جگە لە خوای گەورە پوچ و نادروستە.[1]

هەر بۆیە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ (٢٥) ﴾ (الأنبياء: ٢٥) .

٤- وە هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۚ (٢٣) ﴾ (الإسراء: ٢٣) واتا: پەروەردگاری تۆ ئەی پێغەمبەر (عليه السلام) فەرمانی کردووە و بڕیوێتیێوە کە عیبادەت بۆ هیچ کەسێك نەکەن (لە ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی و مردووەکان و زیندووەکان) تەنها بۆ خۆی نەبێت، لە بەر ئەوەی خوای گەورە تاك وتەنهایە و خاوەن و گەورەی هەموو دروست کراوەکانیەتی و هەموو دروست کراوەکانی پێویستیان پێیەتی .

٥- هەموو پێغەمبەران (عليهم السلام) بە گەلەکانیان فەرمووە: ﴿ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ (٥٩) ﴾ (الأعراف: ٥٩) واتا: ئەی گەل و قەومەکەم خوای گەورە بەتاك و تەنها بپەرستن چونکە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەی ترتان نییە جگە لەو، تەنها خوای گەورە بەتاك و تەنها بپەرستن لەبەر ئەوەی بەدیهێنەرو ڕزق دەرە، هەڵسوڕێنەری هەموو کارەکانە، وە جگە لەو هەموویان دروست کراون کارەکانیان بەڕێوە چووەو هیچ شتێکیان بەدەست نییە .[1]

---

[1] **بروانه:** جامع البيان عن تأويل آي القرآن، للطبري (٤٢٧/١٨)، تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، للشيخ ناصر السعدي (ص ٤٠٧).

[1] **بروانه** : تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ، للشيخ ناصر السعدي (ص ٢٥٥) .

٦- وە هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴿٥﴾ ﴾ (البينة: ٥) واتا: فەرمانیان پێ نەکراوە مەگەر بەوە نەبێت کە خوای گەورە بە تاك و تەنها بپەرستن و بە دڵسۆزی و بێ هاوەڵ بڕیاردان پەرستن و دینداری بۆ خوای گەورە بکەن

٧- وە هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ ﴾(الأنعام: ١٦٢- ١٦٣) واتا : ئەی پێغەمبەر (عليه‌وسلم) بە موشریکین و هاوەڵ پەیدا کەران بڵێ: من نوێژ کردنم و (فەرزەکانم و سوننەتەکانم) سەربڕینم و هەموو ژیانم – ئەوەی لەم دونیایەدا ئەنجامی ئەدەم و ئەوەی کە بەسەرم دێت- مردنم- واتە هەموو ئەو کارە چاکانەی کە لەسەری ئەمرم تەنها بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، ئەو خوایەی کە هیچ هاوەڵێکی نیە، بەو شێوەیە فەرمانم پێ کراوە کە هەموو پەرستنەکان تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەم، وە من یەکەم کەسم لەم ئوممەتە کە مل کەچ بم بۆفەرمانەکانی خوای گەورە .

٨- هاوەڵی بەرێزی پێغەمبەری خۆشەویست(کە موعازی کوڕی جەبەلە(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێکیان لە پشت پێغەمبەری خواوەوە دانیشتبووم (لەسەر ولاخێك)، پێی ووتم: "يا معاذ هل تدري ما حق الله على عباده"؟ قال: قلت: الله ورسوله أعلم. قال: "حق الله على عباده أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئًا" ثم سار ساعة ثم قال: "يا معاذ، هل تدري ما حق العباد على الله إذا فعلوه" قلت: الله ورسوله أعلم. قال: "حق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئًا")[1] واتا: ئەی موعاز ئایا ئەزانی حەق و مافی خوای گەورە چی یە بەسەر بەندەکانیەوە؟ موعاز فەرموی ووتم: خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشتر ئەزانن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: حەق و مافی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە کە عیبادەتی بۆ ئەنجام بدەن و بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، موعاز فەرموی: پاشان تاوێك ڕۆیشتین پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی موعاز ئایا ئەزانیت حەق و ماف بەندەکان چییە لای خوای گەورە ئەگەر بە چاکی و بەجوانی کردەوە چاکەکانی بۆ ئەنجام بدەن؟ ووتم: خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشتر ئەزانن، پێغەمبەر فەرموی: ماف بەندەکان (ماف بەخشش و گەورەیی و چاکەی خۆیەتی نەك پێویست بێت لەسەری) لە لای خوای گەورە ئەوەیە کە خوای گەورە بەندەکانی سزا نەدات گەر بەندەکانی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن .

موسڵمانی خۆشەویست: ئەم فەرمودە پیرۆزە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە ماف خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بەتاك و تەنها بیپەرستن بەو پەرستنانەی کە لەسەری پێویست کردوون وە بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، وە ماف بەندەکان لە لای خوای گەورە ئەوەیە کە خوای گەورە بەندەکانی سزا نەدات بە مەرجێك ئەوان هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (وەکارێك نەکەن کە پێی دەربچن لە دین)، گومانی تێدا نییە کە ماف بەندەکان لای خوای گەورە ئەوەیە کە خوای گەورە پەیمانی خێرو پاداشتی پێداون، وە وەعدو پەیمانی خوای گەورە هەمووی ڕاست و بە جێیە، ڕاستە ئەو پەیمانە، وە ووتەی هەمووی ڕاست و بە جێیە و بە هیچ شێوەیەك نا ڕاستی و دواکەوتن لە پەیمانیدا نییە، مافێکە خوای گەورە پێویستی کردووە لە سەر نەفسی خۆی ، وەك ڕێزو گەورەیی و بەخششێك بۆیان، ئەو خوایەی کە چەند مافێکی لەسەر نەفسی خۆی پێویست کردووە بۆ بەندە ئیماندارەکانی، هەر وەك چۆن زوڵم وستەمی لە سەر نەفسی خۆی حەرام کردووە، هیچ لە دروست کراوەکانی پێویستیان نەکردووە لەسەری، وە خوای گەورە قیاس ناکرێتە سەر دروست کراوەکانی

[1] متفق عليه : البخاري، كتاب اللباس، باب إرداف الرجل خلف الرجل، ٨٩/٧، برقم ٥٩٦٧، ومسلم، كتاب الإيمان، باب الدليل على أن من مات على التوحيد دخل الجنة قطعًا، ٥٨/١، برقم ٣٠، واللفظ للبخاري برقم ٢٨٥٦، ورقم ٦٥٠٠.

(تا بە زۆر بتوانرێ مافی لەسەر پێویست بكرێت) بەڵكو بە ڕەحم و بەزەیی و داد پەروەری خۆی ڕەحم و بەزەیی لەسەر نەفسی خۆی پێویست كردووە ، هەر چۆن زوڵم و ستەمی لەسەر خۆی حەرام كردووە .[١]

٩- **عتبانی كوڕی مالك** (رضي الله عنه) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (.. **فإن الله حرم على النار من قال: لا إله إلا الله، يبتغي بذلك وجه الله**")[٢] واتا: خوای گەورە كەسێك بە ئاگری دۆزەخ ناسوتێنێت كە ووتبێتی (لا إله إلا الله) بە مەرجێك ووتنی ئەو ووشەیەی تەنها لە بەر خاتری خوای گەورە بووبێت .

## بەشی سـێ یەم

خوای پەروەردگار خاوەنی خوایەتی و پەرستراوێتیە بە سەر هەموو دروست كراوەكانیەوە، بۆیە بە تاك ڕاگرتنی خوای گەورە بە هەموو جۆرەكانی پەرستن و ئەنجام دانی دینداری بەدڵسۆزی تەنها بۆ خوای گەورە بریتیە لە خوا بە تەنها ناسین لە خوایەتیدا (التوحيد الالوهية) كە ئەمەش مانای (لا إله إلا الله)یە ، ئەم جۆرە یەكخوا پەرستیە جۆرەكانی تری خوا بە تەنها ناسین لە خۆ گرتووە[١]، چونكە خوا بە تەنها ناسین (التوحيد) دوو جـۆرە:

**جۆری یەكەم**: التوحيد الخبري العلمي الاعتقادي[٢]: خوا بە تەنها ناسین لە ناسین و جێگیر كردندا، ئەویش خوا بە تەنها ناسینە لە پەروەردگارێتی و ناوو سیفاتەكانیدا، واتا جێگیر كردن و بڕیاردانی بوونی زاتی خوای گەورەو سیفات و كارو ناوەكانی، وە قسەكردنی لە كتێبەكانیدا بۆ هەر بەندەیەك كە خۆی ویستبێتی قسەی لە گەڵدا بكات، وە بڕیاردانی سەرجەم بڕیارو قەدەرو دانایی خوای گەورە و بە پاك ڕاگرتنی لە هەموو شتێك كە شایستە نییە بۆ خوای گەورە.

**جۆری دووەم**: التوحيد الطلبي القصدي الإرادي:[١] یەكخوا پەرستی لە داوا كردن و مەبەستدا، واتا یەكخوا پەرستی لە عیبادەت و پەرستندا .

### خوا بە تەنها نـاسین بە شێوەیەكی درێژ تر ئەبێت بە سێ بەشەوە :

١- توحيد الربوبية (خوا بە تەنها ناسین لە پەروەردگارێتیدا): بریتیە لە بوونی بیرو باوەڕێكی پتەو دامەزراو بەوەی كە خوای گەورە پەروەردگاری تاك و تەنهایە لە دروست كردن و موڵك و رزق دان و بەڕێوەبردنی گەردوندا، ئەو خوایەی كە هەموو بونەوەرانی هێناوەتە بون و پەروەردەی كردوون بە نازو نیعمەتەكانی، وە بەندە تایبەتەكانی وەك پێغەمبەران (عليهم السلام) و شوێن كەوتوانی ڕاستەقینەیانی پەروەردە كردووە بە بیرو باوەڕێكی ڕاست و تەواو، وەپەروەردەی كردوون بە ڕەوشتە جوانەكان و زانیارییە بە سودەكان و كردەوە چاكەكان، ئەم پەروەردە كردنەش پەروەردەیەكی بەسودە بۆ دڵ و ڕوحەكان كە بەروبومی خۆش بەختی دونیا و قیامەتی تێدایە .

٢- توحيد الأسمآء والصفات: بریتیە لە بوونی بیرو باوەڕێكی پتەو دامەزراو بەوەی كە خوای گەورە پەروەردگاری تاك و تەنهایە بە هەموو سیفاتێكی ڕێك و تەواو بە گشتی و لە هەموو ڕویەكەوە، ئەویش بە بڕیاردان و جێگیر كردنی هەموو ئەو ناوو سیفاتانەی كە خوای گەورە بۆ خۆی بڕیاری داوە و جێگیری كردووە یان پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بۆی جێگیر كردووە، وە جێگیر كردنی واتاو حوكمی هەموو ناوو سیفاتەكانی بەو شێوەیەی كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بەو شێوەیەی كەشایستەیە بە گەورەیی خوای پەروەردگار بێ ئەوەی هیچ یەكێك لە ناوو سیفاتە تەواوو جوانەكانی نەفی بكەیت (واتە : بە

---

[١] **بڕوانە**: المفهم لِمَا أشكل من تلخيص كتاب مسلم، للقرطبي، ٢٠٣/١، وشرح النووي على صحيح مسلم، ٣٤٥/١ ومجموع فتاوى ابن تيمية، ٢١٣/١.

[٢] متفق عليه: البخاري، كتاب الصلاة، باب المساجد في البيوت ، ١٢٥/١، برقم ٤٢٥، ومسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب الرخصة في التخلف عن الجماعة بعذر، ٤٥٥/١، برقم ٣٣.

[١] تيسير العزيز الحميد ، للشيخ سليمان بن عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب ، ص٧٤، والقول السديد، للسعدي ، ص١٧، وبيان حقيقة التوحيد ، للشيخ صالح الفوزان ، ص٢٠.

[٢] **بڕوانە** : مدارج السالكين ، لابن القيم، ٤٤٩/٣.

[١] **بڕوانـە** : إجتماع الجيوش الإسلامية على غزو المعطلة والجهمية ، لابن القيم ٩٤/٢ ، ومعارج القبول، لحافظ حكمي ٩٨/١، و فتح المجيد ، لعبد الـرحمن بـن حسن ،ص ١٧ .

بۆ چونی خۆت نەڵێی خوای گەورە ئەم ناوە یان ئەم سیفاتەی نییە و ئینکاری لێ بکەیت)، وە بێ ئەوەی ناوو سیفاتەکانی تێك بشکێنیت، یان واتاکەی بگۆڕیت یان لێکی بچوێنی یان چۆنیەتی بۆ ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە دابنێیت کە شایستەی گەورەیی خوای گەورە نەبێت. وە (توحيد الأسمآء والصفات) بریتیە لە دوور خستنەوەو نەفی کردنی هەموو ئەو عەیب و کەم و کوڕییانەی کە خوای گەورە نەفی کردووە لە خۆی ، یان پێغەمبەر (ﷺ) نەفی کردووە لە خوای پەروەردگار، وە دور خستنەوەی هەموو ئەو ناوو سیفاتانەی کە دەبنە هۆی دەربڕینی ناتەواوی و کەم و کوڕی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا خوا بە تەنها ناسینی پەروەردگارێتی (الربوبية) و ناوو سیفاتە جوانەکانی خۆی (توحيد الأسمآء والصفات)ی ڕوون کردۆتەوە هەروەك لە سەرەتای سورەتی (الحديد)، وە سورەتی (طه)، وە کۆتایی سورەتی (الحشر)، وە لە سەرەتای سورەتی (آل عمران)، وە سورەتی (الإخلاص) بەتەواوی، وە جگە لەم سورەتانە کە خوای پەروەردگار باسی (توحيد الربوبية و توحيد الأسمآء والصفات ) ی کردووە .[1]

٣- توحيد الإلهية، ويقال له: توحيد العبادة: واتا خوا بە تەنها ناسین لە پەرستندا، ئەویش بریتیە لە بونی بیرو باوەڕێکی تەواوو دامەزراو _لە گەڵ بوونی زانیاری و کردەوەی چاکەو سەلماندنی _ ئەوەی کە خوای پەروەردگار خاوەنی خوایەتی و پەرستراوێتیە بە سەر هەموو دروست کراوەکانیەوە، وە بە تاك ڕاگرتنی خوای گەورە بە هەموو جۆرەکانی پەرستن و ئەنجام دانی دینداری بەدڵسۆزی تەنها بۆ خوای گەورە، ئەم جۆرە خوا پەرستیە (التوحيد الالوهية) و جۆرەکانی تری خوا بە تەنها ناسین لە خۆ گرتووە وەك (توحيد الربوبية و توحيد الأسمآء والصفات) لە بەر ئەوەی سیفەتی خوایەتی سیفەتێکە هەموو سیفاتە تەواوەکان و هەموو سیفاتی پەروەردگارێتی و گەورەیی لە خۆ گرتووە، خوای گەورە هەر خۆی خوا و پەرستراوە لەبەر ئەو هەموو سیفاتە بەرزو گەورەو تەواوانەی کە هەیەتی، وە لەبەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەی کە ڕشتویەتی بەسەر بەندەکانیدا ، تاکێتی خوای گەورە بەو هەموو سیفاتە تەواوە و تاکێتی لە پەروەردگارێتی ئەوە دەخوازێت کە هیچ کەس و هیچ شتێك لە دروست کراوەکانی شایستەی عیبادەت بۆ کردن و پەرستن نەبن جگە لە خۆی .

خوا بە تەنها ناسین لە پەرستندا (توحيد الالوهية) مەبەستی هەموو پێغەمبەران(ﷺ) بووە لە بانگەواز کردنی گەلەکانیاندا هەر لە یەکەم پێغەمبەرەوە تا کۆتایین پێغەمبەر (ﷺ)، ئەم جۆرە یەکخوا پەرستیە لە سورەتی الکافرون باس کراوە ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ ﴾ (الكافرون: ١) وە تایەتی "٦٤" ی سورەتی ال عمران ئەم جۆرە یەکخوا پەرستیەی لە خۆ گرتووە، هەر وەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤ ﴾ (آل عمران: ٦٤) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەهلی کیتاب بڵێ: (کە مەبەست پێیان گاور و جولەکەن) وەرن بۆ لای ووشەیەك -گوێی بۆ بگرن و کاری پێ بکەن- کە ئەو ووشەیە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا یەکسانە ئەویش ئەوەیە کە هیچ پەرستراوێك نەپەرستین جگە لە خوای گەورە، وە بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەین (نە بت و نە سەڵیب و نە ئاگرو نە تاغوت و نە هیچ شتێکی تر نەکەینە شەریکی خوای گەورە بەڵکو بە تاك و تەنها بیپەرستین) وە هەندێکمان هەندێکمان نەکەینە خواو عیبادەتیان بۆ بکەین جگە لە خوای گەورە (بەوەی کە سوجدەیان بۆ بەرین یان شوێنیان بکەوین لە حەڵاڵ کردنی حەرام و حەرام کردنی حەڵاڵ) ، ئەگەر ئەوان پشتیان هەڵ کردوو شوێنت نەکەوتن ، بڵێن شایەت بن کە ئێمە موسوڵمانین و بەردەوامین لە سەر ئیسلامەتی و دینداری خۆمان .

[1] بروانە : فتح المجيد، ص١٧، والقول السديد في مقاصد التوحيد لعبد الرحمن السعدي، ص١٤-١٧، ومعارج القبول، ٩٩/١.

وە سەرەتای سورەتی (السّجدة) و كۆتاییەكەی، وە سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی سورەتی(غافر)، وە سەرەتای سورەتی (الأعراف) و كۆتاییەكەیی و زۆربەی سورەتەكانی قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە یەكخوا پەرستیەیەی لە خۆ گرتووە .

هەموو سورەتەكانی قورئانی پیرۆز جۆرەكانی خوا بە تەنها ناسین لە خۆ گرتووە ، قورئانی پیرۆز هەمووی لە سەرەتاوە تا كۆتایی باس لە خوا بە تەنها ناسین ئەكات، لە بەر ئەوەی قورئانی پیرۆز هەمووی یان باس لە زات و گەورەیی و تاكێتی و ناوو سیفات و كارو فەرمودەكانی خوای گەورە ئەكات كە ئەویش بریتیە لە (توحيد الربوبية والأسماء والصفات)، یان قورئانی پیرۆز بانگەواز كردنە بۆ پەرستن و عیبادەتی خوایگەورە بە تاك و تەنها و واز هێنان لە پەرستنی جگە لەخوا كە ئەویش بریتیە لە (توحيد الالوهية)، یان قورئانی پیرۆز فەرمان كردنە بە چاكە و ڕێگری كردنە لە خراپە و پەیوەست بوونە بەعیبادەتەوە، كە ئەمانەش لە ماف و تەواوكارییەكانی یەكخوا پەرستیە، یان هەواڵدانە سەبارەت بە ڕێزی كەسانی یەكخوا پەرست وە چۆن خوای گەورە سەرخەرو یارمەتی دەریانە، وە چەندێك ڕێز لێگیراون لە قیامەتدا كە ئەمانەش پاداشتی یەكخوا پەرستیە، یان قورئانی پیرۆز باس لە موشریكین دەكات وە چییان بەسەر دێت لە ناخۆشی و ناڕەحەتی لە دونیادا وە توشی چ سزایەكی توندو بە ئێش دەبن لە دوا ڕۆژدا هەمووی بە هۆی دەرچون و گوێ نەدانە بە حوكمی خوا بە تەنها ناسین ، بۆیە قورئانی پیرۆز هەمووی بریتیە لە باس كردنی خوا بە تەنها ناسین و مافەكانی و پاداشتی، یان باس كردنی شیرك و موشریكین و سزایان .[1]

## بەروو بوم و سودەكانی خوا بە تەنها ناسین

خوا بە تەنها ناسین كۆمەڵێك فەزڵ و گەورەیی و شوێنەوارو سودی باش و سەر ئەنجامی چاكی هەیە لەوانە:

١- خێری دونیاو قیامەت لە فەزڵ و گەورەیی و بەروبومەكانی یەكخوا پەرستیە .

٢- خوا بە تەنها ناسین گەورەترین هۆكارە بۆ لاچون و نەمانی تەنگ و چەڵەمەو ئاستەنگەكانی دونیا و قیامەت، خوای پەروەردگار بەهۆیەوە سزا لا ئەبات لە سەر بەندەكانی لە دونیاو قیامەتدا وە بە هۆیەوە خوای پەروەردگار نازو نیعمەتی خۆی ئەرێژێ بە سەریاندا .

٣- بەروبومی خوا بە تەنها ناسینێكی تەواو كە دوورە لە شیرك و ڕیا ئەمینی و هێمنی دونیا و قیامەتی تیایە، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾(الأنعام: ٨٢)واتا: ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوە و ئیمانەكەیان تێكەڵ نەكردووە بە شیرك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ئەوانە لە قیامەتدا ئەمینن لە ناخۆشی و ناڕەحەتی، وە هیدایەت دراون بۆ ڕێگای ڕاستی ئیـــسلام .

٤- هەر كەسێك خوا بە تەنها بناسێت ئەوە هیدایەتی تەواو دراوە و یارمەتی دراوە بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی هەموو كردەوەیەكی چاكە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە .

٥- بە هۆی خوا بە تەنها ناسینێكی تەواوەیە كە خوای پەروەردگار لە تاوانەكان خۆش ئەبێت خراپەكان لائەبات، هەروەك لە حەدیسێكی قودسیدا كە ئەنەسی كوڕی مالك (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) ئەیگێڕێتەوە، خوای پەروەردگار فەرمویەتی: (يا ابن آدم إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئًا لأتيتك بقرابها مغفرة)[1] واتا : ئەی كوڕانی ئادەم (ئەی موسڵمانان) تۆ ئەگەر گەیشتی بە دیداری من لە قیامەتدا پڕ بە زەوی تاوانت هەبێت كاتێك ئەگەیتە دیداری من و هاوەڵت بۆ من بڕیار نەدابێت پڕ بە زەوی لێخۆش بونت پێدەبەخشم .

---

(١) **بروانە** : مدارج السالكين ، لابن القيم ، ٣/٤٥٠، وفتح المجيد ، ص١٧-١٨، والقول السديد ، ص١٦، ومعارج القبول ، ٩٨/١.

(١) الترمذي ، كتاب الدعوات، باب فضل التوبة والاستغفار، ٥٤٨/٥، برقم ٣٥٤٠، وصححه الألباني في صـــحيح الترمـــذي، ١٧٦/٣، وسلـــسلة الأحاديـــث الصحيحة، برقم ١٢٧، ١٢٨.

٦- بە هۆی خوا بە تەنها ناسینێکی تەواوەیە کە خوای پەروەردگار بەندەکان دەکاتە بەهەشتەوە، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (من شهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأن محمدًا عبده ورسوله، وأن عيسى عبد الله ورسوله وكلمته ألقاها إلى مريم وروح منه، وأن الجنة حق، وأن النار حق، أدخله الله الجنة على ما كان من العمل)[٢] واتا: هەر کەسێك شایەتی بدات بەوەی کە خوای پەروەردگار پەرستراوی ڕاستەقینەو تاك و تەنهایە و هیچ پەرستراوێکی تر شایستەی پەرستن نییە جگە لە خوا نەبێت، وە شایەتی بدات کە پێغەمبەر محمد (ﷺ) بەندەو نێردراوی خوایە، وە (عیسی"(عليه السلام)") بەندەو پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە بەوشەی خوای پەروەردگار دروست بووە ، کاتێك خوای پەروەردگار فەرمووی: (كُن فَيَكُون) واتا ببە ئەویش دروست بوو بە فەرمانی خوا بە بێ باوك، وە ڕوح لە بەرێکە وەکو سەرجەم دروست کراوە ڕوح لەبەرەکانی تری خوای پەروەردگار (واتا: ئینسانە نەك خوا بێت یان بەشی خوایەتی تێدا بێت هەروەك گاورەکان باوەڕیان وایە)، کەسێك شایەتی بدات بەوەی کە بەهەشت حەقە و هەیە و شوێنی چاکەکارانە وە دۆزەخیش حەقەو بوونی هەیە و شوێنی هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان و تاوان بارانە، ئەوەخوای پەروەردگار ئەیکاتە بەهەشتەوە جا لەسەر هەر کردەوەیەك بێت، (واتا: خوای پەروەردگار ئەو موسڵمانە ئەکاتە بەهەشتەوە چەنێ چاکەشی کەم بێت و تاوانی زۆر بێت چونکە ئەو هەموو شایەتییە گەورەیەی داوە).

وە هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا کە هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی عبدالله (رضي الله عنه) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆمان ئەگێڕێتەوە، کە فەرمویەتی: (من مات لا يشرك بالله شيئًا دخل الجنة)[١] واتا: هەر کەسێك مردبێت (یان بمرێت) و لە ژیانی دونیادا بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدابێت بێ گومان کەسێکە چۆتە بە هەشتەوە .

٧- خوا بە تەنها ناسینێکی تەواو ئەگەر لە هەر دڵێکدا هەبێت نایەڵێ خاوەنەکەی بچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، هەر وەك عتبان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (...فإن الله حرم على النار من قال: لا إله إلا الله يبتغي بذلك وجه الله)[١] واتا: خوای پەروەردگار لاشەی کەسێکی حەرام کردووە لە ئاگری دۆزەخ کە وتبێتی (لا إله إلا الله) و تەنها مەبەستی خوای پەروەردگارە بە ووتنی .

٨- ئیمان و خوا بە تەنها ناسین ئەگەر بە ئەندازەی کەم تر لە دەنکە خەرتەلەیەك لە دڵی هەر موسڵمانێکدا هەبێت ڕزگاری دەکات لە ئاگری دۆزەخ و بە هەمیشەیی خاوەنەکەی لە ئاگردا نامێنێتەوە (چەندێك تاوانیشی زۆر بێت بە مەرجێك ئەو تاوانانە نەگەیشتبێتە ڕادەی شیرك و بێ باوەڕی). [٢]

٩- خوا بە تەنها ناسین گەورەترین هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ڕازی بوون و پاداشتی خوای پەروەردگار، وە سەرفرازترین و بەختەوەرترین کەس لە ڕۆژی قیامەتدا بە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) کەسانی خوا بە تەنها پەرستن ، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (...أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا إله إلا الله خالصا من قلبه أو نفسه)[٣] واتا: سەرفرازترین و بەختەوەرترین موسوڵمان لە ڕۆژی قیامەتدا کە بەر شەفاعەتی من بکەوێت موسوڵمانێکە لە ناخی دڵییەوە و بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە ووتبێتی (لا إله إلا الله) .

---

[٢] متفق عليه: البخاري ، كتاب الأنبياء، باب قوله تعالى : {يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ} ١٦٨/٤، برقم ٣٢٥٢، ومسلم، كتاب الإيمان، باب الدليل على أن من مات على التوحيد دخل الجنة قطعًا، ٥٧/١، برقم ٢٨

[١] مسلم، كتاب الإيمان ، باب من مات لا يشرك بالله شيئًا دخل الجنة ، ٩٤/١ برقم ٩٣.

[١] متفق عليه : البخاري ، كتاب الصلاة، باب المساجد في البيوت ، ١٢٦/١، برقم ٤٢٥، ومسلم ، كتاب المساجد ومواضع الصلاة ، باب الرخصة في التخلف عن الجماعـــة بعـــذر ، ٤٥٥/١-٤٥٦، برقم ٣٣.

[٢] **بڕوانە** : صحيح البخاري ، كتاب التوحيد ، باب قول الله تعالى: {لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ} ، برقم ٧٤١٠، وصحيح مسلم ، كتاب الإيمان ، باب معرفـــة طريـــق الرؤية ، ١٧٠/١، برقم ١٨٣، ورقم ١٩٣.

[٣] البخاري ، كتاب العلم، باب الحرص على الحديث ، ٣٨/١، برقم ٩٩.

١٠- هەموو كردەوە چاكەكان و ووتە و قسە نهێنی و ئاشكراكان ، لە ڕوی وەرگێران و تەواوەتی و بوونی پاداشتی چاكە لە سەریان لە لایەن خوای پەروەردگارەوە وەستاون لە سەر بوونی خوا بە تەنها ناسینێكی تەواو، بۆیە هەركاتێك خوا بە تەنها ناسین بە هێز بوو وە دڵسۆزی تەواو بۆ خوای پەروەردگـــار ئەو كارانە ڕێك و تەواو دەبن .

١١- بە هۆی خوا بە تەنها ناسینێكی تەواوەوە كردنی كردەوەی چاكە لەسەر شانی بەندەی موسڵمان ئاسان دەبێت، وە بە ئاسانیش واز هێنان لە تاوان لە سەر شانی سوك دەبێت ، وە دڵ نەوایی تێدایە لە بەڵاو موسیبەت، خوا بە تەنها ناسین و دڵسۆزی بۆ خوای پەروەردگار لە یەكخوا پەرستیەكەیدا كردنی كردەوەی چاكەی لەسەر شان سوك و ئاسان دەبێت ، لە بەرئەوەی ئومێدی بە ڕازی بوون و پاداشتی خوای پەروەردگار هەیە، وە بە ئاسانی دەتوانێت واز لەو تاوانانە بێنێت كە نەفسی حەزی پێیەتی ئەنجامی بدات، لە بەر ئەوەی ترسی توڕە بوون و سزای خوای پەروەردگاری هەیە .

١٢- خوا بە تەنها ناسین هەر كاتێك بە تەواوی لە هەر دڵێكدا هەبوو خوای پەروەردگار ئیمان لەو دڵەدا شیرین و خۆشەویست ئەكات و ئەیڕازێنێتەوە بە كردەوەی چاكە، وە خوای پەروەردگار بێ باوەڕی و تاوان و سەرپێچی لا قێزەون و ڕق لێبوو ئەكات، وە خوای پەروەردگار ئەو كەسە یەكخوا پەرستە ئەگێڕێت لە هیدایەت دراوان .

١٣- خوا بە تەنها ناسین ناخۆشی و ئێش و ئازار لە سەر بەندەی موسڵمان سوك و ئاسان دەكات، بۆیە بە گوێرەی تەواوی خوا بە تەنها ناسین، موسڵمان ناخۆشی و ئێش و ئازارەكان وەردەگرێت بە دڵێكی فراوان و نەفسێكی ئارامەوە، وە ئەو بەندە موسوڵمانە تەواو تەسلیمەو ڕازییە بەو قەدەرەی كە خوای پەروەردگار بۆی بڕیوەتەوە گەر لە سەر شانی قورس و گرانیش بێت، كە ئەویش گەورەترین هۆكارە بۆ فراوانی و ئارامی دڵەكان .

١٤- خوا بە تەنها ناسین بەندەكان ڕزگار دەكات لە بەندایەتی كردن و دڵ پەیوەست بوون و ترسان و ئومێد بوون و كردەوە كردن لە بەر دروست كراوەكانی خوای پەروەردگار، كە ئەو ڕزگار بونەش سەرفرازی ڕاستەقینەو ڕێزو شكۆمەندی بەرزییە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو بەندە یەكخوا پەرستە تەنها بەندایەتی خوای پەروەردگار دەكات و تەنها ئومێدی بە خوای پەروەردگارە و لە هیچ كەس و شتێك ناترسێت تەنها لە خوای پەروەردگار نەبێت، ئەو ترس و ئومێدەش لە خوای پەروەردگار تەواو سەركەوتوو و سەرفراز و ڕزگار بووی دەكات .

١٥- خوا بە تەنها ناسین گەر لە هەر دڵێكدا بە تەواوەتی هەبوو بە دڵسۆزییەكی تەواوەوە ئەو كاتە كردەوەی چاكەی كەمی ئەو بەندە موسڵمانە زۆر ئەكات ، وە كردەوەو قسە جوانەكانی زیاد ئەكات بێ سنور و حیساب .

١٦- خوای پەروەردگار كەفالەتی خوا بە تەنها ناسانی كردووە كە لە دونیادا سەرخەرو یارمەتی دەریان بێت، وە سەرفرازو بەعیززەت و ڕێزداریان بكات، وە تەواو هیدایەتیان بدات، وە خوای پەروەردگار كردنی هەموو كارێكی چاكەیان لەسەر ئاسان دەكات، وە كار و حاڵی دونیایان بۆ چاك دەكات ، وە هەموو قسەو كردەوەكانیان بۆ ڕێك و چاك جوان ئەكات .

١٧- خوای پەروەردگار خراپەی دونیا و قیامەت لە ئیمانداران (یەكخوا پەرستان) لادەبات ودووری دەخاتەوە، وەمنەتی خۆی ڕژاندووە بە سەریاندا بەو ژیانە خۆشەی كە پێی بەخشیون، وە دڵ ئارامی كردون پێی، وە دڵ گەش و دڵ خۆشی كردوون بە یادو زیكری خۆی لەو دونیایەدا .

شێخی پایە بەرز **ناصر السعدی** " ڕەحمەتی خوای لێبێت "فەرمویەتی : (بەڵگەی ئەو خاڵانەی كە باسكران لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) زۆر و ئاشكران ، والله أعلم) .[1]

وە شێخ و زانای پایە بەرز **إبن تیمیة** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی: (هیچ خۆشبەتی و چێژو خۆشیەكی تەواو نییە بۆ دڵەكان مەگەر لە خۆشەویستی خوای پەروەردگار و نزیك بونەوە لێی بەو كارە چاكانەی كە خوای پەروەردگار حەز

[1] **بروانە**: القول السدید في مقاصد التوحید ص٢٥.

دەکات ئەنجام بدرێن بۆی، وە خۆشەویستی بۆ خوای پەروەردگار تەواو ڕاست نییە مەگەر بە پشت هەڵکردن لە هەموو خۆشەویستێك جگە لە خۆی، کە ئەوەش (واتا: پشت هەڵکردن لە خۆشەویستی هەموو خۆشەویستێك لە ڕوی پەرستن و ئومێد پێبون و ترسان و پشت پێبەستن و داوا لێ کردن و ....هتد ، جگە لە خوای پەروەردگار) حەقیقەت و ڕاستێتی خوا بە تەنها ناسین و (لا إله إلا الله)یە .[٢]

## بەشی دووەم

## تاریکییەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

### باسی یەکەم: تێگەیشتن لە مانای هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

**مانای شیرك لە زمانەوانیدا:** الشِّرْكُ، والشِّرْكَةُ، واتایان یەکە، وقد اشترکا، وتشارکا، وشارك أحدهما الآخر، شەریك بوون، شەریکایەتی ئەوی تری کرد، وأشرك بالله: کفر، کوفری کرد بێ باوەڕ بوو، فهو مشركٌ ومشركي، کە کەسێکی موشریکە، والاسم الشرك فيهما، ورغبنا في شرككم: مشاركتكم في النسب ، وأشرك بالله: جعل له شريكًا في ملكه، أو عبادته : واتا: هاوەڵی بۆ خوا بڕیاردا لە موڵکی یان لە پەرستنیدا .[١]

**مانای شیرك لە ڕوانگەی شەرعدا:** ئەوەیە کە تۆ هاو شێوەیەك بۆ خوای پەروەردگار دابنێیت لە کاتێکدا خوای پەروەردگار تۆی دروست کردووە، ئەو تاوانەش گەورەترین تاوانە ( کە هیچ تاوانێك لە سەروویەوە نییە بۆ ترسناکی ) ئەو تاوانە (شیرك) هەڵوەشێنەرەوە و پوچەڵکەرەوەی هەموو کردەوە چاکەکانە، وە ڕێگر و بەر بەستە لە بوونی پاداشتی چاکە لە سەر کردەوە چاکەکان، بۆیە هەر کەسێك (کەسێك یان شتێك) یەکسان بکات لە گەڵ خوای پەروەردگاردا بە خۆشەویستی و بە گەورە دانان ، وە شوێنی هەنگاوو ڕێبازی بکەوێت کە پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم بێت (عليه السلام)
ئەوە ئەو
کەسە کەسێکی موشریکە و گەورەترین تاوانی ئەنجامداوە .[١]

## هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار دوو جۆرە: [٢]

**جۆری یەکەم**: هاوەڵ بڕیاردانی گەورە ئەگەر هەر کەسێك بڕیاری بدات لە دینی ئیسلام پێی دەردەچێت و بێ باوەڕ دەبێت .

**جۆری دووەم**: هاوەڵ بڕیاردانی بچوکە کە ئەگەر هەر کەسێك بڕیاری بدات لە دینی ئیسلام دەرناچێ و پێی بێ باوەڕ نابێت بەڵام لە تاوانە گەورەکان گەورەترە بە لای هەندێ لە زانایانەوە .

زانای پایەبەرز شێخ ناصر السّعدي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) سنوری شیرکی گەورەی ڕوون کردۆتەوە و فەرمویەتی: (سنوری هاوەڵ بڕیاردانی گەورە کە هەموو جۆرو بەشەکانی لە خۆ گرتبێت ئەوەیە: کە بەندەیەك جۆرێك یان تاکێك لە تاکەکانی پەرستن بۆ جگە لە خوای پەروەردگار ئەنجام بدات، بۆیە هەموو بیروباوەڕ و قسەو کردەوەیەك کاتێك زانرا خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە دەبێت تەنها بۆ خۆی بکرێت، کردن و ئەنجامدانی بۆ خوای پەروەردگار خوا بە تەنها ناسین و

---

[٢] **بڕوانە**: مجموع الفتاوى ، ٣٢/٢٨.

[١] **بڕوانە** : القاموس المحيط، باب الكاف، فصل الشين، ص١٢٤٠.

[١] **بڕوانە** : الأجوبة المفيدة لمهمات العقيدة ، لعبد الرحمن الدوسري ، ص٤١.

[٢] **بڕوانە** : قضية التكفير ، للمؤلف، ص١١٩.

ئیمان و دڵسۆزییە بۆی، وە ئەنجامدان و کردنی بۆ جگە لە خوای پەروەردگار هاوەڵ بڕیاردان و بێ باوەڕییە، ئەمەیە سنوری شیرکی گەورە.

**وە سنوری شیرکی بچوك**: بریتیە لە هەموو وەسیلە و هۆکارێك کە سە ربکێشێت بۆ هاوەڵ بڕیاردانی گەورە لەو مەبەست و نیەت و قسەو کردەوانەی کەنەگەیشتونەتە ڕادەی پەرستن و عیبادەت ).[1]

## باسی دووەم : بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

بەڵگەی بڕاوە و ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار و سەرزەنشت کردنی کە سانی هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوای پەروەردگار زۆر زۆرن لەوانە :

١- هەر کەسێك داوا بکات و بپاڕێتەوە لە پێغەمبەرێك (ﷺ) یان پیاو چاکێك یان مەلائیکەیەك یان جنۆکەیەك یان جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستنیان بۆ ئەنجام بدات ئەوە کردویانێتی بە خواو پەرستراو جگە لە خوای پەروەردگار.[2] کە ئەوەش حەقیقەتی شەریك بڕیاردانی گەورەیە بۆ خوای پەروەردگار ، خوای پەروەردگار دەربارەی ئەم تاوانە فەرمویەتی:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾ (النساء: ٤٨) واتا : خوای پەروەردگار لە کەسێك ڕازی نییە و لێی خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ بڕیار دابێت (وە بەو حاڵەوە مردبێت و تەوبەی نەکردبێت لە کاتێکدا ترسناکی شیرکی بۆ ڕوون کرابێتەوە و بەڵگەی خوای پەروەردگاری بۆ باس کرابێت و بەردەوام بووبێت لە سەری ( أُقيم عليه الحجة)، وە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت کە لە خوار شیرکەوە بێت بۆ ئەو کەسەی کە خۆی ویستی لێیە (لێخۆش بوونی خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك کە نەگەیشتووەتە ڕادەی شیرك و بێ باوەڕی یان ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە و بێ سزا لێی خۆش دەبێت یان پاش سزاو پاك بونەوە ڕزگاری دەکات لە ئاگری دۆزەخ لە بەر ئەوەی شیرك و بێ باوەڕی بەرامبەر خوای پەروەردگار ئەنجام نەداوە، ئەمە واتای ئەوە نییە بڵێین ڕێگەی تاوانمان بۆ ئاسان دەبێت – بەڵکو گەورەیی خوا بە تەنها ناسین و دوور کەوتنەوە لە شیرك بڕیادانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە– چونکە موسڵمان گەر تاوانیش بکات بە ترسەوە ئەنجامی ئەدات ) وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا " وە هەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات بەڕاستی درۆیەك و تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە .

٢- لەو بەڵگە یەکلاکەرەوانەی کە پێویستە ڕوون و ئاشکرا بکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە جگە لە خوای پەروەردگار پەرستراوی تر دەپەرستن، فەرمودەی خوای پەروەردگارە کە فەرمویەتی: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ هُمۡ يُنشِرُونَ ﴿٢١﴾ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ لَا يُسۡـَٔلُ عَمَّا يَفۡعَلُ وَهُمۡ يُسۡـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الأنبياء: ٢١-٢٣) واتا: ئەوان پەرستراوی تریان داناوە و دەیپەرستن جگە لە خوای پەروەردگار لە سەر زەویدا،ئایا ئەو پەرستراوانە دەتوانن مردوو زیندوو بکەنەوە و لە زەویدا بڵاوی بکەنەوە؟ بێ گومان نەخێر دەی کە نەتوانن ئەوە بکەن چۆن شایستەی ئەوەن بکرێنە خوا. ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾ واتا : ئەگەر لە ئاسمانەکان و زەویدا خوایەك و پەرستراوێکی ڕاستەقینەی تر هەبوایە ئەوە ژیان و ڕێك وپێکی ئاسمانەکان و زەوی تێك دەچون و خراپ دەبوون، پاك و بێ گەردی بۆ ئەو خوایە ( کە خاوەنی عەرشە) لەوەی دەیڵێن گوایە کوڕ یان شەریکی هەیە ،﴿ لَا يُسۡـَٔلُ عَمَّا يَفۡعَلُ وَهُمۡ يُسۡـَٔلُونَ ﴾ واتا : خوای پەروەردگار حاکم و دەسەڵاتدارە و پرسیاری لێ ناکرێ لەو

---

[1] **بروانە** : القول السديد في مقاصد التوحيد، لعبد الرحمن بن ناصر السعدي، ص٣١، ٣٢، ٥٤.

[2] **بروانە** : فتح المجيد شرح كتاب التوحيد، ص٢٤٢.

کارانەی ئەنجامی دەدات و ڕەخنەی لێ ناگیرێ لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار خاوەنی گەورەیی و زانیاری و داناییەکی تەواوە (وَهُمْ يُسْأَلُونَ) واتا: بەڵکو ئەوان (هاوەڵ بڕیاردەران ) پرسیار لێ کراون لە سەر کارەکانیان .[1]

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا خوای پەروەردگار ئینکاری و نکۆڵی لە سەر ئەو کەسانە دەکات کە جگە لە خوای پەروەردگار لە سەر زەویدا پەرستراوی تریان داناوەو دەیان پەرستن، جا ئەو پەرستراوانە دارو بەردەکان بن یان بتەکان بن کە دەپەرسترێن جگە لە خوای پەروەردگار ، ئایا ئەو پەرستراوانە دەتوانن مردووەکان زیندوو بکەنەوەو بە سەر زەویدا بڵاویان بکەنەوە؟ وەڵام: بێ گومان نەخێر ناتوانن و دەسەڵاتیان نییە بەسەر هیچ کارێك لەو کارانەدا، وە ئەگەر لە ئاسمانەکان و سەر زەویدا پەرستراوێکی تری ڕاستەقینە هەبوایەو شایستەی پەرستن بوایە ئەو کاتە ژیانی دروست کراوەکان و ڕێك وپێکی ئاسمانەکان و زەوی تێك دەچون و خراپ دەبوون، لە بەر ئەوەی بوونی چەند خوایەك و پەرستراوێك ڕێ نەدان و نەگونجان و ناکۆکی دەخوازێت، کە بە هۆیەوە لەناو چون و نەمان ڕوو دەدات، ئەگەر دابنرێت دوو پەرستراو هەیە، یەکێکیان بیەوێت شتێك دروست بکات بەڵام ئەوەی تریان نەیەوێت ئەو شتە دروست بکات، یان یەکێکیان بیەوێت شتێك ببەخشێت ئەوەی تریان نەیەوێت و ڕێگر بێت، یان پەرستراوێکیان بیەوێت لاشەیەك بجوڵێ ئەوەی تریان بییەوێ وەستاو بێت، لەم کاتەدا ڕێك وپێکی هەموو بونەوەران وژیانی دونیا تێك دەچێت، لە بەر ئەوەی :

* شتێکی نەگونجاوە و نەمەعقوڵیشە لە یەك کاتدا مەبەستی هەردوو کیان بێتە دی، چونکە ئەگەر مەبەستی هەردوکیان بێتە دی ئەو کاتە ئەوە دەخوازێت کە دوو شتی زۆر جیاواز لە یەك کاتدا کۆ ببێتەوە، یان ئەوە دەخوازێت لە یەك کاتدا شتێك زیندوو بێت و مردوش بێت، جوڵاو و وەستاو بێت ، کە بوونی شتی بەو شێوەش نە گونجاوە و نەشایستەیە .

* وە ئەگەر مەبەستی هیچ کامیان نەهاتە دی ئەو کاتە بێ دەسەڵاتی لە هەر دوکیاندا دەردەکەوێت کە ئەوەش پێچەوانەی گەورەیی دەسەڵاتی خوای پەروەردگارە .

* وە ئەگەر مەبەستی یەکێکیان هاتە دی و کاری جێ بە جێ بوو، ئەو کاتە ئەو پەرستراوەی مەبەستەکەی دێتە دی و کارەکانی جێ بە جێیە پەرستراوی بە توانا و بە دەسەڵاتە و ئەوەی تریان پەرستراوی بێ توانا و بێ دەسەڵاتە .

* وە کۆبونەوە و ڕێکەوتنیان لە سەر هاتنەدی یەك مەبەست لە هەموو کارێکدا شتێکی ناشیاوو نەگونجاوە. بۆیە لەم کاتەدا ئەو پەرستراوەی کە بەدەسەڵاتە و زاڵە بەسەر بەڕێوەبردنی کارەکانیدا تەنها ئەویان مەبەستەکەی هاتۆتە دی و کارەکانی جێ بە جێیە بێ هیچ ڕێگرو بەربەرەکانی و ڕا جیاوازیەکی بەرامبەری، وەبێ بوونی هیچ هاوەڵێك، کە ئەویش خوای دروست کەرو بەدیهێنەر و تاك و تەنهایە، کە هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە خۆی هەر ئەو پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەیە، وە هیچ پەروەردگارێك نییە جگە لە خۆی، هەر بۆیە خوای پەروەردگار بەڵگەی ناشیاوی و نادروستێتی بوونی زیاتر لە پەرستراوێکی باس کردوە و فەرمویەتی: ﴿ مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾(المؤمنون: ٩١-٩٢) واتا: هەرگیزو بە هیچ شێوەیەك خوای پەروەردگار کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەو منداڵی خۆی وە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ خوای پەروەردگاردا پەرستراوی حەق و ڕاستەقینە نییەو هاوەڵ و شەریکی نییە، گەر پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەی تر لە گەڵ خوای پەروەردگاردا هەبوایە ئەوکاتە هەریەکەیان یارمەتیدەرو بەڕێوەبەری ئەو شتانە ئەبوون کە خۆی دروستی کردوون ( بۆیە ئەو کاتە ژیان و ڕێك و پێکی و جوانی ئەم بونەوەرانە تێکدەچون ) وە

---

[1] بروانە : تفسير القرآن العظيم ، للإمام ابن كثير ٢٣٦/٣ تفسير سورة الأنبياء .

هەندێ لە دروستکراوەکانی زاڵ ئەکرد بەسەر هەندێکیاندا، ﴿سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ : پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە هاوەڵ بڕیاردەران ئەیلێن و ئەیدەنە پاڵی (گوایە منداڵ و هاوەڵ و شەریکی هەیە) ﴿عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾: ئەو خوایە شارەزاو ئاگاداری هەموو نهێنی و دیارو ئاشکراکانە بەرزی و بڵندی و گەورەیی تەنها بۆ ئەوە بەرامبەر بەو شتانە کە نەفامان و هاوەڵ بڕیاردەران دەیکەنە هاوەڵ و شەریکی .

وە بوونی ئەم هەموو بونەوەرانەی ژێروو سەرو بەو هەموو جوانی و ڕێك و پێکیە و بوونی تێکەڵاوی و پەیوەندیان بەیەکەوە لەو پەڕی وردەکاری و تەواوەتیدایە ﴿مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ ۝٣﴾ (الملك: ٣) واتا: هیچ ناڕێکی و نا بەجێیەك نابینیت لە دروست کراوەکانی خوای پەروەردگاردا ، بەڵکو هەموویان گوێڕایەڵ و ئامادەو ڕێکخراون بە داناییەوە (لە لایەن خوای گەورەوە) بۆ بەرژەوەندی دروست کراوەکانی، هەموویان بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە بەڕێوبەرو پەروەردگارو خوایان تەنها یەك خوایە، هیچ پەرستراوو دروست کەریان نییە جگە لەو (خوای پەروەردگار) .[1]

٣- ئەوەی کە شتێکی ڕوون و زانراوە لە لای هەموو کەسانی عاقڵ و ژیرمەند ئەوەیە هەموو ئەو پەرستراوانەی کە دەپەرسترێن جگە لە خوای پەروەردگار بێ هێزو بێ دەسەڵاتن لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو پەرستراوانە هیچیان بەدەست نییە بۆ خۆیان و بۆ جگە لە خۆشیان لە سودو قازانج و زیان ، لە ژیان ومردن ، لە بەخشین و ڕێگری کردن و نەبەخشین، لە بەرزی و نزمی ، وە وەسف ناکرێن بە هیچ سیفاتێك لەو سیفاتانەی کە پەرستراوی ڕاستەقینەی پێ وەسف دەکرێت، دەی کەوابوو چۆن ئەو پەرستراوانە دەپەرسترێن کە ئەوە حاڵیانە؟ وە چۆن ئومێدت بە پەرستراوێك دەبێت کە ئەوەحاڵێتی؟ یان چۆن لێی دەترسێیت کە ئەوە سیفاتێتی؟ یان چۆن هاواری بۆ دەکرێت و داوای لێ دەکرێت لە کاتێکدا نە دەبیستێت و نەدەبینێت و نە هیچ شتێکیش دەزانێت .[1]

وە خوای پەروەردگار بە جوانترین شێوە بێ دەسەڵاتی و بێ هێزی ئەو پەرستراوانەی کە جگە لە خۆی دەپەرسترێن ڕوون کردۆتەوە، هەروەك فەرمویەتی: ﴿قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ۝٧٦﴾ (المائدة: ٧٦) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئایا ئێوە (موشریکین) عیبادەت بۆ جگە لە خوای پەروەردگار دەکەن لە کاتێکدا نە زیان و نە سودیان نییە بۆتان وە خوای پەروەردگار بیسەرو زانایە .

وە هەروەها خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿أَيُشۡرِكُونَ مَا لَا يَخۡلُقُ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ۝١٩١ وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ لَهُمۡ نَصۡرٗا وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ۝١٩٢ وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمۡۚ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡ أَدَعَوۡتُمُوهُمۡ أَمۡ أَنتُمۡ صَٰمِتُونَ ۝١٩٣ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ۝١٩٤ أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ۝١٩٥ إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ۝١٩٦ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَكُمۡ وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ۝١٩٧ وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْۖ وَتَرَىٰهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ۝١٩٨﴾ (الأعراف: ١٩١-١٩٩)

---

[1] **بڕوانە** : درء تعارض العقل والنقل لابن تيمية ٣٥٢/٩، ٣٥٤، ٣٣٧-٣٨٢، ٣٥/١-٣٧، وتفسير البغوي ٢٤١/٣، ٣١٦، وابن كثير ٢٥٥/٣، ١٧٦، وفتح القدير للشوكاني ، ٤٠٢/٣، ٤٩٦، وتفسير عبد الرحمن السعدي ، ٢٢٠/٥، ٣٧٤، وأيسر التفاسير لأبي بكر جابر الجزائري ٩٩/٣، ومناهج الجدل في القرآن الكريم للدكتور زاهر بن عواض الألمعي ص ١٥٨-١٦١.

[1] **بڕوانە** : تفسير ابن كثير ٨٣/٢، ٢١٩، ٢٧٧، ٤١٧، ٤٧/٣، ٢١١، ٣١٠، وتفسير السعدي ٣٢٧/٢، ٤٢٠، ٢٩٠/٣، ٤٥١ ،٢٧٩/٥، ٤٥٧ ، ١٥٣/٦، ،و أضواء البيان للشنقيطي ، ٤٨٢/٢، ١٠١/٣، ٣٢٢، ٥٩٨، ٤٤/٥، ٢٦٨/٦.

﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴾ واتا: ئایا دروست کراوەکانی خوای پەروەردگار دەکەنە هاوەڵ و شەریکی خوای گەورە لە کاتێکدا ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن؟ بەڵکو خۆیان دروست کراون ،وە ناتوانن سەرخەری خۆیان و هاوار کەرانیان بن .

﴿ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْ ۚ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ ﴾واتا: هاواریان لێ بکەن و بانگیان بکەن بۆ سەر ڕێگای هیدایەت و ڕاستی شوێنتان ناکەون (چونکە ڕوح لەبەر نین)، یەکسانە بۆ ئێوە ئەی هاوەڵ بڕیاردەران هاواریان بۆ بکەن و لێیان بپاڕێنەوە یان بێ دەنگ بن و لێیان نەپاڕێنەوە (چونکە بێ گیانن، بێ گیانیش ناتوانێت هیچ کارێك بۆخۆی بکات چ جای بۆ جگە لە خۆی! پەرستراوی ڕاستەقینە نین ، بەڵکو ئەوەی پەرستراوی ڕاستەقینە بێت تەنها ئەو خوایەیە کە هەرکەسێك بیپەرستێت سودی پێ دەگەیەنێت، هەرکەسێك سەرپێچی بکات زیانی پێ دەگەیەنێت، هەرکەسێك خۆشەویستی بێت سەری دەخات، هەرکەسێك دژایەتی بکات سەرشۆڕی دەکات، هەرکەسێك گوێ ڕایەڵی بکات ڕێنمونی دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست، هەرکەسێك لێی بپاڕێتەوە پاڕانەوەکەی دەبیستێت و وەڵامی دەداتەوە ) .

﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ ۖ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٩٤﴾ ﴾واتا: ئەوانەی ئێوە لێیان دەپاڕێنەوە و هاواریان بۆ دەکەن ئەی هاوەڵ بڕیاردەران وەکو ئێوە دروست کراون (بەڵکو مرۆڤەکان گەلێك لەوان تەواو ترو بەدەسەڵات ترن، چونکە ئێوە ئەبینن ئەوان نابینن ئێوە ئەبیستن ئەوان نابیستن ئێوە دەست و قاچ و چاوتان هەیە ئەوان نیانە) دەی ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ئەو پەرستراوانە سودو زیانیان بەدەستە کاتێك هاواریان بۆ دەکەن با وەڵامی پاڕانەوەکانتان بدەنەوە کاتێك لێیان ئەپاڕێنەوە ، ئەگەر وەڵامی پاڕانەوەکانتانیان نەدایەوە ئەوە بێ گومان بن لەوەی کە نەسودو نەزیانیان بەدەست نییە، چونکە سودو زیان گەیاندن بە دەست خوایەکە کاتێك هاواری بۆ بکرێت بیبیستێت و سود بەو کەسە بگەیەنێت کە چاکە کارە و زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە خراپەکارەو شایستەیەتی .

﴿ أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا ۖ أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا ۖ أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا ۖ أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۗ قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ﴿١٩٥﴾ ﴾ واتا : ئایا (ئەی هاوەڵ بڕیاردەران ) ئەو بت و پەرستراوانەی ئێوە قاچیان هەیە تا لەگەڵتاندا بێن و بچن کارەکانتان بۆ جێ بە جێ بکەن؟ یان ئایا ئەوان دەستیان هەیە تا بەرەنگاریتان لێ بکەن و کاری خراپتان لێ بگێڕنەوە؟ یان ئایا ئەوان چاویان هەیە تا ئێوەی پێ ببینن و ئەو شتانەشی لە ئێوە بزرە ببینن؟ یان ئایا ئەوان گوێیان هەیە تا ئەو شتانەتان پێ ڕابگەیەنن کە ئێوە ئاگاتان لێی نییە و نایبیستن؟ (بێ گومان بۆ هەمووی نەخێر) .

قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو هاوەڵ بڕیاردەرانە بڵێ خۆتان و هەموو ئەو پەرستراوانەی کە ئەیپەرستن جگە لە خوای پەروەردگار کۆ ببنەوەو تواناو فێڵتان بخەنە گەڕو چاو ترو کانێکیش دامەنیشن و ماندوو مەبن بەڵکو پەلەش بکەن بۆ ئەوەی زیانم بگەیەنن .(خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕائەگەیەنێت کە ئەیپارێزێت و بە هیچ شێوەیەك ناتوانن زیانی پێ بگەیەنن ) .

﴿ إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ ۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ ﴿١٩٦﴾ ﴾: واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: بەڕاستی پشت و پەنای من تەنها ئەو خوایەیە کە قورئانی پیرۆزی دابەزاندووە و سەرپەرشتی و چاودێری چاکەکاران دەکات .

﴿ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا ۖ وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿١٩٨﴾ ﴾ : ئەی هاوەڵ بڕیاردەران ئەوانەی ئێوە لێیان دەپاڕێنەوە و هاواریان بۆ دەکەن جگە لە خوای پەروەردگار ناتوانن سەرتان بکەوێنن و یارمەتیتان بدەن بەڵکو لەوەش بێ دەسەڵات ترن کە ناتوانن سەرخەری

خۆشیان بن، وە ئەگەر بانگیان بكەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت گوێ بیستی بانگەوازەكەت نابن چ جای یارمەتیدەرو سەركەوێنەرت بن، وە دەیان بینیت سەیرت دەكەن بەڵام ناتبینن ( چونكە چاویان نییە) .

وە هەروەها خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾ ﴾ (الفرقان: ٣) واتا : هاوەڵ بڕیاردەران جگە لە خوای پەروەردگار پەرستراوی تریان داناوە دەیان پەرستن و هاواریان بۆ دەكەن لە كاتێكدا ئەو پەرستراوانە ناتوانن هیچ شتێك دروست بكەن بەڵكو خۆیان دروست كراون، وە هیچ زیان و قازانجێكیان بۆ خۆیان بە دەست نییە ، وە نە مردن و نەژیان و نەزیندوو كردنەوەشیان بەدەستە .

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانن ناخۆشی و ناڕەحەتی لەسەر ئەو كەسانە لابەرن كە هاواریان بۆ دەكەن یان وەریگێڕنە سەر كەسێكی تر، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ ﴾ (الإسراء: ٥٦) واتا : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو موشریكانە بڵێ: كە جگە لە خوای پەروەردگار ئەپەرستن و گومانتان وایە جگە لە خوای پەروەردگار وەڵامتان ئەداتەوە بێ گومان بن كە بە هیچ شێوەیەك ئەو پەرستراوانە ناتوانن ناخۆشی و ناڕەحەتیتان لە سەر لابەرن و بیدەن بە سەر كەسانێكی تردا، دەی كەواتە تەنها خوای پەروەردگار توانای بەسەر هەموو كارێكدا هەیە .

٤- ئەوەی كە زانراوە بە دڵنیاییەوە ئەوانەی كە هاوەڵ پەیداكەران دەیان پەرستن جگە لە خوای پەروەردگار لە پێغەمبەران (ﷺ) و پیا و چاكان و فریشتەكان و ئەو جنۆكانەی كە باوەڕیان هێناوە، هەموویان سەرقاڵن بە كاری خۆیانەوە و دەربڕینی بێ دەسەڵاتی خۆیان بەرامبەر بە خوای پەروەردگار، وە پێش بڕكێیانە بۆ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار و ئومیدیان بە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگارە و لە سزاشی دەترسێن، دەی كەسانێك ئەوە حاڵیان بێت چۆن دەپەرسترێن و هاواریان بۆ دەكرێت كە خۆشیان وەكو تۆ بەندە و بێ دەسەڵاتن بەرامبەر بە خوای پەروەردگار[1]، خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾ ﴾ (الإسراء: ٥٧) واتا: ئەی هاوەڵ بڕیاردەران ئەوانەی كە ئێوە جگە لە خوای پەروەردگار لێیان دەپاڕێنەوەو ئەیان پەرستن، ئەوان خۆیان باوەڕیان هێناوەو خۆیان بە بەندەو بێ دەسەڵات ئەزانن بەرامبەر بە خوای پەروەردگار وە ئەیانەوێت لە خوای پەروەردگار نزیك ببنەوە بە باوەڕهێنان و كردنی كردەوەی چاكە وە ئومیدیان بە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار هەیەو لە سزاشی ئەترسن، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاستی سزای پەروەردگارت مەترسی لێكراوە .

٥- خوای پەروەردگار ئەوەی بۆمان ڕوون كردۆتەوە كە هەموو پەرستراوان جگە لە خوای پەروەردگار دەپەرسترێن هەموو هۆكارێكی بێ دەسەڵاتیان تیادا كۆبۆتەوە لە هەموو ڕویەكەوە، وە ناتوانن وەڵامی پاڕانەوەی ئەو كەسانە بدەنەوە كە لێیان دەپاڕێنەوە ، ئەو پەرستراوانە (جگە لە خوای پەروەردگار) لە ئاسمانەكان و زەویدا بە ئەندازەی دەنكە گەردیلەیەك (**مثقال ذرة**) موڵكیان نییە، نەبە شێوەی سەر بەخۆ ، نەبە شەریكایەتی ، وە خوای پەروەردگاریش هیچ پێویستی بەو پەرستراوانە نیە تا یارمەتی دەری بن لە بەڕێوەبردنی موڵك و دەسەڵاتیدا، وە (شەفاعەت) و تكاكردنی هیچ كەسێك سودی نییە لای خوای پەروەردگار تا خوای پەروەردگار ڕێگەی پێنەدات .[1]

[1] **بروانە** : تفسير ابن كثير ٣/٤٨، وتفسير السعدي ٤/٢٩١.

[1] **بروانە** : تفسير ابن كثير ٣/٣٧، وتفسير السعدي ٦/٢٧٤.

خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾ (سبأ: ٢٢-٢٣) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو بێ باوەڕو موشریکانە بڵێ: بپاڕێنەوە و هاوار بکەن بۆئەو پەرستراوانەی کە باوەڕتان وایە وەڵامتان ئەدەنەوە و بە فریاتان دێن، نەخێر ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە هاواری بۆ دەکەن (جگە لە خوای پەروەردگار) لە ئاسمانەکان و زەویدا بە ئەندازەی دەنکە گەردیلەیەك (مثقال ذرة) موڵکیان نییە، نەبە شێوەی سەر بەخۆ، نەبە شەریکایەتی، وە خوای پەروەردگاریش هیچ پێویستی بەو پەرستراوانە نییە تا یارمەتی دەری بن لە بەڕێوەبردنی موڵك و دەسەڵاتی، وە (شەفاعەت) و تکاکردنی هیچ کەسێك سودی نییە لە لای خوای پەروەردگار تا خوای پەروەردگار ڕێگەی پێنەدات .

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ﴿١٤﴾ ﴾ (فاطر: ١٣-١٤) واتا: پەروەردگاری ئێوە ئەو پەروەردگارەیە کە هەرچی دەسەڵات وموڵك هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەمووی هی ئەوە، وە ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە (هاوەڵ بڕیاردەران) لێیان ئەپاڕێنەوە و گومانتان وایە سودیان هەیە بۆتان ، لە ئاسمانەکان و زەویدا بە ئەندازەی توێکڵە خورمایەك موڵك و دەسەڵاتیان نیە، گەر لێیان بپاڕێنەوە گوێیان لە پاڕانەوەکەتان نییە (چونکە بێ ڕوحن ئەگەر دارو بەردەکان بن، یان مردون و بێ ئاگان لێتان ئەگەر مرۆڤ یان فریشتەکان یان جنۆکەکان بن ئەوانەی کە ئێوە لێیان ئەپاڕێنەوە ) وە دەسەلاتیان نیە بەسەر هیچ شتێکدا وەڵامیشتان نادەنەوە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا بەرین لێتان، وە هیچ کەسێك هەواڵت پێ نادات بە سەر ئەنجام و دوایی کارەکان وەك خوای پەروەردگار کە زۆر شارەزاو بە ئاگایە بە هەموو نهێنی و ئاشکرایەك .

٦- خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلۡ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ (الزمر: ٣٨) واتا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵ بڕیاردەران بڵێ: ئایا پێم ناڵێن ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن ئەگەر خوای پەروەردگار بیەوێت توشی ناخۆشی و ناڕەحەتیەکم بکات ئایا ئەوان دەتوانن لە سەرمی لابدەن، یان ئەگەر خوای پەروەردگار بیەوێت توشی خێرۆ خۆشیم بکات ئایا ئەوان ئەتوانن بیگرنەوە و نەهێڵن بۆم ببێت، بڵێ: تەنها خوای پەروەردگارم بەسە کە پشتی پێ ببەستم و داوای لێبکەم وە پشت بەستوانی ڕاستەقینەش تەنها پشت بە خوای پەروەردگار دەبەستن.

٧- وە هەروەها فەرمویەتی: ﴿ وَلَا تَدۡعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَۖ فَإِن فَعَلۡتَ فَإِنَّكَ إِذٗا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُرِدۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾ (یونس: ١٠٦-١٠٧) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مەپاڕێوە و هاوار مەکە بۆ جگە لە خوای پەروەردگار کە نەسودت پێدەگەیەنێت گەر هاواری بۆ بکەیت و لێی بپاڕێیتەوە، وە نە زیانت پێدەگەیەنێت گەر هاواری بۆ نەکەیت و لێی نەپاڕێیتەوە، تۆ ئەگەر ئەو کارەت کرد ئەبیت لە هاوەڵ بڕیاردەران و موشریکان، ئەگەر خوای پەروەردگار بیەوێت توشی ناڕەحەتیەکت بکات هیچ کەس ناتوانێت لەسەرتی لابەرێت تەنها خۆی نەبێت ، وە ئەگەر بیەوێت توشی خێرو خۆشیەکت بکات هیچ کەس ناتوانێت و ڕێگر نییە لە بەرامبەر فەزڵی خوای پەروەردگاردا، خێرو بەرەکەت ئەڕێژێت بەسەر هەر کەسێك

لە بەندەكانی كە خۆی ویستی لێیەتی، وە خوای پەروەردگار لێخۆش بوو بە بەزەییە بەرامبەر ئەو كەسانەی كە تەوبە ئەكەن و ئەگەڕێنەوە بۆ لای با هاوەڵیشیان بۆ بڕیاردابێت .

موسڵمانی خۆشەویست ئەوە وەسفی هەموو پەرستراوێكی دروست كراوە كە ناتوانێت نەسودو قازانج و نەزیانیش بە هیچ كەسێك بگەیەنێت، ئەوەی كە بتوانێت بە هاناتەوە بێت و سودت پێببەخشێت تەنها خوای پەروەردگارە، بۆیە هەركەسێك بپاڕێتەوە و داوا لە كەس و شتێك بكات ﴿كە نەسودی پێدەگەیەنێت ئەگەر هاواری بۆ بكات و لێی بپاڕێتەوە، وە نە زیانی پێدەگەیەنێت ئەگەر هاواری بۆ نەكات و لێی نەپاڕێتەوە﴾ ئەوە زوڵم و ستەمی لە خۆی كردووە و خۆی توشی شیركی گەورە كردووە، جا موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لە غەیری خوای پەروەردگار بپاڕێتەوە و هاواری بۆ بكات ببێت لە كەسانی ستەم كار و هاوەڵ بڕیاردەران ، ئەی دەبێت كەسانی تر حاڵیان چۆن بێت؟[1] ﴿لە كاتێكدا زۆرێك لە موسڵمانان باوەڕی تەواویان بە پیاو چاكان و مەلائیكە و جنۆكەو دار و بەردو میروو و گۆڕەكان هەیە گوایە دەسەڵاتیان هەیە سودو قازانج و زیان بە غەیری خۆیان بگەیەنن﴾ بۆیە ئەوەی سودو قازانج و زیانی بەدەست بێت و شایستەی پەرستن بێت بە تاك و تەنها، تەنها خوای پەروەردگارە ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ ﴾ (الأنعام: ١٧) .

وە هەروەها فەرمویەتی : ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴿٦﴾ ﴾ (الأحقاف: ٥-٦) واتا: كێ لەوكەسە ستەم كارترو گومڕاو سەرلێشێواترە كە لە غەیری خوای پەروەردگار ئەپاڕێتەوە و هاواری بۆ دەكات كە هەتا ڕۆژی قیامەت (ئەو پەرستراوە) وەڵامی ناداتەوە و لە هاوار بۆ كردنەكانیان بێ ئاگان، وە كاتێك خوای پەروەردگار كۆیان دەكاتەوە و حەشریان دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا، هاوار بۆكراوان ( پەرستراوان) دەبنە دوژمنیان و خۆیان بەری دەكەن لەو پەرستنانەی كە هاوەڵ بڕیاردەران بۆیان ئەنجام دابوون .

ئایا كەسێك هەیە لەو كەسە ستەم كارترو گومڕاو سەرلێشێواتر بێت لەو هاوەڵ بڕیاردەرانە كە جگە لە خوای پەروەردگار ئەپەرستن و هاواریان بۆ دەكەن؟ بێ گومان هیچ كەس نییە لەو كەسە ستەم كارترو گومڕاو سەرلێشێواتر بێت. لە كاتێكدا پەرستراوەكان وەڵامیان نادەنەوە چەندێك ئەوان لە دونیادا بن، وە بە ئەندازەی دەنكە گەردیلەیەك (مثقال ذرة) سودیان پێناگەیەنن، وە گوێ بیستی پاڕانەوەكانیان نابن و وەڵامیان نادەنەوە، ئەوەیە حاڵیان لە دونیادا، وە لە قیامەتیشدا پەرستراوان خۆیان لێیان بەری دەكەن ودەبنە دوژمنیان و هەندێكیان نەفرەت لە هەندێكیان دەكەن و هەندێكیان خۆیان لە هەندێكیان بەری دەكەن .[1]

٨- هێنانەوەی نمونەكان ڕوونترین و بە هێزترین ڕێگەن بۆ پیشاندان و ڕوونكردنەوەی شتە عەقڵیەكان لە شێوەی كارە هەست پێكراوەكاندا، كە ئەویش گەورەترین هۆكارە بۆ ڕەددانەوەی بت پەرستان و هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕی پوچەڵیان و یەكسان كردنی بت و پەرستراوەكانیان لە گەڵ خوای پەروەردگاردا لە پەرستن و بە گەورەزانینیاندا، لەبەر زۆری ئەم جۆرە نمونانە لە قورئانی پیرۆزدا تەنها سێ نمونەباس ئەكەم تا زیاتر مەبەستمان ڕوون ببێتەوە :

[1] **بروانە** : تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ، للسعدي، ص٣٣١.

[1] **بروانە** : تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ، ص٧٢٤.

أ- خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾ ﴾ (**الحج: ٧٣-٧٤**) واتا: ئەی خەڵکینە ( هاوەڵ بڕیاردەران) خوای پەروەردگار نمونەیەکی هێناوەتەوە لە سەر بێ دەسەلاٌتی پەرستراوەکانتان جوان گوێ لەو نموونەیە بگرن و لێی تێ بگەن ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن و هاواریان بۆ دەکەن جگە لە خوای پەروەردگار گەر هەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ دروست کردنی تەنها یەك مێشێك ناتوانن، بەڵكو لەوەش بێ تواناو بێ دەسەلاٌت ترن لە کاتێکدا ئەگەر مێشێك (کە یەکێکە لە بێ هیزترین دروست کراوەکانی خوای پەروەردگار) بێت و شتێکی شیرین یان خواردنێك بە سەریانەوە هەبێت و ببیات ناتوانن لێی بسەننەوە ، بە ڕاستی پەرستراوەکان و مێشەکان زۆر بێ دەسەلاٌتن[1]، یان بەڕاستی پەرستراوەکان و ئەو کەسانەی کە هاواریان بۆ دەکەن و دەیان پەرستن بێ دەسەلاٌتـــن[1]، وە بەڕاستی ئەو کەسانەی کە لەغەیری خوای پەروەردگار دەپاڕێنەوە و دەیان پەرستن ڕێزو گەورەیی خوای پەروەردگاریان نەزانیوەو ڕێزی تەواویان نەگرتوە لە کاتێکدا لە گەڵ خوای پەروەردگاردا پەرستراوی تر دەپەرستن، بەڕاستی تەنها خوای پەروەردگار بە تواناو بە دەسەلاٌت و بە هێزە، هەموو شتێکی دروست کردووە و زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا بە هێزو توانای خۆی بێ ئەوەی هیچ ڕێگرێکی هەبێت .

پێویستە لە سەر هەموو بەندەیەك گوێ لەم نمونە جوانە بگرێت و زۆر بە جوانی لێی ورد ببێتەوە، چونکە بەڕاستی هەموو جۆرو شتە شرکیەکان لەدڵیدا بن بڕ دەکات و نایهێڵێت، ئەو پەرستراوانەی کە دەپەرسترێن و هاواریان بۆ دەکرێت ئەگەر هەموویان کۆ ببەنەوە مێشێك دروست بکەن ناتوانن، ئەی ئەبێ چۆن بتوانن شتی گەورەتر دروست بکەن؟ بەڵکو ناتوانن سەرکەون بەسەر ئەو مێشە بێ دەسەلاٌتە کە شتێکی شیرین یان خواردنێکیان بەسەرەوە بێت ببیات لێی بسەننەوە، ئەو پەرستراوانە نە دەتوانن مێشێك کە بێ دەسەلاٌت ترین دروست کراوە دروست بکەن، وە دەسەلاٌتیان نییە بەسەر ئەو مێشەدا کە شتێکیان بەسەرەوە بێت ببیات و لێیان بسەننەوە، ئای چەندێ بێ دەسەلاٌت و بێ توانان ئەو پەرستراوە باطڵ و ناڕاستانە! دەی کەوابوو چۆن کەسێکی ژیرو عاقڵ دەیان پەرستێت و هاواریان بۆ دەکات جگە لە خوای پەروەردگار؟!

ئەم نمونەیە یەکێکە لە ڕوون ترین و بەهێزترین نمونەکانی قورئانی پیرۆز لەسەر بەتاڵی و نادروستی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، وەڕونترین و بەهێزترین نمونەیە لەسەر نەزانی و نەفامی کەسانی هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوای پەروەردگار [1].

ب- وە لە جوانترین نمونەکانی قورئانی پیرۆز کە بەڵگە بێت لەسەر نادروستێتی و ناشیاوی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، وە خەسارەو مەندی خاوەنەکەی وە هاتنەدی شتێك بە پێچەوانەی ئاواتەکەیەوە، فەرمودەی خوای پەروەردگارە کە فەرمویەتی: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ (**العنكبوت: ٤١**) واتا: نمونەی ئەو کەسانەی کە جگە لە خوای پەروەردگار خۆشەویست و پەرستراوی تریان داناوە ئومێدی سەرکەوتن و ڕزق و هێنانی خۆشی و لابردنی

---

[1] **لەسەر بۆ چونی** إبن عباس (رضي الله عنه) ، **وە** إبن جرير الطبري **ئەم ڕایەی پەسەند کردووە . بڕوانە** : تفسير القرآن العظيم للإمام ابن كـثير رحمـه الله تعـالى (٣/٣١٦)

[1] **لە سەر بۆ چونی ئیمامی** (السّدي)**بە ، وە بڕوانە** (تفسير القرآن العظيم للامام ابن كير -رحمه الله تعالى ، (٣/٣١٦) .

[1] **بڕوانە** : أمثال القرآن ، لابن القيم، ص٤٧، والتفسير القيم ، لابن القيم، ص٣٦٨، وتفسير البغوي ، ٣/٢٩٨، وتفسير ابن كثير، ٣/٢٣٦، وفتح القدير للشوكاني ، ٣/٤٧٠، وتفسير الـسعدي، ٥/٣٢٦.

ناخۆشیان پێیانە، ئەوان لەو کارەیاندا وەکو جاڵجاڵۆکەیەك وان کاتێك ئەو جاڵجاڵۆکەیە لانەیەك دروست دەکات تا سودی لێ ببینێت و لە پاڵیدا بحەسێتەوە بەڵام سودی پێناگەیەنێت لەبەرئەوەی سوکترین و بێ هێزترین لانەیە ، بەهەمان شێوە ئەو پەرستراوانەی کە هاوەڵ بڕیاردەران هاواریان بۆ دەکەن و پشتیان پێ بە هێز دەکەن وەکو لانەی ئەو جاڵجاڵۆکەیە وایە کە هیچ سودیان پێ ناگەیەنن، ئەگەر هاوەڵ بڕیاردەران ئەو حاڵەیان بزانیایە یان گوێیان پێ بدایە جگە لە خوای پەروەردگار خۆشەویست و پەرستراوی تریان دانەئەنا .

ئەمەش نمونەیەکە کە خوای پەروەردگار هێناویێتیەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە گەڵ خوای پەروەردگاردا پەرستراوی تر دەپەرستن مەبەستیان پێیان بەهێز بوون و سودو قازانجیانە، خوای پەروەردگار ڕوونی کردۆتەوە ئەو هاوەڵ بڕیاردەرانە بێ دەسەلاتن (وەکو ئەو پەرستراوانەی کە ئەوان گێڕاویانن بە خۆشەویست و پەرستراو جگە لە خوای پەروەردگار) بەڵکو لەوان بێ دەسەڵات ترن، هاوەڵ بڕیاردەران لە بێ دەسەڵاتیان و ئەو هاوەڵەی کە بڕیاری ئەدەن بۆ خوای پەروەردگار نمونەیان وەکو جاڵجاڵۆکەیەك وایە (کە یەکێکە لە بێ هێزترین دروست کراوەکانی خوای پەروەردگار) کە لانەیەك دروست دەکات تا سودی لێ ببینێت و لە پاڵیدا بحەسێتەوە بەڵام لەبەر لاوازی و ناسکی ئەو داوانەی کە لێی دروست کردووە هیچ سودی لێ نابینێت ، بەهەمان شێوە کەسانی هاوەڵ بڕیاردەریش کاتێك پەنا دەبەنە بەر جگە لە خوای پەروەردگار هیچ سودیان پێناگەیەنن بەوێنەی لانەیەی ئەو جاڵجاڵۆکەیە چۆن سودی پێناگەیەنێت، وەبێ دەسەڵاتی لەسەر بێ دەسەڵاتیان زیاد دەکات .(1)

ج- وە لە ڕوون ترین و جوانترین نمونەکانی قورئانی پیرۆز کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە کەسی موشریك حاڵ و کارەکانی پچڕ پچڕ و ناڕێکە و کەسێکی سەرسامە لە کارەکانیدا، فەرمودەی خوای پەروەردگارە کە فەرمویەتی : ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٩ ﴾ (الزمر: ٢٩) واتا: خوای پەروەردگار نمونەی لەسەر بەندەیەك هێناوەتەوە لە کاتێکدا ئەو بەندەیە هی چەند کەسێك بێت هەر یەك بۆ ئیش و مەبەستی خۆی بە کاری بهێنێت، وە بەندەیەك تەنها بەندەی یەك کەسێك بێت ، ئایا ئەو دوو بەندەیە یەکسانن ؟ بێ گومان نەخێر . سوپاس بۆ خوای پەروەردگار ، بەڵکو زۆربەی خەڵکی نازانن .(2)

ئەمەش نمونەیەکە خوای پەروەردگار هێناویێتیەوە سەبارەت بە کەسێکی هاوەڵ بڕیاردەرو کەسێکی تەنها یەکخوا پەرست، کەسێکی هاوەڵ بڕیاردەر لە کاتێکدا چەند پەرستراوێك ئەپەرستێت شوبهێنراوە بەبەندەیەك کە بەندەو ژێر دەستەی چەند کەسێکی ڕا جیاوازو ڕەوشت خراپ و ناکۆك بێت هەر یەکەیان ئەیەوێت بۆ خزمەتی خۆی بەکاری بهێنێت، ئەویش ناتوانێت مەبەستی هەموویان بێنێتە دی و ڕازییان بکات بۆیە هەمیشە لە ناڕەحەتی دایە .

بەڵام کەسی خوا بە تەنها پەرست لە کاتێکدا تەنها خوای تاك و تەنها دەپەرستێت، نمونەی وەکو بەندەیەك وایە کە تەنها هی یەك کەس بێت و تەواو خۆی دابێتە دەستی و لە مەبەستەکانی بزانێت وە ئەو ڕێگەیەی کە دەیگەیەنێتە ڕازی بوونی، بۆیە هەمیشە کەسێکی دڵ ئارامە و دورە لە کێشە و ڕاجیایی و دووبەرەکی، بەڵکو کەسێکە تەواو خۆی تەسلیمی خاوەنەکەی کردووە بێ هیچ کێشە وناکۆکیەك تیایدا، لە گەڵ ئەو هەموو سۆزو بەزەیی و ڕەحمەی خاوەنەکەی بۆی و بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی کارەکانی بۆی، ئایا ئەو دوو بەندەیە یەکسانن؟ وەڵام: بێ گومان نەخێر بە هیچ شێوەیەك یەکسان نین .(1)

---

(1) **بڕوانە** : تفسير البغوي ٤٦٨/٣، وأمثال القرآن لابن القيم ص٢١، وفتح القدير للشوكاني ٢٠٤/٤.

(2) **بڕوانە** : (تفسير القرآن العظيم للإمام ابن كير رحمه الله تعالى ) (٦٨/٤)

(1) **بڕوانە** : تفسير البغوي ٧٨/٤، وابن كثير ٥٢/٤، والتفسير القيم ، لابن القيم، ص٤٢٣، وفتح القدير للشوكاني ٤٦٢/٤، وتفسير السعدي ٤٦٨/٦، وتفسير الجزائري ٤٣/٤.

موسڵمانی خۆشەویست نمونەی بەندەی یەکەم وەکو ئەو کەسە وایە کە هەر ڕۆژەی لە پێغەمبەرو (ﷺ) پیاو چاك و مەلائیکەو دارو بەردو بتێك دەپاڕێتەوە بۆیە ئەوە حاڵێتی، وە بەندەی دوەمیان خۆی داوەتە دەست خوای پەروەردگار تەنها ئەو دەپەرستێت و لەو دەپاڕێتەوە .

٩- ئەو خوایەی کە شایستەی پەرستن بێت بە تاك وتەنها ئەو خوایەیە کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وە درکی بە هەموو شتێك هەیە، وە تەواو هێزو دەسەڵات و زاڵبون و سەرکەوتنی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وە عیلم و زانیاری بە هەموو شتێك هەیە، وە موڵکی دونیاو قیامەتی بەدەستە، وە هەموو سودوو قازانج و زیانێکی بەدەستە، وە بەخشین و گرتنەوە تەنها بەدەست ئەوە، بۆیە خوایەك ئەوە دەسەڵات و پلە و پایەی بێت پێویستە یادی بکرێ و لە بیر نەکرێ، وە سوپاسی بکرێ و بێ باوەڕی بەرامبەر نەکرێ، وە گوێ ڕایەڵی بکرێ و سەرپێچی نەکرێ، وە بە تاك و تەنها بپەرسترێ و هاوەڵی بۆ بڕیار نـــــــەدرێ.[1] (گەورەیی تەنها بۆ خوای پەروەردگارە ) .

## سیفاتە ڕەهاو تەواوەکانی خوای پەروەردگار هیچ کەس پەی پێ نابات (إحاطة ) ، بـەڵام بـۆ زیـاتر ڕون بونـەوەی گەورەیی دەسەڵاتی چەند نمونەیەك باس دەکەین :

١- خوای پەروەردگار تاك و تەنهایە بە پەرستراوێتی: هیچ کەسێك شایستەی پەرستن نییە تەنها خوای تاك و تەنها نەبێت ، ئەو خوایەی کە هەمیشە زیندووە و مردنی بەسەردا نایات، ئەو خوایەی کە پارێزەری هەموو شتێکە و خۆی بە خۆی ڕاوەستاوە و پێویستی بە هیچ یەکێك لە دروست کراوەکانی نییە و بێ پێویستە لێیان، بەڵکو هەموو دروست کراوەکانی پێویستیان پێیەتی لە هەموو شتێکدا، وە لە تەواوی ژیان و هەمیشە زیندوویییەکەی ئەوەیە کە نەخەوو نەخەوە نوسکێی بە سەردا نایات، وە هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بەندەی ئەون و لە ژێر توانا و دەسەڵاتی ئەودان ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ﴿٩٣﴾ لَّقَدۡ أَحۡصَىٰهُمۡ وَعَدَّهُمۡ عَدّٗا ﴿٩٤﴾ ﴾ (مريم: ٩٣-٩٤) واتا: هەرچی دروست کراو لە ئاسمانەکان وزەویدایە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بە مل کەچی و بەندایەتیەوە و دان نان بە پەرستراوێتی خوای پەروەردگار، وە بێ گومان خوای پەروەردگار ئاگای لە ژمارەی هەموو بەندەکانێتی و هیچیان لە خوای پەروەردگار وون نابن .

وە لە تەواوەتی موڵك و دەسەڵات و گەورەیی خۆیەتی کە شەفاعەت و تکاکردنی هیچ کەس سودی نییە تا خۆی ڕێگەی پێ نەدات، هەموو خاوەن پلەو پایەو تکاکاران بەندەی خوای پەروەردگارن، ناتوانن شەفاعەت و تکا بکەن تا ڕێگەیان پێ نەدات، وە خوای پەروەردگار ڕێگە بە هیچ کەس نادات تا شەفاعەت و تکا بکات تا خۆی لێی ڕازی نەبێت، وە زانیاری و عیلمی خوای پەروەردگار دەورەی هەموو بونەوەرانی داوە، وە هیچ کەسێك ناتوانێت ئاگای لە زانیاری و عیلمی خوای پەروەردگار هەبێت مەگەر کەسانێك خۆی ئاگاداریانی کردبێتەوە (وەك پێغەمبەران (ﷺ) وە هەر لە گەورەیی خۆیەتی کە کورسییەکەی هێندەی ئاسمانەکان و زەوی فراوانە، وە ئاسمانەکان و زەوی پاراستووە بە هەموو بونەوەرانەوە کە تیایدان، وە پاراستنیان هیچ بارگرانی و قورسی نییە بە لای خوای پەروەردگارەوە، بەڵکو زۆر سوك و ئاسانە بە لایەوە، سەرکەوتوو زاڵە بۆ ئەنجام دانی هەر کارێك کە خۆی ویستی لێیەتی ، بەرزو بڵندە بەزاتی خۆی بەسەر دروست کراوەکانیدا، وە بەرزو بڵندە بە گەورەیی و سیفاتەکانی، ئەو خوایە بەرزو بڵندەی کە سەرکەوتوو بڵندە بەسەر هەموو دروست کراوەکانیدا وە

---

[1] بڕوانە : تفسير البغوي ٢٣٧/١، ٧١/٣، ٨٨/٢، ٣٧٢، وابن كثير ٣٠٩/١، ٥٧٢/٢، ٤٢/٣، ١٢٧/٢، ٤٣٥، ٥٧٠، ٣٤٤/١، ١٣٨/٢، وتفـسير الـسعدي ٣١٣/١، ٦٨٦/٧، ٣٨١/٢، ٣٩٧/٣، ٢٠٤/٤، ٣٦٤/٦، ٣٥٦/١، ٣٧٢/٢، وأضواء البيان ١٨٧/٢، ٢٧١/٣.

هەموو دروست کراوەکانی مل کەچ بوونە بۆی ، ئەو خوایەی کە هەموو سیفاتێکی گەورەیی و بەرزی هەیە، وە ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر بوونی ئەم هەموو سیفاتە بەرزو گەورانە بۆ خوای پەروەردگار فەرمودەی خوای پەروەردگارە کە فەرمویەتی: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ (البقرة: ٢٥٥) ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴾ واتا: خوای پەروەردگار ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی حەق و ڕاستی تر نییە جگە لە خۆی .﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞ﴾ خوایەکە نە خەوو نەخەوە نوسکێ نایباتەوە، ئەوەش لە تەواوی گەورەیی و بەدەسەڵاتیەتی کە هەمیشە بەئاگایە. ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ ﴾ خوایەکە هەرچی موڵك و سامان و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی هەیە هی خۆیەتی . ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ ﴾ کێ هەیە تکاو شەفاعەت بکات لە لای تا ئەو ڕازی نەبێت و ڕێگەی پێنەدات؟ ﴿ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ ﴾ خوای پەروەردگار خوایەکە زانیاری تەواوی هەیە و ئاگای لە هەموو ئەو شتانەی کەڕوویان داوە یان ڕوویان نەداوە هەیە، وە ئاگای لە هەموو هەڵس و کەوت و جوڵەی سەرەتاو کۆتاو نهێنی و ئاشکرای هەموو بەندەکانی هەیە . ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ ﴾ هیچ کەس لە دروستکراوەکانی زانیاریان نیە بە زانیاری خوای پەروەردگار مەگەر ئەوەی خۆی بیەوێت فێریان بکات (وەك وەحی بۆ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام). ﴿وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ ﴾ کورسی خوای پەروەردگار فراوانی و گەورەیی بە ئەندازەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوییە، بەڕێوە بردن و پاراستنیان لای خوای پەروەردگار هیچ قورسی و گرانیەکی تێدا نییە . ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ خوای پەروەردگار زۆر بڵندو بەرزو گەورەیە .

٢- خوای پەروەردگار ئەو پەرستراوەیە کە هەموو شتێك مل کەچن بۆ دەسەڵات و گەورەییەکەی، وە هەموو دروست کراوەکان بە گشتی: بێ گیان و ئاژەڵ و مرۆڤ و جنۆکەو فریشتەکان گەردن کەچ و خۆ بەدەستەوەداون بۆ خوای پەروەردگار، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾ (آل عمران: ٨٣ ) واتا: ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تەسلیمی خوای پەروەردگار بوونە و لەژێر دەسەڵاتی ئەودان جا بە خۆشی و حەزی خۆیان بێت یان نا ، موسڵمان بە دڵ و لاشەی تەسلیمی خوای پەروەردگار بووە و بێ باوەڕیش بەلاشە تەسلیمی خوای پەروەردگار بووە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا گەڕانەوە تەنها بۆ لای خوای پەروەردگارە .

٣- خوای پەروەردگار ئەو پەرستراوەیە کە هەموو سودو قازانج و زیانێکی بەدەستە، ئەگەر هەموو دروست کراوەکانی خوای پەروەردگار کۆ ببنەوە تا سود بە یەکێك لە دروست کراوەکانی بگەیەنن ناتوانن سودو قازانجی پێ بگەیەنن مەگەر خوای پەروەردگار بۆی نوسیبێت تا ئەو سودەی پێ بگات، وە ئەگەر هەموو دروست کراوەکانی کۆ ببنەوە تا زیانێك بە یەکێك لە دروست کراوەکانی بگەیەنن ناتوانن زەرەرو زیانی پێ بگەیەنن ( ئەگەر بچوکترین زیانیش بێت) گەر خوای پەروەردگار ویستی لێ نەبێت ئەو زیانەی پێ بگات: ﴿ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُرِدۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾ (یونس: ١٠٧) واتا: تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر خوای پەروەردگار بیەوێت توشی ناڕەحەتیەکت بکات هیچ کەس ناتوانێت لەسەرتی لابەرێت تەنها خۆی نەبێت، وە ئەگەر بیەوێت توشی خێرو خۆشیەکت بکات هیچ کەس ناتوانێت و ڕێگر نییە لە بەرامبەر فەزڵی خوای پەروەردگاردا، خێرو بەرەکەت ئەڕێژێت بەسەر هەر کەسێك لە بەندەکانی کە خۆی ویستی لێیەتی، وە خوای پەروەردگار لێخۆش بوو بە بەزەییە

بۆ ئەو کەسانەی کە تەوبە ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ لای با کاتی خۆی چەندێك تاوانیان کردبێت و هاوەڵیشیان بۆ بڕیاردابێت .

٤- خوای پەروەردگار ئەو خوایە بە دەسەڵاتەیە کە دەسەڵاتی بەسەر هەر هەموو شتێکدا هەیە ، هیچ شتێك بێ دەسەڵات و بێ توانای ناکات، هەروەك فەرمویەتی: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٨٢﴾ (يس: ٨٢) واتا: بڕیارو فەرمانەکانی خوای پەروەردگار وایە کاتێك بیەوێت هەر شتێك بکات پێی بفەرموێ ببە یەکسەر ئەبێت. خوای پەروەردگار ئەو خوایەیە کە عیلم و زانیاریەکەی دەورەی هەموو شتێکی داوە و لە هەموو نهێنی و شاراوەکان ئاگادارە: ئەوەی کە ڕووی داوە و ئەوەی کە ئێستا ڕوو ئەدات، وە ئەوەی کە هێشتا ڕووی نەداوە ئەگەر ڕوو بدات بە چی شێوەیەك ئەبێت لە هەر هەمووی ئاگادارە و عیلمی پێیـان هەیە .[1]

خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٥﴾ (آل عمران: ٥) واتا: بێ گومان خوای پەروەردگار هیچ شتێکی لێ وون نابێت نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا. وە هەروەها فەرمویەتی: ﴿وَمَا يَعۡزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثۡقَالِ ذَرَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصۡغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٍ ٦١﴾ (يونس: ٦١) واتا: پەروەردگاری تۆ هیچ شتێکی لێ وون نابێت و شاراوە نییە لای نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا ئەگەر ئەو شتە بە کێشی دەنکە گەردیلەیەك بێت یان بچوکتر یان گەورەتریش بێت هەمووی نوسراوە و دیاری کراوە لە کیتابێکی دیاری کراودا کە (لوح المحفوظ)ـە. وە هەروەها فەرمویەتی: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٥٩﴾ (الأنعام: ٥٩) واتا: کلیلی نهێنیەکان لای خوای پەروەردگارن و هیچ کەس نایان زانێت تەنها خۆی نەبێت، وە هەموو ئەو شتانەی کە دیارن و بەرچاون لە ووشکانی و دەریاکاندا خوای پەروەردگار دەیان زانێت و ئاگای لێیانە، وە هیچ گەڵا دارێك لە دەشتایی و ناو شارو دێیەکاندا ناوەرێت خوای پەروەردگار دەیان زانێت و ئاگای لێیانە، وە هیچ دەنکە دانەوێڵەیەك نییە لە ناو جەرگەو تاریکاییەکانی زەویدا ئیللا خوای پەروەردگار عیلم و زانیاری پێی هەیە کە چۆن ئەڕوێت و چەند ئەڕوێت، وە هیچ وشکایی و تەڕاییەك نییە، وە هەموو ئەو شتانەی کە بوونەو ڕوویانداوە یان هێشتا نەبونەو ڕوویان نەداوە گەر ببن و ڕوو بدەن چۆن ئەبن خوای پەروەردگار ئاگای لە هەموویان هەیە و لە کیتابێکی دیاری کراودا کە (لوح المحفوظ)ـە نوسیوێتی کە ئەبێ چۆن ببن و ڕوو بدەن. خوای پەروەردگار نوسیویانێی لەکاتێکدا هەموویان ئەزانێت لە بەر گەورەیی و گرنگیەکەی، واتا : بزانن ئەوەی پاداشت و سزای تێدا نییە هەمووی نوسراوە ئەی ئەبێ ئەو کارانەی کە پاداشت و سزایان تێدایە چۆن نەنوسرابێت؟[1] وە هەروەها فەرمویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٧٥﴾ (الأنفال: ٧٥) واتا: خوای پەروەردگار عیلم وزانیاری بە هەموو شتێك هەیە .

گومانی تێدانییە هەر کەسێك ئەم سیفاتانەو سەرجەم سیفاتە بەرزو پیرۆزو گەورەکانی خوای پەروەردگاری ناسی ئەو کاتە تەنها خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها دەپەرستێت و هاواری بۆ دەکات و پشتی پێ دەبەستێت، چونکە تەنها ئەو پەرستراوی تاك و تەنها و ڕاستەقینەیە و شایستەی ئەوەیە کە هەموو جۆرەکانی پەرستن تەنها بۆ ئەو ئەنجام بدرێت .

---

[1] **بڕوانە** : تفسير ابن كثير ٣٤٤/١، ١٣٨/٢، والسعدي ٣٥٦/٢، ٣٧٢/٢.

[1] **بڕوانە** : تفسير القرطبي رحمه الله تعالى (٥/٧) .

## بەشی سێ یەم : تكا كردن ( الشفاعة )

**یەكەم**: تێگەیشتن لە ووشەی (الشّفاعة) لە زمانەوانیدا: **يُقال شفع الشيء**: ضمَّ مثله إليه، **فجعل الوتر شفعًا** [١]. ئەوترێت شفع الشيء : واتا : **هاوشێوەی دایە پاڵی و لە تاكێتیەوە كردی بە جوت .**

وە(**الشّفاعة**) لە زاراوەی شەرعدا: واتا: ئەوەیە كەسێك بكرێتە ناوەندو تكاكار بە ئومێدی سود پێ گەیاندن و لابردنی ناخۆشی و نارەحەتی و زیان .[٢]

لە دانایی و لێزانی بانگەواز كردنی ئەو كەسانەی كە دڵی خۆیان پەیوەست كردووە بە غەیری خوای پەروەردگارەوە و داوای شەفاعەتیان لێ ئەكەن ئەوەیە بۆیان ڕوون بكرێتەوە كە شەفاعەت كردن تەنها موڵكی خوای تاكو تەنهایە: ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ (الزمر: ٤٤) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ شەفاعەت هەمووی هی خوای پەروەردگارە، موڵك وسامانی ئاسمانەكان و زەوی هی خۆیەتی، پاشان لە قیامەتدا گەڕانەوەتان بۆ لای خوای پەروەردگارە و لێپرسینەوەتان لە گەڵدا دەكات لەسەر كردەوەكانتان .

**دووەم**: وەڵامی ئەو كەسانەی كە دڵی خۆیان پەیوەست كردووە بە غەیری خوای پەروەردگارەوە و داوای شەفاعەتیان لێ ئەكەن بە چەند ووتەیەكی لێزانانە ئەدرێتەوە :

١. دروست كراو (المخلوق) وەكو خوای پەروەردگار نییە، هەركەسێك بڵێت: پێغەمبەران و(عليهم الصلاة والسلام) پیاو چاكان و فریشتەكان لای خوای پەروەردگار ڕێزو پلەو پایەی بەرزیان هەیە شەفاعەتمان بۆ دەكەن لای خوای گەورە هەر وەك چۆن كەسێك بیەوێت بچێتە لای سەرۆك و دەسەڵاتداران دەبێت لە ڕێگەی ناوداران وجێگرەكان و وەزیرەكانەوە بێت و ئەوان بكەنە ناوەند تا كارەكانیان بۆ جێ بەجێ بكرێت؟ ئێمەش داوا لە پیاوچاكان و خاوەن ڕێزو پلەو پایە بەرزەكان ئەكەین تا تكامان بۆ بكەن لای خوای پەروەردگار، بەڕاستی ئەم ووتەیە بەتاڵ ترین و پوچەڵ ترین ووتەیە، لە بەر ئەوەی خوای گەورەو خاوەن دەسەڵات و گەورەی هەموو پاشاكانی لێك چواندووە بە دەسەڵاتدارەكان كە پێویستیان بە دەم سپی و جێگرو وەزیر دەبێت بۆ تەواو كردنی موڵك و بەڕێوەبرنی كارەكانیان و جێ بە جێ كردنی هێزو دەسەڵاتیان چونكە بە بێ ئەوان كارەكانیان ناڕوات .

**بۆیە ناوەند و واستە لە نێوان سەرۆك ودەسەڵاتدار و خەڵكیدا لەیەكێك لەم سێ ڕووەوەیە :**

**یەكەم**: یان ئەوەتا ئەو ناوەند و واستانەیان بۆ ئەوەیە تا حاڵی ئەو كەسانەیان پێ ڕابگەیەنن كە نایانناسن .

**دووەم**: یان ئەوەتا ئەو سەرۆك وپاشا و دەسەڵاتدارانە بێ هێزو بێ دەسەڵاتن لە بەڕێوە بردنی ژێر دەستەكانیاندا بۆیە لەبەر بێ هێزی و بێ دەسەڵاتییان ئەبێ هەر یارمەتیدەرو جێگریان هەبێت .

**سێیەم**: یان ئەوەتا ئەو سەرۆك وپاشا و دەسەڵاتدارانە نایانەوێت یارمەتی ژێر دەستەكانیان بدەن وچاكەیان لە گەڵدا بكەن، بەڵام كاتێك تكاكارێك قسەیان لە گەڵدا بكات و ئامۆژگاریان بكات تا یارمەتی ژێر دەستەكانیان بدەن، ئەوانیش دڵیان نەرم ببێت و هەستیان بجوڵێت و پێویستیەكانیان بۆ جێ بە جێ بكات .

خوای پەروەردگار وە كو هیچ یەكێك لەبەندە بێ هێزەكانی نییە، گەورەو بەرزو بڵندە هیچی لێ شاراوە نییە، بێ پێویستە لە هەموو دروست كراوەكانی ، زیاتر بە سۆزو بەبەزەییە لە دایكێك بەرامبەر بە منداڵی خۆی ، وەڕوون و ئاشكرایە

---

[١] **بڕوانە** : القاموس المحيط، باب العين، فصل الشين ص٩٤٧، والنهاية في غريب الحديث، ٢/٤٨٥، والمعجم الوسيط ١/٤٨٧.

[٢] **بڕوانە** : شرح لمعة الأعتقاد للشيخ محمد صالح العثيمين ، ص ٨٠ .

کە تکاکاران لای سەرۆك وپاشا و دەسەڵاتدارانی دونیا جاری واهەیە خۆیان وەکوسەرۆك وپاشا و دەسەڵاتداران موڵك و دەسەڵاتی سەربەخۆیان هەیە، وە جاری وا هەیە شەریکن لە گەڵیاندا، وە جاری وا هەیە تکاکاران یارمەتیدەرو جێگریانن، بۆیە کاتێك سەرۆك وپاشا و دەسەڵاتداران تکای تکاکاران قەبوڵ ئەکەن لەبەر یەکێك لەم سێ هۆکارەیە:

١- جاری وا هەیە پێویستیان بەو ناوەندو تکاکارانە ئەبێت .

٢- وە جاری واهەیە لە ترساندا تکای تکاکاران قەبوڵ دەکەن .

٣- وە جاری وا هەیە لە بەر پاداشتی چاکەیانە .

بۆیە تکای تکاکاران هەندێکیان لە لای هەندێکیان لەم جۆرانەیە ، هیچ کەس تکای کەس وەرناگرێت و قەبوڵی ناکات یان ئومێدێکی پێیەتی یان لە ترساندایە ( ئەمە لە نێوان بەندەکاندایە)، بەڵام خوای پەروەردگار نەئومێدی بە هیچ کەسێکە و نەلە هیچ کەسێکیش ئەترسێ و نە پێویستی بە هیچ کەسێکیشە[1]، بۆیە خوای پەروەردگار هەموو جۆرە دڵ پەیوەست بوونێکی بە غەیری خۆی بنبڕکردووە و ناشیاوی و نادروستێتی ڕوون کردۆتەوە، هەروەك فەرمویەتی: ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِۖ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾(سبأ: ٢٢-٢٣) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵ بڕیاردەران بڵێ: بپاڕێنەوە و هاوار بکەن بۆ ئەو پەرستراوانەی کە جگە لە خوای پەروەردگار ئومێدتان پێیانە کە سودو قازانجتان پێ بگەیەنن و زیانتان لێ دوور بخەنەوە، ئاگاداربن ئەو پەرستراوانە (جگە لە خوای پەروەردگار) بە ئەندازەی دەنکە گەردیلەك موڵك و دەسەڵاتی سەربەخۆیان نییە نەلە ئاسمانەکان و نەلە زەویدا، وەنەبە شەریکایەتیش موڵك و دەسەڵاتیان هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا، وە خوای پەروەردگار ئەو پەرستراوانەی نەکردۆتە یارمەتیدەری خۆی تا یارمەتی بدەن و کارەکانی بۆ بەڕێوەبەرن، وە تکاکردن و شەفاعەت کردنی هیچ کەسێك سودی نییە لای خوای پەروەردگار مەگەر خوای پەروەردگار خۆی ڕێگە بە کەسانێك بدات تا شەفاعەت بکەن، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾ بۆ ڕوون بونەوەی تەفسیری ئەم ئایەتە بڕوانە ( تفسير القرآن العظيم، للإمام ابن كثير"رحمه الله تعالى "٧٠٧/٣، یان هەر تەفسیرێکی تر).

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو ئەو دەرگایانەی بەسەر ڕووی هاوەڵ بڕیاردەراندا داخستووە کە لێیەوە توشی هاوەڵ بڕیاردان بوونە بۆ خوای پەروەردگار بە جوانترین داخستن و ڕێگری لێ کردن ، کەسێك کاتێك دڵی پەیوەست دەکات بە پەرستراوێکەوە و ئومێدی سودو قازانجی پێی هەبێت: ئەبێت ئەو پەرستراوە خاوەنی هەموو هۆکارێکی سود گەیاندن بێت بەو کەسەی کە دەیپەرستێت، یان ئەبێت شەریکی خاوەن موڵکەکان بێت ، یان ئەبێت پشت و وەزیرو یارمەتیدەری ئەو پەرستراوە بێت، یان ئەبێت خاوەنی پلەو پایەو ڕێز بێت تا تکا بکات لای (خوای پەروەردگار)، وە ئەگەر ئەم چوار کارە لە هیچ ڕویەکەوە نەبوون (لەو پەرستراوانەدا) ئەوکاتە هۆکاری شیرك بڕیاردان نامێنێت و بن بڕ ئەبێت .[1]

---

[1] بڕوانە : فتاوى ابن تيمية ١٢٦/١-١٢٩.

[1] بڕوانە : التفسير القيم، لابن القيم ص٤٠٨.

## تکــاکـردن دوو جـــــۆرە:

**جۆری یەکەم**: شەفاعەتێکی شەرعی و جێگیر کراو بە قوئان و سوننەت ئەوەیە کە تەنها داوا لە خوای پەروەردگار دەکرێت ، ئەویش دوو مەرجی هەیە:

**مەرجی یەکەم**: ئەبێ خوای پەروەردگار ڕێگە بدات بە شەفاعەتکار تا شەفاعەت بکات، چونکە هیچ کەس لە خۆیەوە ناتوانێت شەفاعەت بکات بە بێ ئیزنی خوای گەورە ، وەك چۆن شەفاعەت لای سەرکردەو دەسەڵاتداران دەکرێت: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦۚ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ (البقرة: ٢٥٥) واتا: کێ هەیە شەفاعەت بکات لای خوای پەروەردگار ئیللا بە ئیزنی خۆی نەبێت؟!

**مەرجی دووەمی** شەفاعەتی شەرعی ئەوەیە: ئەو کەسەی کە شەفاعەتکار شەفاعەتی بۆ ئەکات دوای ئیزنی خوای پەروەردگار ، دەبێ کەسێك بێت خوا بییەوێــت شەفاعــەتی بۆ بکرێت و ڕازی بێت لە قســەو کردەوەی (واتا: خوای پەروەردگار ڕازی بێت لە شەفاعەتکارو شەفاعەت بۆ کراو) ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ (الأنبياء: ٢٨) واتا: فریشتەکان شەفاعەت ناکەن و ناتوانن مەگەر بۆ کەسێك کە خوای پەروەردگار خۆی لێی ڕازییە (یەکخوا پەرست بێت).

وەهەروەها فەرمویەتی: ﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ ﴾ (طه: ١٠٩) واتا : لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی قیامەتە شەفاعەت کردن سودی نییە تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خوای پەروەردگار ئیزنی داوە تا شەفاعەت بکات وە لە ووتەکەی "واتە لە شەفاعەت کردنەکەی" ڕازییە . وە ئەوانەش کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازییە ( پێغەمبەران و (علیهم الصلاة والسلام) پیاوچاکان و فریشتەکانن ) .

**جۆری دووەم**: شەفاعەتی نەفی کراوو ناشەرعی و شیرکی: ئەوەیە کە داوای شەفاعەت لە غەیری خوای پەروەردگار بکرێت کە جگە لە خوای پەروەردگار هیچ کەس دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەو کارەدا، یان شەفاعەت کردن بە بێ ئیزن و ڕازی بونی خوای پەروەردگار، یان شەفاعەت کردن بۆ بێ باوەڕان و موشریکان (ئەم شەفاعەتانە یان شیرکن یان ڕێگری لێکراون و نابێت بکرێن) هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ ﴾ (المدثر: ٤٨) واتا: شەفاعەت و تکاکردنی شەفاعەتکاران هیچ سودی نییە بۆ بێ باوەڕان و موشریکان . بەڵام لێرەدا شەفاعەت کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مامی کە (أبو طالب)ە تا خوای پەروەردگار لێی خۆش بێ، خوای پەروەردگار لێی خۆش نەبوو بەڵکو سزایلەسەر سوك کرد، ئەمەمەسەلـــــەیـــەکی جیــاوازە ، بۆ زیــاتــر ئاگادار بوون لەم باسە بڕوانە.[1]

[1] البخاري مع الفتح، مناقب الأنصار ، باب قصة أبي طالب ١٩٣/٧، برقم ٣٨٨٣، ومسلم ، كتاب الإيمان ، باب أهون أهل النار عذابًا ، ١٩٥/١، برقم ٢١١.

٣- بەڵگە هێنانەوە لەسەر دروستێتی داوای شەفاعەت لە غەیری خوای پەروەردگار بە بەڵگەی فەرمودەكان ویەكدەنگی زانایان، نەخێر نەپێغەمبەری خواو (ﷺ) نەپێغەمبەرانی (ﷺ) پێش ئەویش بە شەرعییان دانەناوە كە هاوار بۆ فریشتەكان و پێغەمبەران و (ﷺ) پیاوچاكان بكرێت و داوای شەفاعەتیان لێ بكرێت، وە هیچ یەكێك لە هاوەڵە بەرێزەكانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوێن كەتوانیان بە چاكی ئەم كارەیان نەكردووە، وە هیچ یەكێك لە پێشەوایانی ئیسلام و هەر چوا ئیمامە بەرێزەكان (ئیمامی شافیعی و ئیمامی مالیك و ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئیمامی ئەحمەد "ڕەحمەتی خوایان لێبێت ") ئەم كارەیان بە باش نەزانیوە، وە هیچ یەكێك لە زانایانی مجتهد كە پشت بە قسەی ببەسترێت لە دیندا، وە هیچ یەكێك لە زانایان كە گرنگی بۆ قسەی دابنرێت لە مەسائیلی یەكدەنگی زانایاندا ئەم كارەیان نەكردووە و بەباشیان نەزانیوە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە بەڵگەكانی ڕوون و ئاشكراو سەپێنراوە بەسەر بەندەكانیدا .[٢]

## بەخشەرو ڕژێنەری نیعمەتەكان تەنها ئەوە شایستەی پەرستن بێت

یەكێك لە لێزانی و دانایی بانگەواز كردنی كەسانی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ پەرستنی خوای پەروەردگار بەتاك و تەنها ئەوەیە چاوەكان و دڵەكانیان بە ئاگا بێنیتەوە بەرامبەر ئەو هەموو نازو نیعمەت و بەخششە نهێنی و ئاشكراو دینی و دونیاییەی خوای پەروەردگار، بەڕاستی خوای پەروەردگار هەموو جۆرە نیعمەتێكی بەسەر بەندەكانیدا ڕژاندووە، هەر وەك فەرمویەتی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ﴿٥٣﴾ ﴾ (**النحل: ٥٣**) واتا : هەرچی نازو نیعمەتێك بەسەر ئێوەوە هەیە هەمووی لە لای خوای پەروەردگارەوەیە. وە ئەم گەردونەو ئەوەشی تیایدایە لە دروست كراوەكانی ژێر دەستەو ژێر باری كردووە بۆ مرۆڤەكان .

خوای پەروەردگارئەو نازو نیعمەتانەی كە بەخشیوێتی بەبەندەكانی بۆی ڕوون كردوینەتەوە لە چاكەو فەزڵ و گەورەیی خۆی بەخشیوێتی پێیان، وە هەر ئەوە شایستەی پەرستن بێت، لەو نیعمەتانەی كە خوای پەروەردگار بەبەندەكانی بەخشیوە ئەمانەن:

**یەكەم**: بە شێوەی گشتی هەر چی نازو نیعمەت هەیە هی خوای پەروەردگارە بەسەر بەندەكانیەوە ، هەروەك فەرمویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ﴿٢٩﴾ ﴾ (**البقرة: ٢٩**) واتا: خوای گەورە ئەو خوایەیە كە هەرچی نازو نیعمەتێك هەیە لە سەر زەویدا بۆ ئێوەی دروست كردووە .

---

[٢] **بڕوانە** : فتاوى ابن تيمية ١/١١٢، ١٥٨، ١٤/٣٩٩-٤١٤، ١/١٠٨-١٦٥، ١٤/٣٨٠، ٤٠٩، ١/١٦٠-١٦٦، ١٩٥، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٤١، ودرء تعارض العقل والنقـــل ، لـــه، ٥/١٤٧، وأضواء البيان ١/١٣٧.

وە فەرمویەتی: ﴿ أَلَمْ تَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ﴿٢٠﴾ ﴾ **(لقمان: ٢٠)** واتا: ئایا ئێوە نابینن خوای پەروەردگار هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆتانی ژێر دەستەو ژێر باری کردووە ، وە نازو نیعمەتە ئاشکراو نادیارەکانی بەسەردا ڕژاندوون . وە هەروەها فەرمویەتی : ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ **(الجاثية: ١٣)** واتا: ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەموویان خوای پەروەردگار بۆتانی ژێر دەستەو ژێر بار کردووە ، لەوکارانەدا بەڵگەو نیشانەی دەسەڵات و گەورەیی خوای پەروەردگاری تێدایە بۆ کەسانێك کە بیر لە دەسەڵات و گەورەیی و نازو نیعمەتەکانی خوای پەروەردگاری بکەنەوە. ئەو نیعمەتانەی کە خوای پەروەردگاربەسەر بەندەکانیدا ڕژاندویەتی هەموو جۆرە نیعمەتەکان ئەگرێتەوە: ئاشکراو نادیارو هەست پێ کراوو هەست پێ نەکراوەکان ، هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان ژێر بارو مل کەچ کراون بۆ مرۆڤەکان، ئەو نیعمەتانە هەموو شتە گەورەکانی ناو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە کە خوای پەروەردگار تییاندا دروستی کردووە وەك: خۆرو مانگ و ئەستێرەجێگیر و نەجولاوو جۆڵاوەکان و شاخ و دەریاو ڕوبارەکان و هەموو جۆرە ئاژەڵان و دارو درەخت و بەروبومەکانیان و جۆرەها کانەکان و جگە لە مانەش کە هەموویان لە بەرژەوەندی مرۆڤەکاندان، ئەو شتانەی کە لە پێویستیەکانی مرۆڤــن و سودوو لەزەتیان لێ وەرئەگرن .

هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوای پەروەردگار پەرستراوی تاك و تەنهایە و هیچ پەرستن و مل کەچی و خۆشەویستیەك نییە ئیللا بۆ ئەو نەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکی عەقڵیەو (کە مرۆڤەکان بە بیرکردنەوەو ژیریان ئەگەنە ئەو قەناعەتەی کە خوای پەروەردگار پەرستراوی تاك و تەنهایە و هیچ پەرستن و مل کەچی و خۆشەویستیەك نییە ئیللا بۆ ئەو نەبێت) هیچ دوو دڵی و گومانی تێدا نیە کە خوای پەروەردگار حەقەو ئەوەی لە غەیری ئەو هـاوارو پەرستنی بۆ ئەکـرێ بەتــاڵ و پوچەڵن[1]، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٠﴾ ﴾ **(لقمان: ٣٠)** واتا: بەڕاستی هەر ئەو خوای پەروەردگارە پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەیە، وە ئەو پەرستراوانەی کە جگە لە خوای پەروەردگار هاواریان بۆ ئەکرێ هەموویان ناشایستەن تا پەرسنتیان بۆ بکرێت، وە بەڕاستی خوای پەروەردگار خوایەکی زۆر بەرزو بڵندو گەورەیە.

---

[1] **بروانـه** : تفسير البغوي ٥٩/١، ٧٢/٣، وابن كثير ٤٥١/٣، ١٤٩/٤، والشوكاني ٦٠/١، ٤٢٠/٤، والسعدي ٦٩/١، ١٦١/٦، ٢١/٧، وأضواء البيان للشنقيطي ٢٢٥/٣-٢٥٣.

**دووەم:** بە شێوەی وردەكاری هەموو نازو نیعمەتەكانی لە لای خوای پەروەردگارەوەن ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِىَ فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ ﴿٣٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴿٣٣﴾ وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾ ﴾ **(إبراهيم: ٣٢-٣٤)** واتا: خوای گەورە ئەو خوایەیە كە ئاسمانەكان و زەوی بۆ دروست كردوون و لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ دابەزاندون (باران و بەفرو تەزرە) كە بە هۆیەوە جۆرەها دانەوێڵەو میوەی بۆ ڕواندون پێی كە خۆراكە بۆ ئێوە ، وە كەشتی بۆ ژێر بارو مل كەچ كردون وە ڕوبارەكانی بۆ مل كەچ كردوون[1]، وە خۆر مانگی بۆ مل كەچ كردون كەبەردەوام دێن دەچن بێ هیچ دواكەوتن و ماندووبونێك، وە شەوو ڕۆژی بۆ مل كەچ كردوون تا بەبەردەوامی بێن و بچن و شوێنی كردنی كارو كاسبی و حەوانەوەی ئێوە بێت، وە ئەوەی ئێوە داواتان كردبێت (جا بەزمانتان داواتان كردبێت یا حاڵتان ئەوە بخوازێت) و پێویستتان پێی بێت وئەوەی داواتان نەكردبێت بۆمان مل كەچ كردوون و پێمان بەخشیون، وە ئەگەر بتانەوێ نازونیعمەتەكانی خوای پەروەردگار بژمێرن ودیاری بكەن هەرگیز ناتوانن، بەڕاستی مرۆڤ (كافران و موشریكان) ستەم كارو بێ باوەڕن بەرامبەر خوای پەروەردگارو ئەو نیعمەتەی كە پێی بەخشیون .

وە هەروەها خوای پەروەردگار پاش ئەوەی كۆمەڵێ نازونیعمەتی خۆی باس كردووە ، فەرمویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٤﴾ وَأَلْقَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَٰرًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٍ ۚ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾ **(النحل: ١٤-١٨)** ، وەهەروەها بڕوانە: ئایەتەكانی ٣-١٢ لەهەمان سورەت ) .

---

[1] موسڵمانی خۆشەویست ئەم ئایەتە پیرۆزە گەورەیی دەسەڵاتی خوای پەروەردگارمان بۆ دەردەخات لە كاتێكدا ڕوبارو دەریاكانی بۆ مل كەچ كردووین تا بتوانین بەمەبەستی خۆمان جۆرەها كەشتی و پاپۆری بەناودا بێنین و بەرین گەر كێشیشیان هەزاران كیلۆ گرام زیاتر بێت ، بەڵام گەر تەنها یەك دەرزییەك یان پارچە ئاسنێك كە كێشی نەگاتە تەنها نیو گیلۆ گرامیش ژێر ئەكەوێت و خۆی بەسەرییەوە ناگرێت ، بۆیە گەر خوای پەروەردگار ڕوبارو دەریاو ئاوەكان مل كەچ نەكات بۆ خزمەتی مرۆڤەكان تا بتوانن كاری خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن ئەوە هەرگیز كەسێك نەیدەتوانی بچێتە ناو ڕبارو دەریاكانەوە .

واتا : خوای گەورە ئەو خوایەیە كە دەریاو ڕوبارەكانی بۆ ژێربارو مل كەچ كردوون تا گۆشتی تازەو پاكی ناوی بخۆن (حوت و ماسی ئەو ئاژەڵە حەڵاڵانەی كە تیایدا ئەژێن ) وە دەریاو ڕوبارەكانی بۆ مل كەچ كردوون تاگەوهەرو مرواری ناوی دەربهێنن و خۆتانی پێ بڕازێننەوە، ئەو نیعمەتانەی پێ بەخشیون تا بگەڕێن بەدوای كارو كاسبی خۆتاندا لەو كارو بازرگانیانەی كە بۆتانی حەڵاڵ كردووە، وە شوكرو سوپاسی ئەو خوایە بكەن كە ئەو هەموو نیعمەتانەی پێ بەخشیون .﴿ وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾ ﴾واتا: وە هەروەها لەو نیعمەتانەی كە خوای پەروەردگارپێی بەخشیون ئەو شاخ و چیابەرزو گەورانەیە تا زەوی جێگیرو وەستاو بكات ، وە لە زەویدا وەك شاخ و چیابەرزو گەورەكان ئاوەكانی بۆدروست كردوون ومل كەچ كردوون ، وە چەندین ڕێگای لە سەرزەویدا بۆ دروست كردون تا لەم وولات بۆئەو وولات بڕۆن، وە نیشانەكانی وەكو شاخە بەرزو گەورەو دۆڵ و شیوەكانی بۆ دروست كردوون، وە ئەستێرەكانی بۆ دروست كردون تا لە تاریكایی شەودا ڕێگەی پێبگرنە بەر بۆ ئەو شوێنانەی كە خۆتان مەبەستتانە بگەن پێی. پاشان خوای پەروەردگار ئاگادارمان ئەكاتەوە لە دەسەڵات و گەورەیی خۆی، وە پەرستن و عیبادەت كردن شایستەی هیچ كەس و شتێك نییە كە ناتوانن هیچ شتێك دروست بكەن تەنها بۆ خۆی نەبێت، ﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾ ئایا: ئەو خوایەی كە خالق و دروست كەرو بەدیهێنەرە وەكو ئەوانە وایە كە ناتوانن هیچ دروست بكەن؟ بێ گومان نەخێر، وە ئاگادارمان ئەكاتەوە لەو هەموو نیعمەت و چاكەیەی كە هەیەتی بەسەر دروست كراوەكانیەوە ﴿ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾ وە ئەگەر بتانەوێ نازونیعمەتەكانی خوای پەروەردگاربژمێرن ودیاری بكەن هەرگیز ناتوانن، وە خوای پەروەردگار لێخوش بووە لەو كەم تەرخەمییەی كە هەتانە بەرامبەرخوای پەروەردگارو سوپاسی تەواوی نیعمەتەكانیتان نەكرددوە گەر گەڕانەوە و تەوبەتان كردوو گوێڕایەڵیتان كرد، وە(رَّحِيمٌ) بەبەزەییە و سزاتان نادات پاش تەوبە كـردن و گەڕانەوەتان بۆلای .[١]

ئایا ئەو خوایەی كە ئەو هەموو نیعمەت و شتە سەرسوڕهێنەرانەی دروست كردووە وەكـو ئەوانـەی كـە هیـچیان دروسـت نەكردووە و ناتوانن؟ ئەوەی كە زانراوو بڕاوەیە ئەوەیە هیچ بەندەیەك لە بەندەكانی خوا ناتوانێت ئەو نیعمەتانەی كـە خـوا پێی بەخشیوە بیژمێرێت گەر نیعمەتی دروست كردنی یەك ئەندامێكی لاشەی بێت یان هەستیارێك لـە هەسـتیارەكانی بێـت، گەر ئەوە نەتوانێت ئەی چۆن ئەتوانێت هەموو نیعمەتەكانی لاشەی بژمێرێت؟ یان چۆن ئـەتوانێت ئـەو هـەموو نیعمەتانـەی كە لە هەموو كات و ساتێكدا و لەهەموو
جۆرێك بەسەریەوەیەتی بژمێرێت؟[١] پاش ئەمە كەسێكی ژیرو هۆشمەند تەنها ئەوەندەی بۆ ماوە كە خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها بپەرستێت و هاوەڵی بۆ بڕیارنەدات ـ ئەو خوایەی هەموو جۆرە نازو نیعمەتێكی بەسەردا ڕشتووە ـ چونكە هـیچ كەسێك شایستەی پەرستن نییە جگە لە خوای تاك وتەنها .

[١] **بروانە** : تفسير القرآن العظيم للإمام إبن كثير ، رحمه الله تعالى، ٧٤٥/٢ .
[١] **بروانە** : فتح القدير ١٥٤/٣، ١١٠/٣، وأضواء البيان ٢٥٣/٣.

## بەشی پێنجەم: هۆکارەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لە هەموو هۆکارێك کە سەر ئەکێشێت بۆ هاوەڵ بڕیاردان و کەوتنە ناوییەوە، وە بەجوانترین و ڕونترین شێوە ئەو هۆکارانەی ڕون کردۆتەوە ، لەو هۆکارانە کە باسی بکەین بە شێوەیەکی کورت:

١- زیادەڕەوی کردن لە پیاوچاکاندا هۆکارێکە بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، لەو کاتەی پێغەمبەر ئادەم (عليه السلام) دابەزێنرایە سەر زەوی خەڵکی هەموویان لەسەر ئیسلام و خوا بە تەنها ناسین بوون، هەروەك إبن عباس (رضي الله عنه) فەرمویەتی: { كان بين آدم ونوح عشرة قرون كلهم على الإسلام }[1] واتا : ماوەی نێوان پێغەمبەر ئادەم و (عليه السلام) پێغەمبەر نوح

(عليه السلام) دە سەدە(١٠٠٠ساڵ بوو) بوو خەڵکی هەموویان لەسەر ئیسلامەتی و خوا بە تەنها ناسین بون. پاش ئەوە خەڵکی دڵیان پەیوەست کرد بە پیاوچاکانەوە (لە ڕوی هاوار بۆکردن و باوەڕبون بەوەی گوایە خێرو قازانجیان بەدەستە یان ئەتوانن نەخۆشی و ناڕەحەتی لەسەر خەڵك لا بەرن) شیرك بڵاو بوەوە، بۆیە خوای پەروەردگـار پێغەمبەر نوحی (عليه السلام) نارد تا

بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی بەتاك و تەنها و نەهی و ڕێگری بکات

[1] أخرجه الحاكم في المستدرك ، كتاب التاريخ، ٥٤٦/٢، وقال : هذا حديث صحيح على شرط البخاري و لم يخرجاه ووافقه الذهبي ، وذكره ابن كثير في البدايـة والنهايـة ١٠١/١، وعـزاه إلى البخاري ، وانظر: فتح الباري ٣٧٢/٦.

لە هاوار كردن و عیبادەت كردن بۆ غەیری خۆی، بەڵام قەومەكەی بانگەوازەكەیان ڕەتكردەوە و ووتیان: ﴿ وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ ﴾ (نوح: ٢٣) واتا: كاتێك پێغەمبەر نوح (عليه السلام) بانگی قەومەكەی ئەكرد بۆ پەرستنی خوای پەروەردگار بەتاك و تەنها و نەهی و ڕێگری لێ ئەكردن لە هاوار كردن و عیبادەت كردن بۆ غەیری خوای پەروەردگار، قەومەكەی ئەیان ووت: واز مەهێنن لە هاوار كردن و عیبادەت كردن بۆ پەرستراوەكانتان وەواز مەهێنن لە هاوار كردن و عیبادەت كردن بۆ (ود و سواع ویغوث ویعوق ونسر). ئەمانە ناوی كۆمەڵێ پیاو چاك بون لە قەومەكەی پێغەمبەر نوح (عليه السلام)، كاتێك مردن شەیتان كردییە دڵی ئەو خەڵكەوە كە هەستن بە كردنی پەیكەرەكانیان لەو شوێنانەی كە شوێنی كۆبونەوەو دانیشتنیانە، وە ناویان بنێن بە ناوی خۆیانەوە ( واتا : هەر بتێك ناوی یەكێك لەو چیاو چاكانەی بۆ دابنێن) خەڵكەكەش هەستان بە ئەنجامدانی ئەو كارەو پەیكەرو بتەكانیان دروست كرد، ئەو بتانە نەپەرستران تا ئەوان مردن پاشان عیلم و زانیاری لە ناویاندا نەما و پەرستران .ئا ئەو بت پەرستیە هەر هەموو هۆكارەكەی زیادەڕەوی كردن بوو لە پیاوچاكاندا، چونكە شەیتان بانگەشە ئەكات بۆ زیادەڕوەی كردن لە پیاوچاكاندا وە بۆ پەرستنی گۆرەكان، وە گومان ئەكاتە ناو دڵی خەڵكییەوە ئەگەر بێت و خانوو گۆمەز بەسەر مردووەكانەوە دروست بكرێت نیشانەی خۆش ویستنی پیاو چاكانە، وە كردییە دڵیانەوە گوایە پاڕانەوە لای گۆرەكان گیرایە، پاشان لەم خاڵەوە ئەیان گوازێتەوە بۆ خاڵێكی تر كە ئەویش پاڕانەوە لێیان و سوێند خواردن پێیان بە خوای پەروەردگار، خوای پەروەردگار زۆر لەوە گەرەترە تا سوێندی پێ بخورێت بەیەكێك لە دروست كراوەكانی، هەر كاتێك شەیتان ئەمەی لەلا جێگیر كردن، ئەیان گوازێتەوە بۆ قۆناغێكی تر ئەویش پاڕانەوە لێیان و پەرستنیان و داوای شەفاعەت كردن لێیانە، وە گۆرەكان بكرێنە بتێك و پەردەیان بەسەردا هەڵبواسرێت و بە دەوریدا بسورێنەوە و دەستی پیابخشێنن و ماچی بكەن و سەر برینیان لەسەر ئەنجام بدەن، پاشان لەم قۆناغەوە بۆ قۆناغی چوارەم ئەیان گوازێتەوە ئەویش: بانگ كردنی خەڵكە بۆ پەرستنیان و كردنیان بە جەژنگا، پاشان شەیتان وایان لێ ئەكات هەركەسێك ڕێگرییان لێ بكات بڵێت ئەو كارانە دروست نین پێیان ئەڵێن ئێوە لە ڕێزی پێغەمبەران و (صلى الله عليه وسلم) پیاوچاكانتان كەم كردۆتەوە، بۆیە هەركەسێك ڕێگرییان لێ بكات لێی تورە ئەبن.[1] بۆیە خوای پەروەردگار ئاگاداری كردوینەتەوە كە زیادەڕەوی لە دیندا نەكەین، وە زیادەڕەوی بەگەورە زانین لەكەسدا نەكەین چ بەووتەو چ بە كردەوە و چ بە بیروباوەڕ، وە خوای پەروەردگار ئاگاداری كردوینەتەوە كە دروست كراوەكانی (وەك پێغەمبەرو (صلى الله عليه وسلم) فریشتەو پیاو چاكان) بەرز نەكەینەوە لەو پلەیەی كە خوای پەروەردگار پێی بەخشیون، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ ۚ إِنَّمَا ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلْقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ ﴿١٧١﴾ ﴾ (النساء: ١٧١) واتا: ئەی ئەهلی كیتاب (مەبەست پێیان گاورەكانن) زیادەڕەوی مەكەن لە دینەكەتاندا وە قسەیەك مەكەن بەرامبەر خوای پەروەردگار تەنها حەق نەبێت (مەڵێن خوای پەروەردگار شەریك یان كوڕ یان خێزانی هەیە ، بەڵكو تاك و تەنهایەو شەریك و كوڕ و خێزانی نیە، پاك و بێ گەردی بۆ خوای پەروەردگار لەهەموو كەم و كوڕییەك )، (عیسی كوڕی مریم) (عليه السلام) بەندەو پێغەمبەری خوایە (عليه السلام) و هیچی تر نیە ، وە دروست كراوێكە لە دروست كراوەكانی خوای پەروەردگار، خوای پەروەردگار دروستی كرد بەو ووشەیەی كە بە جبریلدا (عليه السلام) ناردی بۆ مریم.[1] ﴿وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلْقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ ﴾[2]

---

[1] **بروانە** : تفسير الطبري ٦٢/٢٩، وفتح المجيد شرح كتاب التوحيد ص٢٤٦.

[1] بۆ زیاتر شارەزا بون لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا بگەڕێوە سەر تەفسیرەكانی قورئانی پیرۆز .

[2] بروانە تەفسیرەكانی قورئانی پیرۆز بە تایبەتی (تفسير ابن كثيروتفسير الطبري وتفسير القرطبي و زاد المسير) وە جگە لەم تەفسیرانەش .

٢.زیاد ڕەوی کردن لە پیاهەڵگوتن و لە سنور دەرچوون، وە ڕۆچوون لە دیندا بە شێوەیەکی ناشەرعی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە کە لەوەسفیدا زیادەڕەوی نەکەین و لە سنوری بەندایەتیەوە دەری نەکەین بۆ سنوری خوایەتی و پەرستراوێتی، هەروەك فەرمویەتی:﴿لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد، فقولوا: عبد الله ورسوله﴾[٣] واتا: زیـاد

بەشان و شەوکەتمدا هەڵمەدەن و لە سنوری بەندایەتیەوە دەرم مەکەن بۆ سنوری خوایەتی و پەرستراوێتی، هەروەك چۆن گاورەکان زیادەرەویان کرد لە (عیسای کوڕی مریم) (عليه السلام) هەندێکیان ئەوەندە زیادەڕەویان کرد تیایدا ووتیان خوایە، هەندێکیان ئەڵێن کوڕی خوایە وە بۆچونی تریشیان هەیە تێیدا، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: من تەنها بەندەی خوام، بۆیە دەربارەی من بڵێن و باوەڕتان وابێت کە بەندەو پێغەمبەری خوام (ﷺ) .

موسڵمانی خۆشەویست پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرامبەر بە خوای پەروەردگار تەنها بەندەو مرۆڤێکە وەکو سەرجەم مرۆڤەکانی تر، بەڵام بەرامبەر بە ئێمە پێغەمبەرێکی (ﷺ) ڕەوانە کراوە لە لای خوای پەروەردگارەوە کە باوەڕ پێبوون و شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی کردنی و پێش

خستنی فەرمانەکانی بەسەر فەرمانی مرۆڤەکاندا پێویست و واجبە و نیشانەی باوەڕداری و گوێڕایەڵی کردنتە بۆی، وە باوەڕ پێنەبون و شوێن نەکەوتن و گوێڕایەڵی نەکردن و پێش خستنی فەرمانی مرۆڤەکانی تر بەسەریدا نیشانەی بێ باوەڕی و ئیمان لاوازییە، بۆیە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بەدەم نابێت بەڵکو بە زیندووکردنەوەی سوننەت و ڕێبازەکەیەتی .

وە هەروەها فەرمویەتی: ﴿ إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم

الغلو في الدين﴾[١] واتا: ئاگادارتان ئەکەمەوەو ئەتان ترسێنم لە زیادەڕەوی کردن و ڕۆچون لە دیندا بە شێوەیەکی ناشەرعی، چونکە قەومانی پێش ئێوە

لەناو چوون بە زیادەڕەوی کردن و ڕۆچون لە دیندا بە شێوەیەکی ناشەرعی و نادروستی .

٣- دروست کردنی مزگەوت بەسەر گۆرەوە، وە وێنە کێشان تیایدا : هۆکارن بۆ هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە و نەهی لێکردوین کە مزگەوت بەسەر گۆرەکانەوە دروست بکەین و بیانکەین بە گۆرستان، چونکە پەرستنی خوای پەروەردگار لای گۆڕی پیاوچاکان هۆکارێکە بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، بۆیە کاتێك دایکانی ئیمانداران أم حبيبة وأم سلمة (رضي الله عنهما) بۆ پێغەمبەریان (ﷺ) باس کردو ووتیان لە وڵاتی حەبەشە کەنیسـەیـەك هەیە و وێنـەی تیایە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : ﴿ إن أولئك إذا كان فيهم الرجل الصالح

فمات بنوا على قبره مسجدًا وصوروا فيه تلك الصور، أولئك شرار الخلق عند الله يوم القيامة﴾[١] واتا: ئائەوانە کەسانێکن کاتێ پیاو چاکێکیان تێدا بوایەو بمردایە، بەسەر گۆڕەکەیەوە مزگەوتیان دروست ئەکرد، وێنەکانیان تیادا دروست ئەکرد (ئەو کارەیان کردبوو تا شێوەی پیاوچاکانیان لە پێش چاوبێت وەکو ئەوان عیبادەتی خوای گەورە بکەن، بەڵام دوای ئەمان کۆمەڵ و وەچەیەکی تر ی بێ عیلم ونەشارەزا هاتن و شەیتان فریوی دان گوایە باوو باپیرانی ئێوە ئەم پیاوچاکانەیان پەرستووە و هاواریان بۆیان کردووە، بۆیە

---

[٣] البخاري مع الفتح بلفظه ، كتاب الأنبياء ، باب قوله تعالى : ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ...﴾، ٤٧٨/٦، ١٤٤/١٢، وانظر: شرحه في الفتح ١٤٩/١٢.

[١] النسائي ، كتاب مناسك الحج، باب التقاط الحصى ٢٦٠/٥، وابن ماجه ، كتاب المناسك ، باب قدر حصى الرمي ١٠٠٨/٢، وأحمد ٣٤٧/١.

[١] البخاري مع الفتح، كتاب هل تنبش قبور مشركي الجاهلية ويتخذ مكانها مساجد ٥٢٣/١، ٢٠٨/٣، ١٨٧/٧، وأخرجه مسلم ، كتاب المساجد ومواضع الصلاة ، باب النهي عن بناء المـساجد على القبور ٣٧٥/١.

پێغەمبەر خوا (ﷺ) ڕێگری لەو كارە كردووە تا سەر نەكێشێت بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ، ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی و نادروستێتی وێنەگرتن و كێشانی)، ئەوانەی بەسەر گۆری پیاو چاكانەوە مزگەوتیان دروست ئەكرد، وێنەكانیان تیادا دروست ئەكرد و ئەكێشا خراپترین كەسن لای خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لەبەر دڵسۆزی بووە بۆ ئوممەتەكەی كاتێك ئەو نەخۆشیەی سەرەمەرگی پێگەیشت، ئەیفەرموو:﴿لَعْنَةُ الله على اليهود والنصارى، اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد".قالت عائشة (رضي الله عنها ): يحذر ما صنعوا﴾[1] واتە:نەفرەت و دوری ڕەحمەت و بەزەیی خوای پەروەردگار لەسەر گاور و جولەكە بێت، گۆڕی پێغەمبەرانیان (عليهم الصلاة والسلام) كرد بوو بە مزگەوت، دایكی ئیمانداران عائشة (رضي الله عنها) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ترسناكی و خراپی ئەو كارە ئاگادارو وریای ئەكردنەوە .

وە پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بكات ئەیفەرموو: ﴿ ألا وإن من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، فإني أنهاكم عن ذلك ﴾[2] واتا : ئاگاداربن ئەوانەی پێش ئێوە (گاوروجولەكە) گۆری پێغەمبەران و (ﷺ) پیاو چاكانیان ئەكردە مزگەوت (عیبادەتیان لە
سەر گۆڕەكانیان ئەكرد)، ئاگادارتان ئەكەمەوە گۆڕەكان مەكەنە مزگەوت و پەرستگا، من ڕێگریتان لێ ئەكەم و ئاگادارتان ئەكەمەوە كە ئەو كارە ئەنجام نەدەن .

٤- كردنی گۆڕستانەكان بە مزگەوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری كردوینەتەوە و نەهی لێكردوین كە گۆڕەكەی نەكەین بە بتێك و بپەرسترێت جگە لە خوای پەروەردگار (واتا دارو بەردو خۆڵەكەی بكرێت بە تەبەڕوك و هاواری بۆ بكرێت و لەسەر گۆرەكەی و سوجدەی بۆ برێت ) ئەگەر دروست نەبێ گۆڕەكەی پێغەمبەر (ﷺ) بكرێت بە مزگەوت ئەوە گۆڕی كەسانی تر بە هیچ شێوەیەك دروست نییە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ اللهم لا تجعل قبري وثناً يُعبد، اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد ﴾[1] واتا : ئەی خوای پەروەردگارگۆڕەكەم بپارێزە تا وای لێ نەیات و نەبێت بە بتێك و بپەرسترێت ، توڕەیی و غەزەبی خوای پەروەردگار زۆرە لە سەر قەومێك كە گۆڕی پێغەمبەرانیان (عليهم الصلاة والسلام) كردبوو بە مزگەوت (واتا : جۆرەها پەرستنیان لەسەر ئەنجام ئەدا) .

٥- كردنی گۆڕستانەكان بە چراخان (ڕازاندنەوەیان بە گلۆپ و ئاگرو....) وە سەردان كردنی ئافرەتـان بۆ سەر گۆڕەكان: پێغەمبەری خوا (ﷺ)

ئاگاداری كردووینەتەوە و نەهی لێكردووین كە گۆڕەكان نەڕازینرێنەوە و نەكرێن بە چراخان، لەبەر ئەوەی دروست كردنی خانو بەسەریانەوەو ڕازاندنەوەیان و كردنیان بە چراخان و هەڵبەستنیان (بە گەچ یان بە چیمەنتۆ یان بە هەر شتێكی تر بێت) وە نوسین لەسەریان، هەموو ئەمانە

---

[1] البخاري مع الفتح ، كتاب الصلاة، باب: حدثنا أبو اليمان ٥٣٢/١، ٢٠٠/٣، ٤٩٤/٦، ١٨٦/٧، ١٤٠/٨، ٢٧٧/١٠، ومسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب النهي عن بناء المساجد على القبور واتخاذ الصور فيها ٣٣٧/١.

[2] مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة ، باب النهي عن بناء المساجد على القبور ٣٧٧/١.

[1] الموطأ للإمام مالك ، كتاب قصر الصلاة في السفر ، باب جامع الصلاة ١٧٢/١، وهو عنده مرسل ، ولفظ أحمد ٢٤٦/٢: "اللهم لا تجعل قبري وثناً ، ولعن الله قوماً اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد"، وأبو نعيم في الحلية ٣١٧/٧، وانظر : فتح المجيد ص١٥٠.

هۆكارن بۆ شیرك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، إبن عباس (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ **لعن رسول الله** (ﷺ) **زائرات القبور والمتخذين عليها المساجد والسرج** ﴾[1] .* واتا : پێغەمبەر خوا (ﷺ) نەفرەت و لەعنەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە زۆر زیارەتی گۆڕستانەكان ئەكەن، نەفرەت و لەعنەتی كردووە لەو كەسانەی كە مزگەوت بەسەر گۆڕەكانەوە دروست ئەكەن و ڕوناكی و گلۆپی بەسەرەوە دا ئەگیرسێنن .

٦- **دانیشتن بەسەر گۆڕەوەو نوێژ كردن ڕوو بەڕوی گۆڕ، هۆكارن بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار** : هیچ هۆكارو دەرگایەك نییە كە سەر بكێشێت بۆ شیرك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ئیللا پێغەمبەر (ﷺ) دایخستووە و ڕێگری لێكردووە تا شەریك بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدرێت.[1] هەروەك فەرمویەتی: ﴿ **لا تجلسوا على القبور، ولا تصلوا إليها** ﴾[2] واتا: لەسەر گۆڕەكان دامەنیشن و نوێژی ڕووبەڕوو مەكەن .

٧- **كردنی گۆڕەكان بە جەژنگاو واز هێنان لە نوێژ كردن لە ماڵەوە و كردنی لە لای گۆڕەكان**، پێغەمبەر خوا (ﷺ) بۆی ڕوون كردوینەتەوە كە گۆڕەكان شوێنی نوێژ كردن و سەڵاواتدان نین، وە هەركەسێك سەڵاواتی لەسەر لێبدات پێی ئەگات دوور بێت یان نزیك لەگۆڕەكەی، پێویست ناكات گۆڕەكەی بكرێت بەجەژنگا، هەروەك فەرمویەتی: ﴿ **لا تجعلوا بيوتكم قبورًا، ولا تجعلوا قبري عيدًا، وصلوا عليّ فإن صلاتكم تبلغني حيث كنتم** ﴾[3] واتا: ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان (كردنی ماڵەكان بە گۆڕ ئەوەیە: قورئانی تێدا نەخوێنرێت و نوێژە سوننەتەكانی تێدا نەكرێت) وە گۆڕەكەم مەكەن بە جەژنگا، وە سەڵاواتم لەسەر بڵێن چونكە سەڵاواتەكانتان پێم ئەگات لەهەر كوێیەك بن . وە فەرمویەتی: ﴿ **إن لله ملائكة سياحين يبلغوني من أمتي السلام** ﴾ [4] واتا: خوای پەروەردگار كۆمەڵە مەلائیـــكەیەكی هەیە كە بەردەوام ئەسوڕێنەوە سەڵات و سەلامـــی ئەو كـــەسانەم پیٚ ئەگەیەنن لە ئوممەتەكەم كـە سـەلامم لیٚ ئەكەن .

ئەگەر گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) كە پیرۆزترین گۆڕە لەسەر ڕووی زەویدا نەهی و ڕێگری لێكرابێت كە نەكرێتە جەژنگا ئەوە گۆڕی كەسانی تر كە هەر كەسانێك بن زۆر لە پێش ترە تا ڕێگری لێبكرێت و نەكرێنە جەژنگا (واتا : زۆر ڕویان تێبكرێت و زۆر سەردانیان بكرێت) .[1]

---

[1] النسائي ، كتاب الجنائز، باب التغليظ في اتخاذ السرج على القبور ٩٤/٤، وأبو داود، كتاب الجنائز، باب في زيارة النساء القبور ٢١٨/٣، والترمذي، كتاب الصلاة، باب كراهية أن يتخذ علـــى القبر مسجدًا ١٣٦/٢، وابن ماجه في الجنائز، باب النهي عن زيارة النساء للقبور ٥٠٢/١، وأحمد ٢٢٩/١، ٢٨٧، ٣٢٤، ٣٣٧/٢، ٤٤٢/٣، ٤٤٣، والحاكم ٣٧٤/١، وانظر ما نقله صاحب فـــتح المجيد في تصحيح الحديث عن ابن تيمية ص٢٧٦.

* الحديث ضعيف بهذا السند ، أنظر : صحيح سنن أبي داود (٣٢٣٦/٣/٢١٨) ، وصح بسند آخر ( لعن الله زوارات القبور ) صحيح الجامع الصغير (٥١٠٩) .

[1] بڕوانە : فتح المجيد ص٢٨١.

[2] مسلم ، كتاب الجنائز، باب النهي عن الجلوس على القبر والصلاة عليه ٦٦٨/٢.

[3] أبو داود ، كتاب المناسك، باب زيارة القبور ، ٢١٨/٢ بإسناد حسن ، وأحمد ٣٥٧/٢، وانظر : صحيح سنن أبي داود ٣٨٣/١.

[4] النسائي في السهو ، باب السلام على النبي صلّى الله عليه وسلّم ٤٣/٣، وأحمد ٤٥٢/١، وإسماعيل القاضي في فضل الصلاة على النبي (ﷺ) برقم ٢١، ص٢٤، وسنده صحيح .

[1] **بڕوانە** : الدرر السنية في الأجوبة النجدية لعبد الرحمن بن قاسم ١٦٥/٦-١٧٤.

٨- كێشانی وێنە و دروست كردنی گومەز بەسەر گۆڕەكانەوە: پێغەمبەر (ﷺ) هەموو كاتێ هەوڵی ئەوەی ئەدا كە سەر زەوی لە هەموو هۆكارێكی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار پاك بكاتەوە، بۆیە هاوەڵە بەڕێزەكانی ئەنارد كە هەرچی گومەزێكی بەرزو دیار هەیە بەسەر گۆڕەكانەوە تێكی بدەن وە هەرچی وێنەیەك هەیە بیسڕنەوە، هەروەك ( أبو الهياج الأسدي ) فەرمویەتی: **علي بن أبي طالب** (رضي الله عنه) پێمی فەرموو : ﴿ **ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صلّى الله عليه وسلّم؟ ألا تدع تمثالاً إلا طمسته، ولا قبرًا مشرفًا إلا سويته** ﴾[٢] واتا: بتنێرم بۆ ئەو كارەی كە پێغەمبەر (ﷺ) منی بۆ

نارد؟ هیچ بتێك نابێت ئیللا ئەبێت تێكی بدەیت ولە ڕەگەوە دەری بكەیت، وە هیچ گۆڕێكی بەرز نابینیت ئیللا یەكسانی بكە لە گەڵ زەویدا (ئەمە كاری كاری فەرمانڕەواو كاربەدەستانە كەپێی هەستن نەك تاكە كەس)، (موسڵمانی خۆشەویست سوننەت وایە گۆڕەكان تەنها بەئەندازەی بستێك بەرز بن نەك زیاتر )[١]

٩- خۆ ئامادەكردن و ڕۆیشتن بۆ سەر هەر گۆڕو شوێنێك جگە لە سێ مزگەوتە پیرۆزو پڕ لەبەرەكەتەكە هۆكارێكە بۆ شەریك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ **لا تشدوا الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: مسجدي هذا، والمسجد الحرام، والمسجد الأقصى** ﴾[٢] واتا: خۆ ئامادەكردن ورۆیشتن بەتایبەتی بۆ هیچ مزگەوت و سەر گۆڕو شوێنێك دروست نییە تەنها بۆ مزگەوتی من (مزگەوتی مەدینە) مزگەوتی حەرام (كەعبەی پیرۆزە) و مزگەوتی أقصی (قودسی پیرۆزە). ئەو نەهی و ڕێگرییەی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو گۆڕو مەزارگەكان ئەگرێتەوە ، هەروەك هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ)بەو شێوەیە لە فەرمودەكانی تێگەیشتون، بۆیە كاتێك أبو هريرة (رضي الله عنه) ڕۆیشت بو كێوی (طور)، پاش گەڕانەوە بصرة بن أبي بصرة الغفاري (رضي الله عنه) پێگەیشت ، پێی فەرموو: ئەی أبو هريرة لە كوێوە دێیتەوە ؟ فەرموی : لە كێوی (طور)ەوە ، ئەویش فەرمویەتی : پێش ئەوەی بڕۆیشتیتایە بگەیشتمایە پێت نەم ئەهێشت بڕۆیت ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ﴿ **لا تعمل المطي إلا إلى ثلاثة مساجد المسجد الحرام و مسجدي ومسجد بيت المقدس** ﴾[١]

خۆ ئامادەكردن ورۆیشتن بەتایبەتی بۆ هیچ مزگەوت و سەر گۆڕو شوێنێك دروست نییە تەنها بۆ مزگەوتی من (مزگەوتی مەدینە) مزگەوتی حەرام (كەعبەی پیرۆزە) و مزگەوتی أقصی (قودسی پیرۆز) .

هەر بۆیە **شيخ الإسلام إبن تيمية** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی: زانایان كۆ و یەكدەنگن لەسەر ئەوەی گەر بێت و كەسێك لەسەر خۆی نەزر بكات كە سەفەر بكات بۆ لای گۆڕەكەی پێغەمبەر (ﷺ) یان پێغەمبەرانی تر (ﷺ) یان بۆ لای گۆڕی پیاوچاكان، ئەوە نەزرەكەی لەسەر پێویست نابێت و نابێت جێ بەجێی بكات، بەڵكو نەهی لێ ئەكرێت و ڕێگری لێ ئەكرێت .[٢]

١٠- زیارەتی بیدعی و تازە داهێنراو بۆسەر گۆڕەكان هۆكارێكن بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار: **چونكە زیارەت كردنی گۆڕەكان دوو جۆرن :**

[٢] مسلم ، كتاب الجنائز، باب الأمر بتسوية القبر ٦٦٦/٢.

[١] **بڕوانە** : ( عمدة القاري شرح صصحيح البخاري ١٦١/١٣ ، شرح النووي على مسلم ٣٨٩/٣-٣٩١ ، و عون المبود شرح سنن أبي داود ٢٠٥/٧-٢٠٧)

[٢] البخاري مع الفتح ، كتاب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة ٦٣/٣، ومسلم بلفظه ، كتاب الحج ، باب سفر المرأة مع محرم إلى حج وغيره ٩٧٦/٢.

[١] النسائي ، كتاب الجمعة، باب الساعة التي يستجاب فيها الدعاء يوم الجمعة ١١٤/٣، ومالك في الموطأ، كتاب الجمعة ، باب الساعة التي في يوم الجمعة ١٠٩/١، وأحمد في المسند ٧/٦، ٣٩٧، وانظر: فتح المجيد ص٢٨٩، وصحيح النسائي ٣٠٩/١.

[٢] **بڕوانە** : فتاوى ابن تيمية ٢٣٤/١.

**جۆری یەکەم**: زیارەت و سەردان کردنی گۆڕستان بە مەبەستی سەلام کردن لە مردووەکان و دوعای خێر کردن بۆیان، هەروەك کاتێك کەسێك ئەمرێت تۆش ئەچیت تا نوێژی لەسەر بکەیت، وە کاتێك سەردانی گۆڕستان ئەکەیت مەبەستت یاد کردنی مردن بێت "بەمەرجێك شدّ الرّحال نەبێت" وە کاتێك سەردانی گۆڕستان ئەکەیت مەبەستت پێی جێ بەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێت .

**جۆری دووەم**: زیارەت و سەردانی شیرکی و بیدعی[1]، ئەم جۆرە زیارەتە سێ جۆرە :

❖ کەسێك کاتێك زیارەت و سەردانی گۆڕەکان ئەکات مەبەستی پێی داوا کردنە لە مردوەکان (جا داوای خێرو خۆشی بێت یان داوای لابردنی نەخۆشی بێت یان داوای منداڵ کردن و.....) ئەم جۆرە کەسانە وەك کەسانی بت پەرست وان .

❖ کەسێك کاتێك زیارەت و سەردانی گۆڕەکان ئەکات مەبەستی پێی پاڕانەوەیە لە خوای گەورە بە مردوەکان، وەك بڵێت: خوایە لێت ئەپاڕێمەوە بە حەقی پێغەمبەرەکەت (ﷺ)، یان خوایە لێت ئەپاڕێمەوە بە حەقی فلان شێخ و پیاو چاك، ئەم جۆرە سەردانەو بەو مەبەستە زیارەت و سەردانێکی داهێنراوە لە ئیسلامدا، بەڵام ئەو کارەی نابێتە شیرك، وە پێی دەرناچێ لە ئیسلام هەر چۆن بە کاری یەکەمیان دەر ئەچێت لە ئیسلام.

❖ هەرکەسێك گومانی وابێت پاڕانەوە لە لای گۆڕەکان گیرایەوەو وەڵام دراوەیە، یان بڵێت پاڕانەوە لەلای گۆڕەکان باشترە وەك پاڕانەوە لە مزگەوتدا، ئەو کارە بە یەکدەنگی زانایان کارێك و گومانێکی خراپە .[2]

١١- نوێژ کردن لەکاتی خۆر هەڵ هاتن و خۆر ئاوابووندا یەکێکن لە هۆکارەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ، لەبەر ئەوەی نوێژ کردن لەو کاتەدا خۆ شوبهاندنە بەو کەسانەی کە سوجدە ئەبەن بۆ خۆر لەو دوو کاتەدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ **لا تحروا بصلاتكم طلوع الشمس ولا غروبها فإنها تطلع بين قرني شيطان** ﴾[1] واتا: مەگەڕێن بەدوای نوێژ کردندا (نوێژ مەکەن) لەو کاتەی کە خۆرهەڵدێت و لەو کاتەی کە ئاوا ئەبێت چونکە خۆر لە نێوان هەردوو شاخی شەیتاندا هەڵدێت ودەرئەکەوێت .

موسڵمانی خۆشەویست کورتەی ئەم باسە ئەوەیە: ئەو هۆکارانەی کەسەر ئەکێشن بۆ شیەریك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار: ئەو هۆکارانەن کە ڕێگەن بۆ هاوەڵ بڕیاردان (شیرکی گەورەن) بۆ خوای پەروەردگار، وە لەو هۆکارانەی کە لێرەدا باس نەکراون : وێنە گرتن و کێشانی، وە جێ بە جێ کردنی نەزر لە شوێنێك کە بتی تێدا پەرستراوە، یان جەژنێك لە جەژنەکانی سەردەمی نەزانی و بێ باوەڕی تێدا ئەنجام درابێت، وە جگە لەم هۆکارانە.[2]

---

[1] **بروانە** : فتاوى ابن تيمية ٢٣٣/١، والبداية والنهاية ١٢٣/١٤.

[2] **بروانە** : الدرر السنية في الأجوبة النجدية ١٦٥/٦-١٧٤.

[1] صحيح مسلم ، كتاب صلاة المسافرين، باب الأوقات التي نهي عن الصلاة فيها ، ٥٦٨/١، برقم ٨٢٨.

[2] **بروانە** : الإرشاد إلى صحيح الاعتقاد، للعلامة الدكتور صالح الفوزان، ص٥٤-٧٠، ١١٣-١٥٢.

## بەشی شەشەم

## جۆرو بەشەکانی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار

### یەکەم : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار دوو جۆرە:

**جۆری یەکەم**: هاوەڵ بڕیاردەرانی گەورە (الشّرك الأكبر) کە هەرکەسێك بڕیاری بدات بۆ خوای پەروەردگار لە دینی ئیسلام پێی دەرئەچێت لەبەر فەرمودەی خوای پەروەردگار کە فەرمویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ ﴾ (النساء: ١١٦) واتا: خوای پەروەردگار لە کەسێك ڕازی نییە و لێی خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار دابێت (وە بەو حاڵەوە مردبێت و تەوبەی نەکردبێت لە کاتێکدا ترسناکی شیرکی بۆ ڕوون کرابێتەوە و بەڵگەی خوای پەروەردگاری بۆ باس کرابێت و بەردەوام بوو بێت لە سەری "أُقيم عليه الحجة"، وە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت کە لە خوار شیرکەوە بێت بۆ ئەو کەسەی کە خۆی ویستی لێیە (لێخۆش بوونی خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك نەگەیشتۆتە ڕادەی شیرك و بێ باوەڕی یان ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە و بێ سزا لێی خۆش دەبێت یان پاش سزاو پاك بوونەوە ڕزگاری دەکات لە ئاگری دۆزەخ لە بەر ئەوەی شیرك و بێ باوەڕی بەرامبەر خوای پەروەردگار ئەنجام نەداوە، ئەمە واتای ئەوەنییە بلێین ڕێگەی تاوانمان بۆ ئاسان دەبێت (بەڵکو گەورەیی خوا بە تەنها ناسین و دوور کەوتنەوە لە شیرك بڕیادانمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە) چونکە موسڵمان گەر تاوانیش بکات بە ترسەوە ئەنجامی ئەدات) وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا " وە هەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات بەڕاستی گومڕاو سەرلێشێواێکی تەواوەو ڕێگەی ڕاستی واز لێهێناوەو نەفسی خۆی بەفیڕۆ داوە لە دونیاو دواڕۆژدا، وە بەختەوەری دونیاو دواڕۆژی لە دەست خۆی داوە.[1]

## هاوەڵ بڕیاردانی گەورە ئەبێت بە چوار بەشەوە:

١. شرك الدّعوة (هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار لە ڕووی پاڕانەوەوە، واتا: هاوارکردن وداوای کۆمەك و یارمەتی و لێ کردن و پاڕانەوە لە غەیری خوا) خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ (العنكبوت: ٦٥) واتا: کاتێك هاوەڵ بڕیاردەران (موشریکین) سواری کەشتی ببونایەو بچونایەتە ناو دەریاو ڕوبارەکان و توشی ڕوداوو مەترسی و دڵە ڕاوکێیەك ببوونایە یەکسەر هاواریان بۆ خوای پەروەردگار ئەکرد وتەنها لەو ئەپاڕانەوە، بەڵام کاتێك خوای پەروەردگار ڕزگاری بکردنایەتە سەر وشکانی و نەجاتیان ببوایە هاوەڵیان بۆ بڕیار ئەدایەوە .

٢. هاوەڵ بڕیاردەران لە نیەت و ویست و مەبەستدا (شرك النية والإرادة والقصد) خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ (هود: ١٥-١٦) واتا : هەرکەسێك لە ژیانی دونیادا تەنها مەبەست و هەوڵ و کۆششی دونیاو جوانیەکانی بێت، ئەوەیە ئێمە لەدونیادا ئاوات ومەبەستەکانی ئەدەینێ _بە ئەندازەی ویستی خۆمان کە بڕیارمان لەسەر داوە نەك بەمەبەست وهەڵپەو هەموو ئاواتەکانی خۆیان _ وە لە دونیادا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەرئەگرن، وە لە دوا ڕۆژدا هیچ پاداشتی چاکەیان نادرێتەوە وە هیچ خۆشی و ئیسراحەتیان بۆ نییە تەنها ئاگری دۆزەخ

---
[1] بڕوانە : تفسير القرآن العظيم للإمام إبن كثير (رحمه الله تعالى)٢/٤١٤) .

نەبێت، وە ئەو کردەوانەی لە دونیادا ئەیان کرد هەمووی پوچەڵە و وەرنەگیراوە لای خوای پەروەردگار چونکە بۆ خوای پەروەردگاریان نەکردوەو مەبەستیان ڕازی بوونی ئەو نەبووە .

٣. هاوەڵ بڕیاردان لە گوێڕایەڵیدا (الشرك في الطاعة): ئەویش گوێڕاڵی کردنی پاپاو قەشە یان هەرکەسێکی تر بێت لەسەر پێچی کردنی خوای پەروەردگاردا (واتا: هەرکەسێك گوێڕایەڵی کەسێك بکات وەك گوێڕایەڵی کردنی خوای پەروەردگارو پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە باوەڕیشی وابێت ئەو کەسەی گوێڕایەڵی ئەکرێت شایستەی فەرمان کردن و شەرع دانانە ئەوە ئەو کەسەی کردووە بە شەریکی خوای پەروەردگار) خوای پەروەردگار فەرمویەتی :﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (التوبة:٣١) واتا: گاورو جولەکەکان زانا و قەشەکانیان کرد بووە پەرستراو جگە لە خوای پەروەردگار ئەیان پەرستن (پاپاو قەشەکانیان حەرامیان بۆ حەلاڵ ئەکردن حەلاڵیشیان لەسەر حەرام ئەکردن ئەوانیش شوێنیان ئەکەوتن ) وە (عیسای کوڕی مریم) یان کردبوو بە خوا، لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەکراوە مەگەر بەوەی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها بپەرستن ، ئەو خوایەی کە تاك و تەنهایەو هیچ پەرستراوێکی حەق و ڕاستەقینە نییە تەنها خۆی نەبێت، پاك و بێگەردی و دوری هەموو کەم و کوڕییەك بۆ ئەو خوایەی کە هاوەڵ بڕیاردەران شەریکی بۆ بڕیار ئەدەن .

٤. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار لە خۆشەویستیدا (شرك المحبة): خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ ﴿١٦٥﴾ ﴾ (البقرة: ١٦٥) واتا: لەناو خەڵکیدا هەیە کە شەریکی بۆ خوای پەروەردگار بڕیارداوە لەوەدا (ئەو کەسە یان ئەو شتەی وەکو خوای پەروەردگار خۆش ئەوێت و بە گەورەی ئەزانێت وەکو خواو زەلیل و مل کەچە بە شێوەی زەلیلی و مل کەچی بۆ خوای پەروەردگار) .

موسڵمانی خۆشەویست کورتەی ئەم باسە ئەوەیە: شیرکی گەورە بریتییە لە کردن و ئەنجامدانی جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستن بۆ غەیری خوای پەروەردگار، وەك پاڕانەوەو هاوار کردن بۆ غەیری خوا، یان سەربڕین بۆ غەیری خوا، یان نەزر کردن بۆ غەیری خوا، یان نزیك بوونەوە لە مردوو جنۆکەو شەیتانەکان بە کردن و ئەنجامدانی جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستن بۆیان، یان ترسان لە مردووەکان گوایە زیانی پێ ئەگەیەنن، یان ڕەجاو ئومێد بوون بە غەیری خوا بۆ جێ بە جێ کردنی پێویستیەکان و لادانی ناخۆشی و ناڕەحەتیەکان لە کاتێکدا تەنها خوای پەروەردگار دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئەو کارەدا، وە جگە لەو پەرستنانەی تر کە نابێت بۆ هیچ کەس و شتێك ئەنجام بدرێت تەنها بۆ خوای پەروەردگار نەبێت .[1]

**جۆری دووەم:** هاوەڵ بڕیاردانی بچوك (الشرك الأصغر) گەر کەسێك ئەنجامی بدات لە ئیسلام پێی دەرناچێت (بەڵام تاوانێکی زۆر گەورەیەو لە ڕیزی تاوانە گەورەکانە)، جۆرێك لە شیرکی بچوك ڕیا کردنە ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ (الكهف: ١١٠) واتا: هەر کەسێك ئومێدی هەیە بگات بە دیداری خوای پەروەردگار (گومانی تێدا نییە هەموومان ئەگەین بە دیداری خوای پەروەردگار ، لێرەدا مەبەست پێی گەیشتنێکی سەربەرزو ڕزگار بووە) با کردەوەی چاکە بکات و هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدات (واتا: ڕیا نەکات لە عیبادەتەکانیدا) .

وە سوێند خواردن بە غەیری خوای پەروەردگار شیرکی بچوکە (تەنها گەر سوێندی پێبخوات بەڵام کاتێك سوێندی پێ دەخوات لە دڵیدا وەکو خوای پەروەردگار لای گەورەو بەڕێز بێت ئەبێتە شیرکی گەورە لێخۆش بوونی نییە مەگەر بە

[1] بڕوانە : كتاب التوحيد للعلامة الفوزان ص١١.

تەوبەكردن )، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك ﴾[1] واتا هەركەسێك سوێند بە غەیری خوای پەروەردگار بخوات ئەوە كوفری كردووە یان هاوەڵی بۆ خوای پەروەردگار بڕیارداوە .

وەهەروەها شیركی بچوكە گەر كەسێك بڵێت: ئەگەر خواو تۆ نەبوایە ئەوها و هام بەسەر ئەهات ، یان بڵێت : خواو تۆ ویستتان وابوو .

وە جۆرێكی تر لە جۆرەكانی شیركی بچوك بریتیە لە شیركی نهێنی وشاراوە : هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ الشرك في هذه الأمة أخفى من دبيب النملة السوداء على صفاة سوداء في ظلمة الليل ﴾[2] واتا : هاوەڵ بڕیاردان لەم ئوممەتەدا شاراوەترە لەبینین و هەست كردن بە شوێن پێی مێرولەیەكی ڕەش لەسەر بەردێكی ڕەش لە شەوێكی تاریكدا وە كەففارەت و سڕینەوەی ئەم تاوانە ئەوەیە موسوڵمان ئەم دوعایە زۆر بخوێنێت: ﴿ اللهم إني أعوذ بك أن أشرك بك شيئًا وأنا أعلم، وأستغفرك من الذنب الذي لا أعلم﴾[3]واتا : ئەی پەروەردگارم پەنات پێدەگرم كە بچوكترین هاوەڵت بۆ بڕیاربدەم و بشزانم، وە پەنات پێدەگرم لەو تاوانەی (شیركەی) كە ئەنجامی بدەم و نەیزانم .

إبن عباس (رضي الله عنه) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (البقرة: ٢٢) فەرمویەتی: ووشەی (أَندَادًا) ئەو شیرك بڕیاردانەیە كە شاراوەترە لە بینین و هەست كردن بە شوێن پێی مێرولەیەكی ڕەش لە سەر بەردێكی ڕەش لە شەوێكی تاریكدا. وەكو كەسێك بڵێت: بەخواو بەیانی فلانە كەس یان بەگیانی خۆم (بەسەری باوكم یان بەگۆڕی باوكم، واتا: سوێند بە غەیری خوا بخوات)، یان كەسێك بڵێت : گەر ئەو سەگە نەبوایە ئەم شەو دز ئەهاتە سەرمان، یان بڵێت: گەر ئەو مراوییە لەماڵەوە نەبوایە ئەم شەو دز ئەهاتە سەرمان، یان هەر شتێك بوترێت و بدرێتە پاڵ ناوی خوای پەروەردگار ئەبێتە جۆرێك لەو شیركە شاراوەیە. یان كەسێك بڵێت: خواو تۆ ویستتان وابوو ئەو كارە بەو شێوەیە بێت ، یان بڵێت : ئەگەر خواو تۆ نەبوایە ئەوها و هام بەسەر ئەهات [1] (یان خواو دكتۆرەكە) .

ئیمامی الترمذي دەفەرموێت: فەرمودەكەی پێغەمبەر (ﷺ) كە فەرمویەتی: ﴿ من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك ﴾[2] لای هەندێ لە زانایان و شارەزایان ( فقد كفر أو أشرك ) وا ڕوون كراوەتەوە كە مەبەست پێی توڕەبوون و دەربڕینی ترسناكی ئەو تاوانەیە نەك پێی موشریك و بێ باوەڕببێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە فەرمودەكەی عبدالله كوڕی ئیمامی عومەرە(رضي الله عنه) كە فەرمویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لە باوكم بوو سوێندی ئەخوارد بەباوكی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ ألا إن الله ينهاكم أن تحلفوا بآبائكم ﴾[1] واتا: ئاگادار بن و بزانن خوای پەروەردگار نەهی و ڕێگری لێ كردون كە سوێند بە باوك و باپیرانتان بخۆن، وە فەرمودەكەی أبو هريرة (رضي الله عنه) كەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەیگێڕێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ من قال في حلفه باللات والعزى فليقل لا إله إلا الله﴾[2] واتا: هەركەسێك سوێندی خوارد بە لات وعوززا با یەكسەر بڵێت "لا إله إلا الله" واتا: گەر سوێندی بە هەر شتێك خوارد جگە لە ناوو سیفاتەكانی خوای پەروەردگار ئەبێتە تاوان و كەففارەتەكەی ووتنی "لا إله إلا الله"یە .

---

(١) رواه الترمذي وحسنه عن ابن عمر رضي الله عنهما ، في كتاب النذور والأيمان ، باب: ما جاء في كراهية الحلف بغير الله، ١١٠/٤، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي ٩٩/٢.

(٢) أخرجه الحكيم الترمذي ، انظر: صحيح الجامع ٢٣٣/٣، وتخريج الطحاوية للأرنؤوط ص٨٣.

(٣) أخرجه الحكيم الترمذي ، وانظر: صحيح الجامع ٢٣٣/٣، ومجموعة التوحيد لمحمد بن عبد الوهاب ، وابن تيمية ص٦.

(١) ذكره ابن كثير في تفسيره ، ٥٦/١، وعزاه إلى ابن أبي حاتم.

(٢) رواه الترمذي وحسنه عن ابن عمر رضي الله عنهم ا، في كتاب النذور والأيمان ، باب: ما جاء في كراهية الحلف بغير الله ، ١١٠/٤، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي ٩٩/٢.

(١) رواه الترمذي عن ابن عمر رضي الله عنهما ، في كتاب النذور والأيمان ، باب: ما جاء في كراهية الحلف بغير الله، ١١٠/٤، وانظر: صحيح الترمذي ٩٢/٢.

(٢) رواه الترمذي عن أبي هريرة في الكتاب والباب المشار إليهما آنفًا ١١٠/٤، وانظر : صحيح الترمذي ٩٢/٢.

وە پێ ئەچێ شیركی شاراوە بچێتە ژێر شیركی بچوكەوە، ئەو شیرك ( هاوەڵ بڕیاردانە) بۆ خوای پەروەردگار ئەبێتە دوو بەشەوە: هاوەڵ بڕیاردەرانی گەورە و هاوەڵ بڕیاردانی بچوك (شرك أكبر وشرك أصغر) هەروەك زانای پایە بەرز إبن القيّم — ڕەحمەتی خوای لێبێت— ئاماژەی بۆ كردووە لە كیتابە بە نرخەكەی (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي، لاپەڕەی ٢٣٣) .

**كورتەی ئەم باسە ئەوەیە : شیركی بچوك ئەبێت بە دوو بەشەوە :**

**بەشی یەكەم: شیركی بچوكی دیارو ئاشكرا، ئەویش ووتەو كردەوەكانن :**

ووتەكان وەكو: سوێند خواردن بە غەیری خوا ، یان كەسێك بڵێت: خواو تۆ ویستتان وابوو ئەو كارە بەو شێوەیە بێت، یان بڵێت: ئەگەر خواو تۆ نەبوایە ئەوها و هام بەسەر ئەهات ، یان بڵێت: ئەوە لەخواو تۆوەوەیە، یان بڵێت: ئەو خێرو بەرەكەتە لە خواو تۆوەوەیە، وە ووتەی لە جۆرانە. جا بۆ ئەوەی موسڵمانی خۆشەویست دوور بیت لە بەكارهێنانی ئەم ووشە شیركیانە باشتر وایە بڵێیت: تەنها بە ویستی خوا بووە، یان بڵێیت: بە ویستی خواو پاشان ویستی تۆ ئەو كارە وابوو یان وانەبوو، یان بڵێیت: گەر خوای گەورە نەبوایە ئەوها و ئەوهام بەسەر ئەهات ، یان بڵێیت : گەر خوای گەورەو پاشان تۆ نەبویتایە ئەوها و ئەوهام بەسەر ئەهات، یان بڵێیت: ئەمە تەنها لەلای خوای پەروەردگارەوەیە، یان بڵێیت: ئەمە لەلای خواو پاشان تۆ وەوەیە .

كردەوەكان وەكو: لەدەست كردنی ئاڵقەو پەڕۆ بۆ لابردنی ناخۆشی وناڕەحەتی یان گێڕانەوەی، وە هەڵواسینی نوشتەو میروو و بەردو یان هەرشتێكی تر لە ترسی چاوەزار یان لە ترسی جنۆكەكان، هە ركەسێك ئەو كارە بكات باوەڕی وابێت ئەو ئاڵقەو پەڕۆو میروو و بەردو یان هەرشتێكی ناخۆشی وناڕەحەتی لا ئەبەن پاش توش بوون پێی یان ناخۆشی وناڕەحەتی ئەگێڕنەوە پێش هاتنی ئەوە شیركی گەورەی بڕیارداوە (كە پێی دەر ئەچێ لە دین)، هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار لە پەروەردگارێتیدا چونكە باوەڕی وایە ئەو كەسە خوای پەروەردگار شەریكی هەیە لە دروست كردن و جێ بە جێ كردنی كارەكانیدا، هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار لە پەرستراوێتیدا چونكە ئەو كەسە دڵی خۆی پەیوەست كردووە بەو شتانەوە بە ئومێدی ئەوەی سودی پێ بگەیەنن، بەڵام ئەگەر ئەوكەسە باوەڕی وابێت تەنها خوای پەروەردگار ناخۆشی وناڕەحەتی لا ئەبات و ئەیگێڕێتەوە، ئەو كارە ئەكات باوەڕی وایە وەكو هۆكارێك تا بەڵاو ناخۆشی وناڕەحەتی لێی دوور بكەوێتەوە، ئەو كەسە هۆكارێكی گرتۆتە بەر نە هۆكارێكی شەرعییەو هۆكارێكی قەدەریە، وە كارێكی حەرامە درۆ كردنە بە شەرع و بە قەدەر: چونكە شەرعی پیرۆز بە توندترین شێوە نەهی و ڕێری لێ كردووە، وە ئەوەی شەرعی پیرۆزیش نەهی و ڕێگری لێ كردووە هۆكارێكی بە سودنین، وە قەدەریشەوە ئەم كارە لەو كارانە نییە تا مەبەستی پێ بێتە دی، وە لەو دەواو دەرمان و چارەسەرانە نییە كە حەڵاڵ و سود بەخش بێت، بەڵكو ئەم كارانە هۆكارن بۆ بڕیاردانی شیرك بۆ خوای پەروەردگار ، چونكە ئەو كەسەی ئەو كارە ئەكات بێ گومان دڵی خۆی پەیوەست كردووە پێیانەوە، كە ئەوەش هۆكارە بۆ هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار .

**جۆری دووەم** لە جۆرەكانی شیركی بچوك: شیركی نهێنی و شاراوەیە، ئەوەش هاوەڵ بڕیاردەرانە لە ویست و نیەت و مەبەستەكاندا، كە ئەبن بە دوو بەشەوە :

**یەكەم** : بریتییە لە ڕیاو سومعە، ڕیا، واتا: دەرخستنی عیبادەت تا خەڵكی ببینن و بە باشە باسی بكەن، جیاوازی نێوان ڕیا و سومعە ئەوەیە: ڕیا دەرخستنی ئەو كردەوانەیە كە ئەبینرێن وەكو: نوێژو خێركردن و حەج و جیهاد و ...، سومعە بریتیە لە دەرخستنی ئەو عیبادەتانەی كە ئەبیسترێن وەكو : قورئان خوێندن و ئامۆژگاری كردن و زیكرو ......، وە كەسێك باسی چاكەكانی خۆی بكات تا خەڵكی بزانن كردەوەی چاكە زۆر ئەكات .

**دووەم** : مەبەستی بە كردنی كردەوەكانی دونیایە، واتا: ئەو كارانەی كە تەنها ئەبێت بۆ خوای پەروەردگار بكرێت ئەو كەسە ئەیكات بەڵام مەبەستی بەدەست هێنانی دونیایە، ئەوەش شیركە لە نیەت و مەبەستەكاندا، ئەم كارەش پێچەوانەی یەكخوا پەرستیەو هەركارێكیش ئەم نیەت و مەبەستەی تێكەڵ ببێت بە تاڵ ئەبێت .[1]

## جیاوازی نێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورەو هاوەڵ بڕیاردانی بچوك

(الفرق بين الشرك الأكبر والأصغر)

| | |
|---|---|
| ١- شیركی گەورە لە ئیسلام پێی دەر ئەچیت . | شیركی بچوك لە ئیسلام پێی دەرناچیت . |
| ٢- شیركی گەورە گەر كەسێك ئەنجامی بدات و پێش مردن تەوبەی لێ نەكات ئەوە بە هەمیشەیی لەدۆزەخدا ئەمێنێتەوە . | بەڵام شیركی بچوك خاوەنەكەی گەر بچێتە نا ئاگریشەوە دەر ئەچێت و بە هەمیشەیی تێیدا نامێنێتەوە . |
| ٣- شیركی گەورە هەرچی كردەوە چاكەكان هەیە هەڵیان ئەوەشێنێتەوە . | بەڵام شیركی بچوك كردەوە چاكەكان هەڵناوەشێنێتەوە ، مەگەر ڕیا یان مەبەستی دونیای دونیای تێكەڵ ببێت ئەو كاتە هەڵی ئەوەشێنێتەوە .[1] |
| ٤- شیركی گەورە خوێن وماڵی پێ حەڵاڵ ئەبێت . | بەڵام شیركی بچوك خوێن و ماڵی پێ حەڵاڵ نابێت. |
| ٥- شیركی گەورە دوژمنایەتی لە نێوان خاوەنەكەی و ئیمانداراندا بەرپا ئەكات ، بۆیە دروست نییە بۆ هیچ ئیماندارێك خۆشەویستی و دۆستایەتی بۆ كەسێكی هاوەڵ بڕیاردەری گەورە هەبێت با نزیك ترین كەسیشی بێت . | شیركی بچوك ڕێگری خۆشەویستی و دۆستایەتی ناكات بە گشتی بەڵكو خاوەنەكەی خۆش ئەویسترێت و دۆستایەتی لە گەڵدا ئەكرێت بە گوێرەی ئیمان و توحیدەكەی، وە رخۆش ناویسترێت و دژایەتی ئەكرێت بە گوێرەی ئەو شیركە بچوكەی كە تێیدایە .[1] |

---

[1] **بروانـه** : القول السديد في مقاصد التوحيد ، للسعدي ، ص٤٣ ، والجواب الكافي لمن سأل عند الدواء الشافي ، لابن القيم، ص٢٤٠ ، وكتاب التوحيد للعلامة الدكتور صالح بن فوزان الفـــوزان ، ص١١-١٢، والإرشاد إلى صحيح الاعتقاد له، ص١٣٤-١٤٣.

[1] **بروانە** : كتاب التوحيد ، للعلامة الدكتور صالح الفوزان ، ص١٢.

[1] **بروانە هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٥ .**

## زیان و شوێنەوارە خراپەكانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

شەریك بۆ خوا بڕیاردان چەندین شوێنەواری خراپ و ترسناك و زیانی لە ناو بەری هەیە، لەو زیانە لەناو بەرانە :

١. ناخۆشی و بەدبەختی دونیاو دواڕۆژ هەمووی بە هۆی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگارو شوێنەوارە خراپەكانیەوەیەتی .

٢. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار گەورەترین هۆكارە بۆ توش بوون بەهەموو تەنگ و چەڵەمەو ناڕەحەتیەكی دونیاو دواڕۆژ .

٣. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار هۆكارە بۆ دروست بونی ترس و بیم و نەمانی هێمنی و ئەمینی لە دونیاو دواڕۆژدا .

٤. كەسی هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوای پەروەردگار كەسێكی سەر لێشێواوە لە دونیاو دواڕۆژدا، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ ﴾ (النساء: ١١٦) واتا: وە هەر كەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات بەڕاستی گومڕاو سەرلێشێواێكی تەواوەو ڕێگەی ڕاستی واز لێهێناوەو نەفسی خۆی بەفیڕۆ داوە لە دونیاو دواڕۆژدا .

٥. هاوەڵ بڕیاردەرانی گەورە (الشرك الأكبر) هەركەسێك بڕیاری بدات بۆ خوای پەروەردگار و پێش مردن تەوبەی لێ نەكات و بەو حاڵەوە بمرێت بە هیچ شێوەیەك خوای پەروەردگار لێی خۆش نابێت ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾ (النساء: ٤٨) واتا: خوای پەروەردگار لە كەسێك ڕازی نییە و لێی خۆش نابێت كە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار دابێت (وە بەو حاڵەوە مردبێت و تەوبەی نەكردبێت لە كاتێكدا ترسناكی شیركی بۆ ڕوون كرابێتەوە و بەڵگەی خوای پەروەردگاری بۆ باس كرابێت و بەردەوام بوو بێت لە سەری "أُقيم عليه الحجة")، وە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت كە لە خوار شیركەوە بێت بۆ ئەو كەسەی كە خۆی ویستی لێیە (لێخۆش بوونی خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك نەگەیشتۆتە ڕادەی شیرك و بێ باوەری یان ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە و بێ سزا لێی خۆش دەبێت یان پاش سزاو پاك بوونەوە ڕزگاری دەكات لە ئاگری دۆزەخ لە بەر ئەوەی شیرك و بێ باوەڕی بەرامبەر خوای پەروەردگار ئەنجام نەداوە، ئەمە واتای ئەوەنییە بڵێین ڕێگەی تاوانمان بۆ ئاسان دەبێت ( بەڵكو گەورەیی خوا بە تەنها ناسین و دوور كەوتنەوە لە شیرك بڕیادانمان بۆ ڕوون دەكاتەوە ( چونكە موسوڵمان گەر تاوانیش بكات بە ترسەوە ئەنجامی ئەدات ) وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا " وە هەر كەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات بەڕاستی درۆیەك و تاوانێكی زۆر گەورەی ئەنجامـــداوە .

٦. شیركی گەورە هەرچی كردەوە چاكەكان هەیە هەڵیان ئەوەشێنێتەوە، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ (الأنعام: ٨٨) واتا: ئەگەر ئەوان (كە مەبەستی پێغەمبەرانە (عليهم الصلاة والسلام) هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدەن هەموو كردەوە چاكەكانیان هەڵئەوەشێتەوە (لە گەڵ ئەوەی كە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) ئەو هەموو كردەوە چاكەیەیان هەیە، ئەی ئەبێت حاڵی كەسانی تر چۆن بێت گەر شەریك بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدەن؟ وە هەروەها خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ (الزمر: ٦٥) واتا: تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر شەریك بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدەیت ئەوە كردەوە چاكەكانت هەڵئەوەشێتەوەو پاداشتی چاكە نادرێیتەوە لەسەریان وە لەو كەسانە ئەبیت كە خەسارەو مەندن .

٧. هەرکەسێك لەو کەسانە بێت کە شیرکی گەورەی تێدا بێت ئەوە ئاگری دۆزەخی بۆ هەیە و بەهەشتی لە سەر حەرامەو ناچێتە ناوێوە، جابری کوڕی عبد الله (رضي الله عنهما) لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: ﴿ من مات لا يشرك بالله شيئًا دخل الجنة، ومن مات يشرك بالله شيئًا دخل النار﴾[1] واتا: هەرکەسێك مردبێت و یان بمرێت و هاوەڵی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدابێت ئەچێتە بەهەشتەوە، وە هەرکەسێك مردبێت و هاوەڵی بۆ خوای پەروەردگار بڕیاردابێت ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە . هەروەها خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ ﴾ (المائدة: ٧٢) واتا: بێ گومان هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات ئەوە خوای پەروەردگار بەهەشتی لەسەر حەرام کردووە و نایکاتە بەهەشتەوە، وە شوێنی ناو ئاگری دۆزەخە، وە کەسانی هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوای پەروەردگار هیچ سەرکەوێنەرو سەرخەرێکیان نیە تا لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات.

٨. شیرکی گەورە گەر کەسێك ئەنجامی بدات و پێش مردن تەوبەی لێ نەکات ئەوە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا ئەمێنێتەوە، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ ﴾ (البينة: ٦) واتا: بێ باوەڕەکان لە ئەهلی کیتاب و (گاورو جولەکە) هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخدان و بە هەمیشەیی تێیدا ئەمێننەوە، ئا ئەوانە (بێ باوەڕەکانی ئەهلی کیتاب و (گاورو جولەکە) هاوەڵ بڕیاردەران خراپ ترین دروست کراوی خوای پەروەردگارن .

٩. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار گەورەترین ستەم و درۆیە، هەروەك خوای پەروەردگار ئامۆژگاری لوقمانی حکیم مان بۆ ئەگێڕێتەوە کاتێك ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکات و دەفەرموێت: ﴿ يَـٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ ﴾ (**لقمان: ١٣**) واتا: ووتی: ئەی کوڕی خۆم هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار مەدە چونکە بەڕاستی شەریك بۆ خوا بڕیاردان زوڵم و ستەمێکی زۆر گەورەیە. وە هەروەها خوای پەروەردگار فەرمویەتی: وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا " وە هەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات بەڕاستی درۆیەك و تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە .

١٠. خوای پەروەردگار و پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بەرین لە موشریکین (هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار)، هەروەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ ﴿٣﴾ ﴾ (**التوبة: ٣**) واتا: ئەمە بانگەوازو ئاگادار کردنەوەیەکە لە لایەن خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) بۆ هەموو خەڵکی لەڕۆژی حەجی گەورەدا: بەڕاستی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەرین لە هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار (المشركين) .

١١. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار گەورەترین هۆکارە بۆ توش بوون بە سزاو توڕەیی خوای پەروەردگار و دووریی لە ڕەحم و بەزەیی، پەنا ئەگرین بە خوای پەروەردگار لە هەموو هۆکارێك کە ئەبێتە مایەی سزاو توڕەیی خوای پەروەردگار .

١٢. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ڕوناکی و پاکێتی (فطرة)ی ئینسانەکان ئەسڕێتەوە، چونکە خوای پەروەردگار مرۆڤەکانی دروست کردووە لەسەر خوا بە تەنها ناسین و گوێڕایەڵی کردنی خۆی، هەروەك فەرمویەتی: ﴿

---

[1] صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب من مات لا يشرك بالله شيئًا دخل الجنة، ومن مات مشركًا دخل النار، ٩٤/١، برقم ٩٣.

﴿ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ **(الروم: ٣٠)** واتا : ئەو پاکی و یەکخوا پەرستیەیە کە خوای پەروەردگار خەڵکی لەسەر دروست کردووە، هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر دروست کراوێکی خوادا نایات و هیچ کەسیش ناتوانێت، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست کە هیچ پێچ و پەناو چەوتیەکی تێدا نییە ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن . وەهەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿ **ما من مولود إلا يولد على الفطرة، فأبواه يهوِّدانه، أو ينصرانه، أو يمجسانه** ﴾[1] واتا: **هیچ مندالێك لە دایك نابێت ئیللا لەسەر پاکێتی و ئیسلامەتی لە دایك ئەبێت، جا دایك و باوکی کاریگەریان ئەبێت بەسەریەوە و ئەیکەن بە جولەکە یان گاور یان ئاگر پەرست (موشریك)، وە لە فەرمودەیەکی قودسیدا پێغەمبەر (ﷺ) لە خوای پەروەردگارەوە ئەیگێڕێتەوە، کە خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿إني خلقت عبادي حنفاء كلهم وإنهم أتتهم الشياطين فاجتالتهم عن دينهم، وحرمت عليهم ما أحللتُ لهم، وأمرتهم أن يشركوا بي ما لم أُنزل به سلطانًا﴾**[1] واتا: من هەموو بەندەکانم لەسەر پاکی و یەکخوا پەرستی دروست کردووە، بەڵام شەیتانەکان دێن و لە دینە پاکەکەیان دوریان ئەخەنەوە، وە ئەو شتانەیان لەسەر حەرام ئەکات کە من بۆیانم حەڵاڵ کردووە، وە فەرمانیان پێ ئەکەن تا هاوەڵ و شەریك بۆ من بڕیار بدەن لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەکم دانەبەزاندووە تا هاوەڵ و شەریك بۆ من بڕیار بدەن .

١٣. **هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار هەرچی ڕەوشتی جوان و بەرز هەیە نایهێڵێت، لەبەر ئەوەی ڕەوشتی بەرزو جوان لە سروشت و پاکێتی هەموو مرۆڤێکە، جا ئەگەر شەریك بۆ خوا بڕیاردان سروشتی پاکێتی مرۆڤەکان بگۆرێت ئەوە بێ گومان هەموو ئەو ڕەوشتە جوان و بەرزانەی لەسەر ئیسلام و پاکێتی دروست ئەبن ناهێڵێت .**

١٤. **هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار عیززەت و سەربەرزی مرۆڤ ناهێڵێت، چونکە کەسی هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار خۆی زەلیل و ژێر دەستەی هەموو تاغوت و پەرستراوەکان کردووە، چونکە باوەڕی وایە هیچ پشت و پەنایەکی نییە جگە لەوان ، بۆیە خۆی زەلیل و ژێر دەستەی شتانێك (بتێك، دارێك، بەردێك) ئەکات نە ئەبیستن و نە ئەبینن و نە عەقڵیشیان هەیە، بۆیە غەیری خوای پەروەردگار ئەپەرستێت و خۆی زەلیل و ژێر دەستەی کردووە کە ئەویش ئەو پەڕی سوکی و زەلیلی و بەدبەختیە، داواکارین لە خوای پەروەردگار بێ ڕێزو ژێر دەستەی هیچ کەس و شتێکمان نەکات .**

١٥. **شیرکی گەورە خوێن و ماڵی پێ حەڵاڵ ئەبێت، لەبەر فەرمودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمویەتی: ﴿ أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدًا رسول الله، ويقيموا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحق الإسلام وحسابهم على الله﴾**[1] واتا : **فەرمانم پێ کراوە (لە لایەن خوای پەروەردگارەوە) کە کوشتاری خەڵکی بکەم تا شایەتی ئەدەن بەوەی کە تەنها خوای پەروەردگار پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەیە و(محمد)یش پێغەمبەرو(ﷺ) ڕەوانەکراوی خوای پەروەردگارە، وە نوێژ بکەن و زەکاتی ماڵەکانیان بدەن، کاتێك ئەو کارانەیان کرد ئەوە خوێن و ماڵیان حەرام ئەبێت لەسەر موسوڵمانان مەگەر بەحەقی ئیسلام (واتا: کەسێك پاشگەز بێتەوە لە ئیسلام یان کەسێك کەسێك بکوژێت بە ناحەق یان پیاوێك و ئافرەتێك زینا بکەن و پیاوەکە ژندار بێت و ئافرەتەکەش شوی کردبێت**

---

[1] متفق عليه من حديث أبي هريرة رضي الله عنه: البخاري ، كتاب الجنائز، باب إذا أسلم الصبي فمات هل يصلى عليه، ١١٩/٢، برقم ١٣٥٨، ومسلم، كتاب القدر ، باب معنى كل مولود يولد على الفطرة، ٢٠٤٧/٤، برقم ٢٦٥٨.

[1] مسلم ، كتاب الجنة ، باب الصفات التي يعرف بها أهل الجنة وأهل النار ، ٢١٩٧/١، برقم ٢٨٦٥.

[1] متفق عليه: البخاري ، كتاب الإيمان ، باب﴿إِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلَاةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ﴾ ١٤/١، برقم ٢٥، ومسلم، كتاب الإيمان ، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله، ٥٣/١، برقم ٢٠.

......هتد، ئەو كاتە حەق و مافی ئیسلامە تۆڵەیان لێ بستێنێتەوە كە كوشتنیانە) وە لێپرسینەوەیان لای خوای پەروەردگارە لە ڕۆژی دواییدا .

١٦. شیركی گەورە دوژمنایەتی لە نێوان خاوەنەكەی و ئیماندارانداا بەرپا ئەكات ، بۆیە دروست نییە بۆ هیچ ئیماندارێك خۆشەویستی و دۆستایەتی بۆ كەسێكی هاوەڵ بڕیاردەری گەورە هەبێت با نزیك ترین كەسیـــشی بێت .

١٧. شیركی بچوك ئیمان لاوازو كەم ئەكات و هۆكارێكە و سەر ئەكێشێت بۆ هاوەڵ بڕیاردانی گەورە بۆ خوای پەروەردگار .

١٨. شیركی شاراوەو نهێنی كە ڕیا كردنە، وە كردنی كردەوە بۆ بەدەست هێنانی دونیا لە كاتێكدا كردەوە چاكەكانی پێ هەڵئەوەشێتەوە، ترسناك ترە لە فیتنەی دەججال، لە بەر گەورەیی و شاراوەیی و ترسناكیەكەی لەسەر ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) .

كەوابو ئەی براو خوشكانی موسوڵمان ئاگاداربن و بترسن لە هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خوای پەروەردگار گەورەو بچوك و نهێنی و ئاشكرا، پەنا ئەگرین بە خوای پەروەردگار لە هاوەڵ بڕیاردەران بۆی ، داواكارین لە خوای پەروەردگار كە سەلامەتی لە شیرك و لێخۆش بون لە تاوانەكان و لەش ساغیمان پێ ببەخشێت لە دونیاو دوارۆژدا، وە هەردوو مامۆستای بەڕێز ﴿ م. شێرزاد عبدالقادر، كە ڕێپیشاندەرو یارمەتیدەرم بوو بۆ وەرگێڕانی ئەم نامیلكەیە، وە م. صلاح الدین عبدالكریم كە هەم یارمەتیدەرو هەم ئەركی پێداچونەوەشی گرتە ئەستۆی خۆی﴾ خوای پەروەردگار پاداشتی بەخێریان بداتەوە و سەربەرزو پایەداریان بكات لە دونیاو دوارۆژدا، آمـــین .

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا(ﷺ) محمد وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن